# یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی

نامەیەکە

دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی

پێشکەشی کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە
لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پرۆفیسۆر - د. ئەورەحمانی حاجی مارف

٢٠٠٠ ز

١٤٢١ ك.

٢٧٠٠ ی کوردی

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە
پێیەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

ناو : د . ئەورەحمانی حاجی مارف
مێژوو : ١ / ١١ / ٢٠٠٠

بەپێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت . ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی وتوویژ و
ـەنگاندن دەکەم

ناو : د. طه هولطیف کریم
سەرۆکی خوێندنی باڵای
بەشی کوردی
مێژوو: ٢ /١٢/ ٢٠٠٠

ئیمەی ئەندامانی لیژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ
ویندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی دی کرد و بڕیارماندا . کە شایانی
وەیە پلەی (             )ی بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێ .

ناو : د. فاروق عومەر صدیق
سەرۆکی لیژنە
مێژوو ٢١/١٢/ ٢٠٠٠

ناو : د. [illegible]
ئەندام :
مێژوو ٢١/١٢/ ٢٠٠٠

د. [illegible]
ندام
وو : ٢١/١٢/ ٢٠٠٠

لایەن ئەنجومەنی کۆلیژی زمانەوە پەسەندکرا

ناو : د. [illegible]
ڕاگری کۆلیژی زمانی
زانکۆی سلێمانی
مێژوو ٢١/١٢/ ٢٠٠٠

# پێشکەشە بە ...

تێکڕا و سەرپاکی ئەو زمانەوانانەی هۆشیارانە و هۆشمەندانە بە زمانە پاراوە ڕەوانەکەیان ، بە تاو و تینی کوردانەیان ، بە دلسۆزی و دلۆڤانی و خەمخۆرییان ، بە توان و تابیشت ، یارا و بەهرە ، کارامەیی و لێهاتووییان پێشڕەو و پێشەنگی کاروان و قافلەی سەروەری و پایەبەرزیی تەلاری بالای زمانی دەلالی کوردی بوون و ، بە زانیاری و زانستی ئێمەیان ئاسوودە و شادمان کردووە و ، بە خزمەت و ڕاژەی لە خۆبوردوویی و جوامێرانەیان زمانەکەمانیان پێش خستووە و شیرینتر کردووە .

دولبەر شالی

# سوپاس و پێزانین


سوپاس و ڕێز و نەوازشتم بۆ :

- مامۆستا و براگەورەم - د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، کە ئەرکی سەرپەرشتی‌کردنی ئەم کارەی گرتە ئەستۆ و بێ‌وچان و دلسۆزانە هەولی لەگەڵ داوم و ، بە سینگێکی فراوان و گیانێکی ماندوونەناسییەوە دێڕ بە دێڕی خوێندووەتەوە و ، گەلێکی بۆ چاککردووم و ڕاستکردووەتەوە ... هیوامە تا دێ هەر سەرکەوتووتر بێت .
- ڕاگر و جێگری ڕاگری کۆلێجی زمان و سەرۆکی بەشی کوردی و سەرجەمی مامۆستایانی بەشەکەمان ، کە ڕاوێژ و چاکە و یارمەتی و هاریکاری وخەمخۆری و سۆزیان لایەنێکی گەورەی بە ئەنجام گەیاندنی ئەم نامەیە بووە .
- خاتوو سۆزان محەمەد عەلیی میهرەبان و دلاوا ، کە بە سۆز وکام و ئارەزووەوە چەند باسێکی دەنگسازی لە ئینگلیزییەوە بۆ کردمە کوردی ... چاکەی هەرگیز لە بیر ناکەم .
- یارمەتی و کۆمەکی زۆر و بێ‌سنووری برایان و مامۆستایان ( یاسین سابیر سالح ) و ( ڕەفیق سالح ) ، کە دەرگای کتێبخانەکانیان بۆ والاکردم و چەندین سەرچاوەیان خستە ژێر دەستم ... خۆم بە قەرزداریان دەزانم .
- پەرۆش و بەتەنگەوە هاتنی فەرمانبەران و کارمەندانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و، کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆ و ، کتێبخانەی بەشی کوردی مایەی شانازی و ستایشە .
- د . جەلال مەجید شەریف ، کە کاریگەرترین و گەورەترین هاندەری خوێندنم بوو ... سەری ڕێز بۆ خۆی و هەلوێستی زانایانەی دادەنەوێنم .
- هێمن شالیی هاوسەری هێژام و منداڵە ئازیز و نازدارەکانم : ( ژاڵە ) و ( ژینە ) و ( سوارە ) ، کە بەردەوام بەتەنگمەوە هاتوون و لە گشت ئالی و لایەنێکەوە کار و ئەرکیان ئاسان کردووم ... بە ئاواتم هەر بەر خوردارین .
- هەر پێنج برا خۆشەویست و دلسۆزەکانم: ( کاکە کەمال شالی ) و ( د. کامەران شالی )و ( هۆگر شالی ) و ( ئازاد شالی ) و ( نەوزاد شالی ) ، کە پشتیوانم بوون و بە تاو و تینی تروسکەی چرایان ڕێگایان بۆ ڕوونکردوومەتەوە ... هیوای تەمەن درێژییان بۆ دەخوازم .

سەرجەمی ئەو هاوڕێ و دەستەخوشکانەی ، لە هاریکاری کردنمدا دریغییان نەکردووە هەموو ئەوانەی ئەگەر بە تەنها وشەیەکیش یارمەتییان دابم .

دولبەر شالی

# ناوەرۆك

لاپەڕە


پێشەکی ........................ ١-٣

بەشی یەکەم : بەسەرکردنەوە و کورتە هەڵسەنگاندنێك .......... ٥-٤٦

تۆفیق وەهبی ل٥ ، تاهیر صادق ل٩ ، تۆفیق وەهبی ل١٣ ، محەمەد ئەمین هەورامانی ل١٤ ، عەلائەددین سەجادی ل١٧ ، مەسعوود محەمەد ل١٩ ، د. جەمال نەبەز ل٢٣ ، ڕەئووف پشدەری ل٢٦ ، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ل٢٧ ، فەیسەڵ مستەفا حاجی ل٢٩ ، لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ل٣٠ ، م.و. ل٣١ ، حەسەنی قزلجی ل٣١ ، ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ل٣٣ ، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ل٣٣ ، محەمەد مەعرووف فەتتاح ل٣٤ ، لیژنەی زمانی کوردی کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد ل٣٥ ، تۆفیق وەهبی ل٣٦ ، د. نەسرین فەخری ل٣٧ ، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ل٣٨ ، تالیب حسین عەلی ل٣٩ ، وریا عومەر ئەمین ل٤١ ، محەمەد مەعرووف فەتتاح ل٤١ ، وریا عومەر ئەمین ل٤٢ ، میدیا ل٤٣ ، محەمەد حسێن عەلی زەهاوی ل٤٣ ، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ل٤٤ ،د. محەمەد مەحوی ل٤٤.

ەشی دووەم : یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی ........ ١١٢-٤٩

ەرنجی چوونە نێو بابەتەوە ........ ٥١-٤٩

ـ وێکچواندنی دەنگ ........ ٥٩-٥٢

ـ تێچوونی دەنگ ........ ٨١-٦٠

ـ پەیدابوونی دەنگ ........ ٨٨-٨٢

ـ دەنگەگۆڕکێ ........ ١٠٥-٨٩

ـ جێگۆڕکێی دەنگ ........ ١٠٩-١٠٦

ـ گونجان و نەگونجانی دەنگ ........ ١١١-١١٠

ەنجامی لێکۆڵینەوەکە ........ ١١٧-١١٤

شانەی نموونەکان ........ ١١٨

ەرچاوە ........ ١٢٤-١٢٠

ورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی (ملخص البحث) ........ ١٢٧-١٢٥

ورتەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی ( Abstract ) ........ I- IV

# پێشەکی

# پێشەکی

چۆن سەرجەمی مرۆڤایەتی لــە ڕووی فسیۆلۆجییەوە چـوون یـەکن و لـە ڕووی کەسایەتییەوە جیاوازن ، بەهەمان چەشـن و شـێوەش هـەموو زمانـانی جیـهان لـە سیما گشتییەکەیاندا وێکدەچن و ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر زمانە خاوەنی تایبەتێتیی خۆیەتی ، کە دەبێتە پێناس و ناسنامەی و لە زمانانی دیکەی جودادەکاتەوە ٠ واتــە هـەر زمانـە یاسـا و دەستووری تایبەتیی خۆی هەیە ٠٠٠ بە گوێرەی ئەو یاسـا و دەسـتوورانە مامەڵـە لەگـەڵ دەنگ و وشە و ڕستەدا دەکات ، ئەویش بەپێی دەســتووری ئـەو زمانـەی ،کـە ئاخـاوتنی پێ‌دەکرێت ٠

بەم چەشنە ئەرکی زماناس دیـاریکردن و ئاشـکراکردنی دەسـتوورەکانی زمانـە ، چونکە زمان خۆی لەسەر سیستەمێکی تایبەتی دەڕوات و گشت یاسا و دەسـتوورەکانی بـە ئامـادەکراوی هەیـــە و بەرجەسـتەیە ٠٠٠تـەنیا پێویسـتیان بـە تیشـك خستنەســەر و ئاشکراکردنی ئەو یاسایانەیە ٠

زمانی کوردی وەك زمـانێکی سـەربەخۆی خـاوەن ناسـنامە ، بـە گوێـرەی یاسـا و تایبەتێتیی خۆی مامەڵە لەگەڵ دەنگ و وشە و ڕستە دەکا. جا بۆیە بە لای ئێمەوە مەرجـە زماناس ئەو توێژینەوانەی بۆ دیـاری کـردن و دەسـت نیشـان کردنـی یاسـا و دەسـتوور و تایبەتێتییەکانی پێناسینی زمانەکەی ئەنجامی دەدا ، لـە نێـو جەرگـە و قووڵـایی خـودی زمانەکـەوە بێـت ٠٠٠ لێرەدا هـەرگیز مەبەسـتمان ئـەوە نییـە بڵێــین ، کــە ســوود لــە لێکۆڵینەوەی زمانانی دیکە وەرنەگرێت ، چونکە ئاشکرایە ، نەك هەر لە زمانـانی خـزم و نێزیکەوە ، بەڵکو تەنانەت لە زمانانی دووریشەوە ، دەشێ کەڵك وەربگیرێ.

هـەر لەبـەر ڕووونـاکی و تیشـکی ئـەم تێڕوانینەوەیـە ، بـەهرە و بەرهــەمی کەڵــە نووسەرانی کوردمان کردووەتە بەڵگـە و نموونـەمان لێوە هێناونەتـەوە ؛ کـەڵکمان لـە ڕا و بۆچوونی توێژەرانی زمانی کوردی وەرگرتووە ، ئاوڕمان لە زمانناسیی گشتی داوەتەوە ٠٠٠

گەرچی لە هەوڵ و کۆششی جۆربەجۆر و هەمەچەشنی توێژەرانی زمانی کوردیدا ناوناوە ، کەم تا زۆر بەپێی توانست و بۆچوونی تایبەتی ئاوڕ لە هەندێ ڕەخ و لایەنی یاسا دەنگییەکانی زمانەکەمان دراوەتەوە و تەقەلای گەلێکیان مایەی شانازی و دەستخۆشی لێکردنە ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ، زۆر ئالی و ڕووی شاراوەی زمانەوانیی ئەو بوار و مەیدانە هەیە ، تا ئێستا پەردەیان لە ڕوو هەڵ نەماڵراوە ، کە پێویست بەوە دەکات کاری سەربەخۆیان لەبارەوە بکرێت ٠٠٠ هەر لەم نیگا و ڕوانگەیەوە ویستوومە بە شێوەیێکی ورد و زانستی لە (( یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی )) بدوێم و تیشك و ڕووناکی بخەمە سەر لایەنە ئاشکرا نەکراوەکانی ٠

هەر ئەمەش وای لێکردم ، نامەکەم بۆ ئەم بابەتە – واتە (( یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی )) تەرخان بکەم و بەپێی توانست لێکۆڵینەوەیێکی سەربەخۆی تیۆرتەسەلی لەسەر ئامادە بکەم ٠

ئەوەی زیاتریش هانیدام و پاڵی پێوەنام ئەم باسە هەڵبژێرم ، واز و حەز و ئارەزووی هەمیشەیی چەند ساڵەی خۆم بوو ، جگە لەوەی یاریدە و هاریکاریی پتەوکردنی بنەماکانی زمانەکەمان دەدات ، وەك ئاشکراشە ، ڕاژە و خزمەتکردنی زمانەکەشمان هیوا و ئاواتی سەرپاکی دڵسۆزانی زمانی کوردییە.

لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی وەسفی و مێژوویی‌یە و کەرەستەکەش بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی خواروو و ژووروی زمانی کوردییە ٠

ناوەرۆکی نامەکە بریتییە لە پێشەکییەك و ، دوو بەش و ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە :

▫ پێشەکی :

بریتییە لە کورتە باسی لێکۆڵینەوکە و هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و ڕێبازی توێژینەوەکە ٠

▫ بەشی یەکەم :

لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا ، بە پێویستمان زانی پێداچوونەوەیێك بۆ کارەکانی پێشوو بنووسین و یەکالایان بکەینەوە و ، هەموو کەموکورتی و خەوشەکانیان نیشان

بدەین و ، بە بۆچوونی خۆمان و کەرەستەی زمانی کوردی و ڕای زانایانی زمان ڕاستیان بکەینەوە . پاش دیاری کردنی کەموکورتی و ، لایەنی چاکی هەر بەرهەمێك کە پەنجەی بۆ درێژکراوە ، بە پێویستمان زانیوە بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆمان کەڵك و سوودیان لێوەربگرین و باسەکەی پێ فراوان و دەوڵەمەند بکەین .

* بەشی دووەم :

بەشی دووەمی ئەم نامەیە لێکداتەوە و لێدوان و ڕوونکردنەوەی دیاردە و تیۆریی سەرجەمی ئەو یاسا دەنگییانەیە، کە لە زمانی کوردیدا بەدی دەکرێن . وەك : ( ١- وێکچواندنی دەنگ ) ؛ ( ٢- تێچوونی دەنگ ) ؛ ( ٣- پەیدابوونی دەنگ) ؛ (٤- دەنگەگۆڕکێ)؛ ( ٥ - جێگۆڕکێی دەنگ) ( ٦ - گونجان و نەگونجانی دەنگ) .

* ئەنجام :

لە ئەنجامدا هەوڵمان داوە وێنەیێکی گشتیی هەموو ئەو ئەنجامانە بکێشین ، کە لە بەشەکانی نامەکەدا باس کراوە و بە چەند خاڵێك تۆمار و ڕوونمان کردووەتەوە .

# بەشی یەکەم

## بەسەرکردنەوە و کورتە هەڵسەنگاندنێک

# بەسەرکردنەوە و کورتە هەڵسەنگاندنێك

هەندێك لە توێژەرانی زمانی کوردی لابەلا و ناڕاستەوخۆ تا ڕادەیێك ئاوڕیان لە بابەتی ((یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی)) داوەتەوە . هەر یەکەیان بە گوێرەی نیاز و مەبەست و پێویستیی باسەکانیان ئاماژەیان بۆ برێك لەو گۆڕانکارییانە کردووە ، کە لە نێو بازنەی دیاردە جۆربەجۆرە (فۆنەتیکی) و (فۆنۆلۆژی)یەکانی زمانەکەماندا بەدی دەکرێ ... هەرچی لێکۆڵینەوەی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆشە لە چەند باسێکی کەم تێناپەڕێ ...

سەرباری هەموو ئەوەش ، زوربەی ئەو نووسەرانەی لەو کێشەیە دواون ، نەك هەر کەم وکورتی و ناتەواویی زۆر لە کارەکانیاندا دەبینرێ ، بەڵکو بەلای گەلێك رووی مەسەلەکەشدا هەر نەچوون ٠٠٠بێگومان ، ئەم باسەش وەك هەموو باسێکی دیکەی زمانی کوردی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی‌یانە و سەربەخۆ هەیە ٠ لە بەجێهێنانی ئەم ئەرك و کارەدا – واتە دوای هەڵسەنگاندن و نرخاندن و بەراوردکردنی ئەوەی هەر لە زووەوە تاکو ئەمڕۆ لەبارەی ئەو کێشەیەوە نووسراوە ؛ چوونە نێو زمانەکە و لێکدانەوە و شوێن کەوتن ، ئەو ڕێگەیەیان بۆ خۆش کردم ، کە ئەوەی دەربارەی دیاردە و یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی ڕاست و زانستییانە نووسراین ، وەربگرم و بچەسپێنم ٠ ئەوەی خەوش و هەڵە و چەوتیشە ڕەتی‌بکەمەوە و وەڵامی بدەمەوە٠

مامۆستا تەوفیق وەهبی لە لاپەڕە ( ٩ – ١٠)ی بەرهەمە ڕێزمانییەکەی ((دەستووری زمانی کوردی )) دا [١] ، کاتێ لە ژێر سەرناوی ( ئیختیسار ) دا لە پێکەوە لکاندنی دوو وشە دەدوێ ، سێ لایەنی دەنگی / ئ/ ی یادداشت کردووە ( ل ٩ – ١٠ ) ٠

(١) تەوفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ ٠

لە یەکەمیاندا وتوویە : (( ئەگەر حەرفی[2] دوای کەلیمەی یەکەم دەنگی و حەرفی یەکەمی کەلیمەی دووەم هەمزە بێ هەندێ جار ئەم هەمزەیە هەڵ ئەگیرێ و حەرەکەکەی ئەدرێ لە دەنگەکەی کەلیمەی یەکەم ؛ وەکو ، سەرێشە لە باتی سەرئێشە : ( ل ٩ –١٠ ) .

لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا / ئ/ دەنگێکی یاریدەدەرە و لە سەرەتای ئەو وشانەوە ، یاخود ئەو بڕگانەوە پەیدا دەبێ ، کە بە بزوێن دەست پێدەکەن ، بۆیە کاتێ دەکەوێتە بارودۆخی ئاساییەوە، تێدەچێ ••• ئەوەتە نەك هەر لە دەیان وشەی لێکدراوی کوردی وەك : ماست + ئاو = ماستاو ؛ گوڵ + ئاو = گوڵاو ؛ زەرد + ئاو = زەرداو ؛ بار + ئاش = باراش ••• دا نامێنێ ، بەڵکو تەنانەت لەو وشانەشدا ، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون ، دەبێتە بزوێن •وەك :

( دائم > دایم )؛ (دائرة> دایەرە ) ؛ (مسألة > مەسەلە ) ؛ ( بئر > بیر ) •••هتد •[3]

بەڵێ شایانی باسە ، کە مامۆستا وەهبی هەر لە زووەوە هەست و دەرکی بەو دیاردەیە کردووە و پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە •

دەربارەی دۆخی دووەمی ئەو دەنگە نووسیویە : (( ئەداتی تەواوی (ئە) هەمیشە ئەنرێ بەدوا حەرفی فیعلەوە کە حەرەکە بێ هەمزەکە ئەگۆڕرێ بە (ت) ، لە ئەمرا لەباتی (ت) ، (ر) بە کەڵك ئەهێنرێ ؛ وەکو ،

ئەچمە   ماڵە وە    لە باتی    ئەچم ئە ماڵە وە

---

(٢) زۆر پێویستە دوو مەفهوومی ( دەنگ ) و ( پیت ) لێك جودابکرێنەوە • دەنگ لە ڕێگای ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕدرێت و بە هۆی بیستنەوە هەستی پێدەکرێ • پیت وێنەی دەنگە ، کە لە نووسیندا بە نیشانە دیاری کراوە و بە هۆی بینینەوە وەردەگیرێ • ئەم دوو مەفهوومە جیاوازە نابێ وەك یەك تەماشا بکرێن و بە یەك شت لە قەڵەم بدرێن •

بەداخەوە ، نەك هەر لە سەردەمی مامۆستا تۆفیق وەهبیدا و ، نەك لە نێو کۆمەڵی ڕووناکبیرانی ئەمڕۆدا ، بەڵکو تەنانەت لە نێو بەشێکی زۆری شارەزایان و پسپۆڕانی ئێستاکەی زمانی کوردیدا ئەو تێکەڵ کردنە دەبینرێ • هەر لەبەر ئەوەشە هەندێ لەوانەی دەربارەی دەنگسازی و ڕێنووس کۆڵیونەتەوە، دەنگ و پیتیان جیانەکردووەتەوە•

(٣) بۆ زانستی زیاتر لەو بارەیەوە ، بڕوانە :

أ- د• ئەورەحمانیحاجی مارف ، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، بەغدا ، ١٩٨٦، ل ٨٢ – ٨٥ •

ب - محەمەد حسێن عەلی زەهاوی ، گیروگرفتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ( نامەی ماجستێر )، بەغدا ، ١٩٩٩ ، ل ٥٠ – ٥١ .

| | | |
|---|---|---|
| چووەتە ماڵە وە | لە باتی | چووە ئە ماڵە وە |
| بچۆرە ماڵە وە | لە باتی | بچۆ ئە ماڵە وە )) (ل١٠) |

گەرچی نووسەر باش بیری بۆ ئەو دیاردەیە چووە ، بەڵام لێکدانەوەکەی هەندێ گران و ئاڵۆزە و خوێنەر بە ئاسانی لە ڕاڤە و مەبەستی تێناگا و تێچوون و گۆڕانی ئەو دەنگەی چاك بۆ ڕوون نابێتەوە •

ئەوجا کە لە دوا بەندا وتوویە :

(( ئەگەر حەرفی دوای کەلیمەی یەکەم حەرەکەی (ە) بێ هەندێ جار وە بەتایبەتی لە ئەداتی تەواوی ( لە ، بە ) دا ئەم (ە) – یە و هەمزەکەی[4] کەلیمەی دووەم هەڵ ئەگیرێن ؛

وەکو ؛

| | | |
|---|---|---|
| حەماغا | لە باتی | حەمە ئاغا |
| لێوە | لە باتی | لە ئێوە |
| بەمانە | لە باتی | بە ئەمانە )) ( ل ١٠) |

لە باری تێچوونی / ە/ و / ئ / کە دەکەونە کۆتایی یەکەم و سەرەتای وشەی دووەمەوە، نووسەر تەنیا ناوی دوو پێشبەند ( پریپۆزیشن )ی (لە) و (بە)ی بردووە، کە لەم گۆڕانکارییەدا بەشداری دەکەن ••• وەك ئاشکرایە ، پێشبەندی دییش هەن لەو جۆرە دیاردانەدا – تێچوون[5] ؛ گۆڕان[6] ؛ کورتکردنەوە[7] ••• کاریگەر بن و کەچی مامۆستا لە یادی کردوون•

تێکڕا ئەو دوو لاپەڕە کەمەی مامۆستا تۆفیق وەهبی لە بارەی ( یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی )یەوە نووسیویێتی ، لەگەڵ هەموو کەم و کورتی و

(٤) بەکارهێنانی وشەی ( هەمزە ) بۆ دەنگی / ئ / ، ئەمیش دیسان تێکەڵ کردنی پیت و دەنگە ••• (هەمزە ) ناوی ئەو پیتەیە ، کە بۆ دەنگی / ئ/ دانراوە ••• ئەم هەڵەیە نەك هەر ساڵی ١٩٢٩ لە مامۆستا تۆفیق وەهبی ڕووی داوە ، بەڵکو ئەمڕۆش زۆربەی زمانەوانانی کورد دووپاتی دەکەنەوە •

(٥) دەربارەی ( تێچوونی دەنگ ) بڕوانە ( بەش دووەم ، ل ٦٠-٨١ )ی ئەم نامەیە •

(٦) لە بەشی دووەمی ئەم نامەیەدا بە دوور و درێژی لە بارەی ( گۆڕانی دەنگ) ەوە دواوین (بڕوانە) : ( ل ٨٩-١٠٥ ) •

(٧) بڕوانە : بەشی دووەمی ئەم نامەیە ( ل ٥٠) ، کە باسی ( کورتکردنەوە ) ی تێداکراوە•

ناتەواوییەکیدا وەك تەجروبە و ئەزموونی یەکەم ، نرخ و بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە •

مامۆستا تۆفیق وەهبی لە نامیلکەی (( خوێندەواری باو ))یشدا لە بارەی دیاردەیێکی دی گرنگی زمانی کوردییەوە دواوە [٨] ، کە ئەویش بەیەکەوە نەهاتنی دوو دەنگی بزوێنە ، کە لەم بارەدا یان یەکێکیان تێدەچێ یان نیمچە بزوێنێك لە نێوانیاندا پەیدا دەبێ ••• ئەوەتە ، نووسەر سەبارەت ئەو باسە نووسیویە و دەڵێ:

(( هەندێ جار دوو بزوێنی دوو ووشە ئەکەونە لای یەکەوە لە ئاخاوتندا یەکێکیان نابێژرێ ؛ ئەم چەشنە ووشانە ئەبێ بەسەریەکەوە بنووسرێن و لە باتی ئەو بزوێنەش کە نابێرژێ نیشانەی . ( ʼ ) دابنرێ بەم جۆرە نوسیارە ئەڵێن (کرتاندن) و بە نیشانەکەی ( ʼ ) ئەڵێن ( کرتێن ) – (Kirteen ) ، ئەمانە هەندێ وێنەن :

chakiyan = chakiy + yan (ewan)
( ل ٣٢ )chakiy = chakiy + y (ew) ))

ڕاستە ، مامۆستا باش بۆ ئەوە چووە ، کە دوو بزوێن پێکەوە نایەن و بۆ پاراستنیان کۆنسۆنانتی [٩] / ی – y / دێتە ناوەوە ••• بەڵام لێرەدا – واتە لەمەڕ ئەم باسە دوو تێبینی دەخەینە ڕوو:

١– نووسەر ڕای خۆی زەوان دەرنەبڕیوە ،بۆیە خوێنەر بە ئاسانی و بێگرێ لە مەبەستی تێناگا •

٢– وەك دەزانین ، لە زمانی کوردیدا وێڕای / ی – y / ، هەروەها (و – w) ش هەمان ئەرك دەبینێ ، بەتایبەتی لە دۆخێکدا ، کە وشەیێك کۆتایی بە بزوێنی / وو / هاتبێ ••• بەڵام نووسەری نامیلکەی (( خوێندەواری باو )) ئەمەی یادداشت نەکردووە •••

ئەوەتە ئەگەر وشەیێك کۆتایی بە بزوێنی / وو / بێت و مۆرفیمێکی بەندی بە بزوێن دەست پێ کردووی بخرێتە سەر ، ئەوە لە نێوان کۆتایی وشەکە و سەرەتای

(٨) تەوفیق وەهبی ، خوێندەواری باو ، بەغدا ، ١٩٣٣، ل٣٢ .

(٩) دوو دەنگی / ی - y / و / و - w / لە زانستی زماندا بە ( نیمچە بزوێن )یش و (کۆنسۆنانت)یش ناودەبرێن •••لەبەر ئەوەی ئێمە پتر لایەنگیری دووەمەکەیانین ، بۆیە لەم نامەیەماندا پتر ( کۆنسۆنانت )ی پێدەڵێین •

مۆرفێمە بەندەکەدا / و – w/ دێتە کایەوە [١٠] ؛ هەروەها بزوێنی ( وو ) ی کۆتایی وشەکە کەمێك لە باری ئاسایی کورتتر دەوترێت ٠ بەوێنە :

mûrû + w + an = mûrûwan

مووروو + / و – w / + ان - موورووان

عومری گەیشتە شەستە ، موورووان ئەکاتە دەستە

( پەندی پێشینان ، ل ٣٠٥)

bazû + w + an = bazûwan

بازوو + / و – w/ + ان - بازووان

بە ئارەقی ناوچەوان

بە قووەتی بازووان

( زێوەر ، ل ٨٢ )

ئەگەرچی ئەو جۆرە کەم وکورتییانە لە نووسراوی ناوبراودا بەدی دەکرێن ، بەڵام ئەمانە لە بایەخی کاری ئەم شاسوارەی زماننasیی کوردی کەم ناکەنەوە ، جگە لەوە کە ئەم بەرهەمە نزیکەی حەفتا ساڵێك لەمەوبەر بڵاوکراوەتەوە ، ئنجا ڕووە باشەکەشی زۆری ناتەواوییەکانی شاردووەتەوە ٠

پاش ئەم بەرهەمانەی مامۆستا تۆفیق وەهبی ، هەرچەندە دەربارەی کێشە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی ژمارەیێك وتار و نامیلکە و کتێب بڵاوکرانەوە ، بەڵام نزیکەی (٣٥) ساڵێك تێپەڕی و شتێکی ئەوتۆ لەبارەی دیاردە دەنگییەکانەوە نەنووسرا ... شایانی باسە ، کە ساڵی ١٩٦٩مامۆستا تاهیر صادق لە کتێبی (( ڕێنووس – چۆنیەتی نووسینی کوردی )) دا [١١] ، بە هەندێ باسی ئەو بوار و مەیدانە سەرلەنوێ دەرگای واڵاکردەوە:

گەرچی ئەم بەرهەمە دەربارەی ( ڕێنووس )ە ، بەڵام پێوەندیی نووسین بە فۆنۆلۆژییەوە ، بووەتە هۆی ئەوەی نووسەرەکەی پەنجە بۆ هەندێ کێشەی یاسا دەنگییەکان ڕابکێشێ . بەوێنە:

---

(١٠ ) لە بەشی دووەمی ئەم نامەیەدا بە بەڵگەی زانستی ، ئەم ڕاییمان سەلماندووە (بڕوانە : ل ٨٤-٨٥) ٠

(١١) تاهیر صادق ، ڕێنووس - چۆنیەتی نوسینی کوردی ، کەرکوك ، ١٩٦٩ ٠

له پەراوێزی لاپەڕە (١١)دا دەڵێ : (( پیتی [١٢] (ح) له کوردیدا زۆر کەم بەکار ئەهێنرێت ئەتوانین لەباتی ئەم پیته ( ه) بەکاربهێنین )).

مامۆستا تاهیر لەوەدا ڕاسته ، که دەنگی / ح / له زمانی کوردیدا کەمه ، بەڵام دەبوو ئەوه لەبەرچاو بگرێ هۆی کەمیی ئەو دەنگه بکرێته ڕێگەی شێواندنی زمانەکەمان ٠٠٠وەك دەزانین ، دەیان وشەی وەك : ( حەماڵ، حەمام ، حەپس ، حەز، حولحولی، حونجه ، حاجی ، حاکم ، حاڵ ، حۆری ، حووت ، حوزەیران ، حەیران ، حەلاو ٠٠٠) ئەگەرچی زۆریشیان بە ڕەگەز کوردی نین ، بەڵام ئەگەر بیانکەین بە ( هەماڵ ، هەمام ، هەپس ، هەز ، هولهولی ، هونجه ، هاجی، هاکم ، هاڵ، هۆری ، هووت ، هوزەیران ، هەلاو ٠٠٠ ) ، ئەوه بە هیچ کەس هەزم ناکرێن... [١٣]

تیبێنییێکی دی ، ئەوەیه نووسەر بۆ ئەم وتانەی هیچ وشەیێکی نەکردووەته نموونه....نەبوونی بەڵگەش لاوازیی لێکۆڵینەوەیه .

مامۆستا له پەراوێزی دووەمی هەمان لاپەڕەدا لەبارەی دەنگەگۆڕکێی / خ > غ/ ەوە دواوه... (ل١١) . هەرچی ئەم دوو دەنگەیه ، وەك /ح/ ، / ه/ نین و به ئاسانی به یەکدی دەگۆڕرێنەوه و ، تەنانەت پێویسته ئەوەش بڵێین ، که له زمانی کوردیدا یەك فۆنێمن . ئەوەته ، چەندین وشەی وەك : خەم ، خونچه ، باخ ، ساخ ، بناخه ، بۆیاخ ... ) دەشێ دەنگی / خ/ یان بکرێ به / غ/ و ماناشیان نەکۆڕێ .

نووسەر دوای چەند لاپەڕەیێك هاتووەته سەر باسی بەیەکتر گۆڕینەوەی دوو دەنگی/ ب/ ،/ و/ ...لەم ڕووەوه نووسیویێتی : (( له زۆر شوێن پیتی(ب)دەکەنەپیتی (و) وەك:( بەسەر . وەسەر ) ، ( بەخوا – وەخوا ) )) ( ل ٢٧ ) .

---

(١٢) لەو شوێنەدا دەبوو بنوسێ ( دەنگ ) ، نەك ( پیت ) ٠٠٠ ئەوەته ئەمیش هەمان هەڵەی نووسەرانی دی کردووه ٠٠٠( بڕوانه : پەراوێزی ژ ٢) ٠

(١٣) ئەمه ئەو ڕاستییه پەردەپۆش ناکات کە لەو لایەنەوه وشەمان هەیه ، بە ئاسانی دەکەونە ژێر باری دەنگەگۆڕکێی ( ح > ه )ەوە وەك

حەق > هەق

حەفته > هەفته

حۆته > هۆته

حەی > هەی

حوشتر> هوشتر

... هتد .

بێتو ئەوەش لەبەرچاو بگرین ، کە ئەمە دیاردەیێکی ڕوون و ئاشکرای زمانی کوردی بێت، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێت ، کە بۆ یەکەم جار مامۆستا تاهیر ئەمەی تۆمار کردووە ... شایانی باسە ، دواتر د جەمال نەبەز لە کتێبی (( زمانی یەکگرتووی کوردی : ( ١٩٧٦) دا [١٤] ، بە باسی تیۆروتەسەلتر و نموونەی وەك ((وەدەست کەوتن . بەدەست کەوتن ؛ وەدیهێنان . بەدی هێنان ... )) ی گونجاوتر و لەبارتر ، گەشەی بەو کارەی پێشوو داوە .

لەگەڵ ئەوەدا ، کە باسی دەنگەگۆرکێی کتێبی (( ڕێنووس – چۆنیەتی نووسینی کوردی))ی جێی پێزانینە ، بەڵام هێندە هەیە ، کە لە زمانی کوردیدا ژمارەیێکی یەکجار زۆر دەنگ بە یەکدی دەگۆڕرێنەوە [١٥] ، کەچی مامۆستا تاهیر تەنیا لە سێ حاڵەتیان داوە و ئەویش بە هەندێ کەم وکورتییەوە *

ئەوەش ، کە پێوەندیی بە تێچوونی دەنگەوە هەبێ ، پتر سەرنجی بۆ سوان و نەمانی/ ت/ و/ دُ/ ڕاکێشاوە :

لەبارەی تێچوونی / ت/ ەوە نووسیویە: : (( ... دەس یاخود دەست ، لە زۆر شوێن پیتی (ت) قووت دەدرێ : ( ل ٢٩ ) ...

سەبارەت / دُ/ ش وتوویە (( دەستاو لە نەژادا دەست . ئاو پیتی ( ئەلف) ی کورت قووت دەدرێ)) ( ل ٢٩) ...

وێڕای ڕاستیی ئەو دەرك و بۆچوونەی مامۆستا ، ڕەنگە خراپ نەبێ گەر چەند سەرنجێك لە بارەیەوە بخەینە پێش چاو :

١- چ /ت/ و چ /دُ/تەنیا لەو بارانەدا تێ‌ناچن و ، بەڵکو لە هەندێ حاڵەتی دیيشدا ناوترێن .

٢- هەردوو دەنگەکە ، جگە لە جغزی یاسای تێچوون ، لە باسی دیيشدا کاریگەرن.

٣ – نەك هەر دەنگی /ت/ و /دُ/ لە دیاردەی تێچووندا دەبینرێن ، بەڵکو چەندین دەنگی کۆنسۆنانت و بزوێن دەکەونە هەمان یاساوە.

( بەڵگەی ئەمانە دەکەوێتە بەشی دووەمی نامەکەوە )

---

(١٤) د . جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ، ، ١٩٧٦، ل ٥٦-٥٧ .

(١٥) سەبارەت باسی بەیەکدی گۆڕینەوەی دەنگ- واتە ( دەنگەگۆرکێ ) ، ( بڕوانە بەشی دووەمی ئەم نامەیە، ل ٨٩-١٠٥) .

لەلاپەرە (٣٦)ی ئەم بەرهەمەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕاکێشراوە ، کە لە هەندێ ناوچەی کوردەواریدا : دەنگی /ح/ دەکەنە دەنگی /ع/ و بە پێچەوانەشەوە دەنگی /ع/ وەك/ح/دەوترێ و ئەم وشانەشی بۆ کردووەتە نموونە : (حسن – عسن) ؛ (حمد –عمد ) ؛ ( عبدالله – حبد الله ) )).

دوا باسی کتێبی ناوبراو ، دیاردەی بوونی نیشانەی ( دە )ی کاتی ڕانەبوردوو و ڕابوردووی بەردەوامە بە ( ئە ) و لەم ڕووەوە هەندێ سەرنج و تێبینی یادداشت کردووە و ئەوجا وتوویە : (( زۆر جێگا لە باتی ( ئە ) دەنگی ( دە ) بەکاردەهێنن وەك (( ئەڕۆم – دەڕۆم )؛( ئەزانم – دەزانم )؛( ئەچێ – دەچێ) ))( ل ٤١)

لێدوانی نووسەر لەو لایەنە دەنگییە جێی ستایشە ، بەڵام ئەمە ڕێ لەوە ناگرێ ، کە هەڵەیێکی گەورەی ئەم باسەی بخەینە ڕوو : باش وابوو ، بە پێچەوانەوە بڵێ : ( لە هەندێ جێگا لە باتی ((دە)) دەنگی ((ئە)) بەکار دەهێنن )، نەك ئەو وتەنی: (( لەباتی (ئە) دەنگی (دە) بەکاردێنن )... چونکە وەك ئاشکرایە نووسەران و زمانەوانانی کورد و ، بەتایبەتی مامۆستا تۆفیق وەهبی[16] و د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف[17] و... ساغیان کردووەتەوە (دە) ئەسڵە و گۆڕراوە بە (ئە)... سەرباری ئەوە ، بەڵگەی مێژوویی پشتیوانی تەواو لە بۆچوونی زانایانی ناوبراو دەکەن[18] .

---

(١٦) تۆفیق وەهبی، ئەسڵی پیتە قاڵبی ((ئە))ی شێوەی سلێمانی ، ((گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)) ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٣، ل ٩-٣٤.

(١٧) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا ، بەغدا ،...٢.

(١٨) سێ کەڵە شاعیری زمانی ئەدەبیی سلێمانی ـ نالی و سالم و کوردی ـ کە لە یەکەم چارییەکی سەدەی (١٩)یەمدا لە حوجرەکانی سلێمانیدا خوێندوویانە،لە شیعرەکانیاندا قاڵبی (دە)یان بەکارهێناوە ، نەك ( ئە).

ئەگەر بۆ دەست نیشان کردن و ڕوونکردنەوەی پلە و قۆناغەکانی گۆڕانی (دە) بە (ئە) گەشتێك بە دیوانی شاعیرانی کۆن و نوێی ناوچەی سلێمانیدا بکەین ، ئەوە دەبینین ، لە زوودا قاڵبی (دە) بەکارهاتووە و دوایی بووە بە (ئە). بەوێنە لە تێکڕای شیعرەکانی نالی و شاعیرانی دیی سەردەمی ئەودا وێنەی (ئە) لە یەك دوو حاڵەت بەولاوە نابینرێ... بەڵام ئەگەر بەرەو پێش بێین ، ئەوە دەتوانین ڕەوڕەوەی ئەو گۆڕانە دیاری بکەین. بۆ نموونە ، لە شیعرەکانی مەحویدا هەرچەندە بە زۆری (دە) بەکارهاتووە ، بەڵام تاکەتاکەیەك شێوەی (ئە)ش دەبینرێ. زێوەر ، کە ماوەیێك بە دوای مەحویدا هاتووە ، بە پێچەوانەوە بە زۆری (ئە)ی بەکارهێناوە و دەنکە دەنکەیەکیش (دە)ی وتووە... بێکەس کە کەمێك پاش زێوەر کەوتووە ، تێکڕا (ئە)ی وتووە و بە هیچ چەشنێك=

ئەوەتە هەر بەو بۆنەیەوە و دەربارەی هەمان باس ، مامۆستا تۆفیق وەهبی لە بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ((گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ))دا بە نێوی (( ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی ))یەوە وتارێکی بڵاوکردەوە [19] و تێیدا بە دوور و درێژی و بە بەڵگەی زانستی لە بارەی ئەرك و دەورو گۆڕانی (دە) بە (ئە) دواوە.

نووسەر بۆ چوونە نێو باسەکەیەوە ، لە سەرەتادا دەربارەی هەندێ لێکۆڵینەوەکانی ئەو بوارە دواوە و ، بە تایبەت لە کاری : ك . بار و د. مەکەنزی. بەدوا ئەمەدا لەژێر سەرناوی (( (ئە)ی پیتە قاڵبی سلێمانی دیارە کە لە (دە)وە گۆڕاوە)) ( ل ٢١) لەسەر چوار بنەما :

١- بەڵگەی زمانی ( ل ٢١)
٢- گەواهی خۆم ( ل٢٢)
٣- گەواهی مامۆستا سعید صدقی خودا لێ‌خۆشبوو ( ل٢٣.٢٢)
٤- بەڵگەی تاریخی ( ل ٢٣) )) لێکۆڵینەوەکەی دامەزراندووە.

لە دوا باسیشدا (( باوەڕی خۆم لە بارەی ئەسڵی پیتە قاڵبی (دە) و (ئە)وە )) ( ل٢٩.٢٣ )دا گەشتێك بە زمانی ئاوێستا و فارسی کۆن ونوێ و چەند شێوەییێکی کوردیدا دەکا... بۆ پتر پتەوکردنی ڕا و بۆچوونەکانیشی گەردان کردنی چەند کردارێك دەکاتە نموومە و پاڵپشت... لە کۆتاییشدا دەڵێ : (( (د)ی کلۆر دەبێ بەجارێ بکرێتە دەرەوە لە زمانە ئەدەبیەکەمان ؛ وە لەو جێ‌یانەشدا کە (د)ە کلۆرەکان کەوتوون ، یان گۆڕاون بە دەنگێکی تر، (د)ی پتەو بخرێتەوە کار)) (ل٣١).

ڕەنگە زێدە ڕۆیی نەبێ ، گەر بڵێین ، ئەم وتارە شاکارە ، لەگەڵ هەموو کەرەستەی دەوڵەمەند و لێکۆڵینەوەی بە پێزیدا ، خەوشی دیاری لێ بەدی دەکرێ • چەند نموونەیێك:

---

= لە شیعرەکانیدا (دە) نابینرێ •

تاکو ئەمڕۆش لە ناوچەی سۆران و موکریان ، کە سەر بە دیالێکتی خوارووی زمانی کوردین ، هەر (دە) دەوترێ ، نەك (ئە).

لە سەرپاکی بەشە دیالێکتەکانی کرمانجیی ژووروودا هێشتا هیچ گۆڕانێك بەسەر ئەو /د/ اندا نەهاتووە.

(١٩) بڕوانە پەراوێزی ژ ١٦ .

١- جیاوازیی نێوان پیت و دەنگ نەکراوە.

٢- هەندێ حاڵەتی ڕێزمانیی ئەوتۆی تێدا باس کراوە ، کە بە هیچ چەشنێك پێوەندی بە باسی (دە) و (ئە)وە نییە • بەوێنە ، وەك باسی: کرداری داخوازی و ئیلزامی و ئەرێتی و نەرێتیی...

٣- هێنانە ناوانی دیاردەی پەیدابوونی کۆنسۆنانتی / ی -y / لە نێوان دوو بزوێندا.

٤- چوونەسەر هەندێ کێشەی وشەسازی ، بەتایبەتی بوونی جێناوی ((ئەن)) لە زووی ناوچەی سلێمانیدا ، کە لەگەڵ مەبەستی سەرەکیی وتارەکەدا نێوانیان ((ئاسمان و ڕێسمان))ە.

مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (( سەرەتاییێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی ))دا [٢٠] ، نزیکەی (٣٠) لاپەڕەی بۆ باسی ( دەنگسازی ) تەرخانکردووە • گەرچی لەم بەشدا لە بەشێکی زۆری کێشەکانی (فۆنەتیك) و (فۆنۆلۆژی) دواوە ، بەڵام لێرەدا تەنیا ئەوانەیان هەڵدەسەنگێنین ، کە پێوەندییان بە بابەتی ئەم نامەیەی ئێمەوە هەیە.

بەوێنە لە پەراوێزێکی درێژی لاپەڕە ( ٧٢.٦٩ )دا ئەو ئاڵوگۆڕی دەنگانەی یادداشت کردووە ، کە لە زارێکەوە بۆ زارێکی دی ڕوودەدەن. وەك : گۆڕینی دەنگی / و / بە/ م/، یان بە/ڤ/... بۆ ئەمەش وشەی (ناو)ی لە زاری کرمانجیی خوارووداهێناوەتەوە و ، وتوویە کە لە هەورامانیدا دەبێتە ( نامێ) و لە کرمانجیی ژووروشدا ( ناڤ )...

لە لاپەڕە (٨٥)دا بۆ بوونی دەنگی (ب)ی سلێمانی بە (و) لە هەورامانیدا ، نووسیویە : (( (بەو قورئانە ) لە زاری سلێمانیدا بەڵام دەنگی / ب/ دەگۆڕێ بۆ دەنگی / و / لە زاری هەورامانی دەبێتە (وەو قورئانە ) )) .

بەهەمان شێوە ژمارەیێك دەنگی دی دیاری کردووە ، کە لە نێوانیاندا بە یەکدی گۆڕینەوەی دەنگ ڕوودەدات.

لاریمان لەوە نییە ، کە ئەم باسە کارێکی باشە، بەڵام بە پێویستی دەزانین دوو تێبینی لەبارەیەوە بخەینە ڕوو:

---

(٢٠) محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرەتاییێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی ،بەغدا ، ١٩٧٤ .

١- وێڕای ئەو دەنگانەی مامۆستا باسی کردوون ، لە زارەکانی کوردیدا چەندین دەنگی دییش هەن، کە بەتایبەت بەشێکیان لەو یاسایەدا زۆر دیار و ئاشکران ، کەچی نە ناویان براوە و نە باسیان کراوە.[٢١]

٢- وا زانستیانەتر دەبوو، ئەو بەیەکدی گۆڕینەوەی دەنگانە ، کە لە چەند شوێنێکی جیاوزدا و هەر جارەش بە نێوی باسێکی دییەوە لێیان دواوە ، کۆبکرانایەوە و لە ژێر سەرناوی (دەنگەگۆڕکێ)دا ڕیزبکرانایە.

نووسەر لە لاپەڕە (٨٤)دا لەژێر سەرباسی (( دەنگی نەماو ( سواو ) ، یاخود گۆڕاو))دا هەندێ زانیاریی باشی تۆمارکردووە • بەوێنە ، ئەوەتە دەڵێ : (( هەندێ جار ، ڕێك دەکەوەێ ،کە لە ووشەیەك د ا یاخود لە فرێزێدا دەنگێك وون ببێ یا بگۆڕێت بە دەنگێکیتر ، بە هۆی ئەو دەنگەوە لە پێش یەوە یا لە پاش یەوە دێت ، یاخود بە هۆی بەسەرچوونی دێرزەمانێك بەسەر یەکگرتنی دوو وشەدا ))...

لێرەدا نووسەر کە مەبەستی دوو یاسای ( تێچوونی دەنگ ) و (دەنگەگۆڕکێ)یە و نموونەکەشی وشەی ( هاتۆتەوە ) بە زاری سلێمانی بوونی دەنگی /و/ بە /گ/ لە ناوچەی شارەزووردا - ( هاتگەسۆ )یە... بە ئاسانی هەست بەوە دەکرێ:

١- دوو یاسای دەنگی تێکەڵ بە یەکدی کردووە.

٢- بۆ دوو دیاردەی وا بەرفروان ، هێنانەوەی تاکە وشەیێك یەکجار کەمە.

لە لاپەڕە (٨٥)ی هەمان سەرچاوەدا ، نووسەر دەڵێ : (( هەندێ وشە یاخود زاراوە هەن کە بە هەموو دەنگەکانییەوە دەنووسرێن ، بەڵام لە گۆکردندا ، دەنگێك یاخود چەند دەنگێك گۆناکرێن یاخود ، وێنەی دەنگی نووسراوە ، بەڵام گۆکەی بە جۆرێکی کە دەبێت ))و ئەمەشی هەر خستووەتە نێو باسی ((دەنگی نەماو ( سڕراو ) یاخود گۆڕراو ))ەوە.

مامۆستا هەورامانی وەك هەندێ لە پسپۆڕانی دی زمانی کوردی ، یاسا دەنگییەکانی بەسەر سێ جۆردا دابەش کردووە : (( ١. دەنگ گۆڕکێ ٢. دەنگی نەماو ( سڕراو ) یاخود (گۆڕراو ). ٣. قرتاندنی ئەو دەنگانەی پاشەوەی ووشە )).

دەربارەی باسی یەکەم و دووەمی کەمێ دواوین... ئێستاش دێینە سەر خاڵی سێیەمی . واتە : (( ٣. واتە قرتاندنی ئەو دەنگانەی پاشەوەی ووشە )) ، کە ئەم

---

(٢١) بڕوانە : باسی (( دەنگەگۆڕکێ )) ی ئەم نامەیە ( ل ٨٩-١٠٥ ) .

وشانەی خوارەوەی بۆ کردووەتە نموونە : (( (داردەست) ، (منداڵ) ، (پەسند) ، (بەنداو) ئەمانە بە نووسین لە زاری سۆرانیدا بەڵام بە پێی گۆکردن دەبن بە (داردەس) ، (مناڵ) ، (پەسن) ،(بەناو). لێرەدا دەنگی/ ت/ و دەنگی /د/ قرتاوە یان دەڵێن فەوتاوە )) (ل ٨٦) و هۆی ئەم تێچوونەش دەگێڕێتەوە بۆ سروشتی زمانەکە ، کە لە بارەیەوە دەڵێ :( واتا لە زمانی کوردیدا باوە ، کە دوا دەنگی ووشە ئەگەر لە دەنگە کەم دەنگەکانی بێ دەنگی نابێ و (گۆناکرێ) وە بەتایبەتی دوو دەنگی کەم دەنگ، لە دوای وشەوە ، کەوتنە شوێن یەکەوە ، وەختی واش هەیە دەنگ قووت ئەدرێ. ئەگەر لەگەڵ ئەوەی دواوە دژ بە یەکتری لە دروست بوون و دەرچوون دا دوور بن لە یەکتریەوە : ( ل٨٧).

هەرچەندە ڕا و بۆچوونەکەی مامۆستا محەمەد ئەمین ڕاست و دروستە ، بەڵام لە دەربڕینەکەیدا پچێك ئاڵۆزی و تێکەڵی هەیە... سەرباری ئەوە لەو ژمارە زۆرە دەنگەی بەر یاسای تێچوون دەکەون ؛ تەنیا ناوی دوانیان. واتە هەر / ت/ و / د/ ی بردووە .

هەر لەو لاپەڕەیەدا لەو وشە لێکدراوانەش دواوە ، کە لە کۆنەوە ڕۆنراون و بوونەتە یەك وشە... ئەوجا پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێ ، کە تاکە تاکەی وشەکان مانای سەربەخۆ و جودا دەگەیەنن و، بەڵام بە لێکدراوی مانایان دەگۆڕدرێ... نموونەی بۆ ئەم باسەشی دوو وشەی (مریشك) و (مراوی)ین و لە بارەیانەوە دەڵێ : ((لە سەرەتادا بریتی بوون لە ووشەی (مر. وشك) ، (مر. ئاوی) )) (ل ٨٧).

ئەگەرچی بۆچوونەکەی مامۆستا تەواوە ، بەڵام باش وابوو، دیاردەی ئەم کارەشی باس بکردایە و نیشانی بدایە چی بەسەر دەنگەکاندا هاتووە. واتە چ دەنگێك تێچووە و ، کام دەنگ گۆڕراوە بە کام دەنگ.

بەپێی زانیانی ئێمە لە وشەی (مر. وشك)دا دەنگی /د/ بووە بە /ی/ . لە وشەی (مر. ئاوی) یشدا دەنگی / ئ/ تێچووە.

ئەمانە و چەند باسێکی دی لە کتێبی ناوبراوی مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانیدا بەدی دەکرێ... لەگەڵ ئەوەشدا ، کە ئاڵۆزی و تێکەڵ کردنی یاساکان و باس نەکردنی گەڵێ دیاردەی ئاشکرا و گرنگ ... بوونەتە کەم و کورتی و ناتەواویی ئەو لێکۆڵینەوەیە ، بەڵام بە گشتی کارێکی چاکە و بۆ یەکەم جارە لە سەرچاوەیێکی وەهادا ، هەندێ بابەتی ئەوتۆی دەنگسازی بخرێتە پێش چاو ، کە زووتر زمانەوانانی دی بەلایاندا نەچووبن ...

لە ژمارە (١٨)ی (( گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات))دا بە نێوی ((ووتن و نووسین))ەوە وتارێکی مامۆستا عەلائەددین سەجادی بڵاوکراوەتەوە .[٢٢] نووسەر هەر لە سەرەتاوە وتوویە : ((ووشە لە هەر زمانێکدا کە تۆ بێگری گەلێ گۆڕان و بەسەرهاتی بەسەردا هاتووە. ووشەی وا هەیە بە هۆی ئەو بەسەرهاتانەوە کە هاتوون بە سەری دا ڕەگەکەی ماوەتەوە ، ووشەی وا هەیە قرتێنراوە ، ووشەی وا هەیە ترنجراوەتە پاڵ ووشەیێکی تر و بە هەردوکیانەوە وشەیێکی تریان دروست کردووە )) ( ل١٦).

لە بەردەوامیدا بۆ پێ سەلماندنی ئەو گۆڕانکارییانە و ئەو وتانەی چەند نموونەیێك دێنێتەوە و بەم شێوەیە لە بارەیانەوە دەدوێ : (( وەك : وشەی ( لە بازاڕا، ئەڕوا )... هتد. ئەمانە هەموو لە بناغەدا بەم شێوەیە بوون : (( لە بازاڕدا ، دەڕوات )). بۆ تەواو سەلماندنی ئەم گۆڕانکاریەی کە بەسەر ووشەدا هاتووە هەندێ نموونە ڕوون دەیکەینەوە دەیخەینە ڕوو وەك ووشەی ( لە شارا ، ئەخوا، بر ، خولە ، بلە ). ئەمانە لە بناغەدا ئەم ووشانە بوون : ( لە شاردا ، دەخوات ، بردن ، مەحموود، ئیبراهیم) )) .

نووسەر زانیاریییێکی باش و ڕاستی تۆمارکردووە سەبارەت ئەو گۆڕانانەی بەسەر وشەدا هاتووە. بۆ پتەوکردنی هزر و ڕایشی تا ڕادەیێك نموونەی لەباری هێناوەتەوە و بنج و بناوانیانی نیشان داوە و چۆنێتیی وتنی ئەمڕۆشیانی خستووەتە ڕوو...

بەڵێ ڕۆژانە چەندین وشەی کوردیی ئەوتۆ دێنە سەر زارمان ، یان دەکەوێتە بەر گوێمان ، کە گەلێ گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ... بەڵام مامۆستا سەجادی لەگەڵ ئەوەشدا ، کە لای لە دیاردەیێکی بایەخداری دەنگیی زمانەکەمان کردووەتەوە ، بەڵام ئاوڕدانەوەیێکی لاوەکییە و نەیکردووەتە باس و بابەتێکی تایبەتی و سەربەخۆ و ، هەروەها بە کورتی و خێرایی بەسەریدا تێپەڕیوە.

پاشان نووسەر ئەو دیاردە دەنگییانە بە کێشەی نووسینەوە دەبەستێتەوە و دەڵێ : (( دوو باوەڕ هەیە وەیا پەیدادەبێ دەربارەی جۆری نووسینی ووشەوە وەکو بناغە ئەسڵییەکەی خۆیان بیاننووسین، یاوەکو بەو چەشنەی دەوترێن و بەسەر

(٢٢) عەلائەددین سەجادی، ووتن و نووسین،(( گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات)) ، ژ ١٨ ،بەغدا ،١٩٧٤، ل ١٦- ٦٧ .

زارەوەن ؟ )) ... لەمەڕ ئەم دوو لایەنیەیە ڕای خۆی دەردەبڕێ : (( دەنگەکە چۆن لە زار دێتە دەرەوە و ووشەکە وێنە و نیشانەی ئەو دەنگەیە. ئەو ووشەیە هەر دەبێ بەو جۆرە بنووسرێ ئەگەر پیت لە بەرانبەری دەنگەکەوە هەبوو . لە وێنەکانی سەرەوەدا دەبێ چۆن دەوترێن هەر بەو جۆرە بنووسرێن ؛ دەبێ بنووسرێ (( ڕێ باز )) نەوەك (ڕێگەباز ). بنووسرێ ( لە بازاڕا ) نەوەك ( لە بازاڕدا )... هتد : ( ل ٦٢.٦٣).

دواتر دێتە سەر باسی چۆنێتیی نووسینی ئەو وشانەی کە تێیاندا دەنگی (گ) بە دوا (ن)دا دێت. لەم بارەیەوە وتوویە : (( ئەو جۆرە دەنگ و تیپە کە ئێستە لە دەنگی زمانەکەماندا هەیە کەچی بە تیپێکی تر دەنووسرێ . وەکو لە کاتێکدا لە دەنگی بەرامبەری تیپی ( ن ) و ( گ ) بەو دوو تیپە دەنووسرێ کەچی دەنگەکە و تەنانەت خوێندەنەوەکەش جۆرێکی جیایە . وەکو ( هەنگ ، مانگ ، دەنگ ) )) ( ل ٦٥ – ٦٦).

ئەگەرچی ئەو لێدوانانەی مامۆستا عەلائەددین دیاردە دەنگییەکانیش دەگرێتەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی پتر بە لای نووسین و ڕێنووسدا دەیبات و ڕای خۆی لەو بارەیەوە دەردەبڕێ، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرنج و تێبینیمان لەمەڕ پێشنیازەکانی مامۆستا زۆرن ، بە پێویستی نازانین لێرەدا بە دوور و درێژی وەڵامی بدەینەوە... جا جارێ هەر هێندە دەڵێین ، ڕای بە باش زانینی نووسینی وشە بەو شێوە و چەشنەی بەدەمدا دێ ؛ بیرنەکردنەوەیە لە ئاکام ... بە لای ئێمەوە ، ڕاست نییە ، ئەو جۆرە وشانە لەسەر بناغەی وتن بنووسرێن ، بەڵکو لە نووسیندا چاك وایە شێوەی پێکهاتنیان ڕەچاو بکرێ و ئەو پەڕاندن و ونبوون و تێکەڵاو بوونە ڕەنگ نەداتەوە... نە شێواندنی بناغەی وشە لە مەسەلەی ڕێنووسدا زۆر گرنگە [٢٣] ... دووریش نییە ، گەر تەنیا باری بەدەمدا هاتنی وشە لەبەر چاو بگیرێ ، ئەوە لە دواڕۆژدا بنج و بناوانی سەدان وشە لەبیر بچنەوە ... سەرباری هەموو ئەمانەش ، پەیڕەوی کردنی ئەو پێشنیازەی مامۆستا سەجادی زیان بە زمانی ئەدەبی دەگەیەنێ ، چونکە هەرچی ئەوەی وتوویە ، سەرپاکی دیاردەی ناوچەییە.

---

(٢٣) بۆ تەواو ڕوونکردنەوەی ئەم باسە و ڕەت کردنەوەی ئەم ڕایە ، بڕوانە : پەراوێزی ( ٣ )
أ ـ د. ئەورەحمان . ل ١١٤ـ ١١٦ ؛ ب ـ محەمەد زەهاوی ل ٤٠ - ٤٢ .

بەپێی سەرناو ، وتاری (( ووتن و نووسین )) دەبوو گەلێ لایەنی دیاردە دەنگییەکان و چۆنێتیی نووسینیان بگرێتەوە ، بەڵام لە تاووتوێ کردنیدا زوو دەردەکەوێ ، کە تەنیا چەند حاڵەتێکی یەکجار کەم باس کراوە و بە لای زوربەی زۆری ئەو کێشانەدا نەچووە ...

دەربارەی هەندێ تایبەتێتی و خاسیەتی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی ، لە وتاری (( فۆنەتیك چیمان بۆ بکا ؟ ))ی مامۆستا مەسعوود محەمەددا (٢٤) چاومان بە ژمارەیێك نموونەی ورد و زانستی دەکەوێ ٠ نووسەر لەم وتارەدا بە گشتی لە تایبەتێکانی دەنگسازیی کوردی دواوە و بەتایبەتی سەبارەت حەز لەیەکتر کردن و لە یەکتر دژ بوونی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردی کۆڵیوەتەوە . واتە لە سروشتی دەنگەکانی ئاوخاتنی کوردی لە ڕووی گونجان و نەگونجانیانەوە لەگەڵ یەکتردا دواوە... دوای باسێکی تەواوی کێشەی دەنگسازیی زمانی کوردی ، ئەوجا لە ئەنجامدا بۆ خزمایەتی و دژایەتیی ناوخۆیی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردی چوار پلەی دەست نیشان کردووە :

(( ١- گونجانی تەواو

٢- گونجان

٣- نەگونجان

٤- دژایەتی )).

بۆ ئەم باسەشی نموونەی زۆری ڕاست و لەباری هێناوەتەوە ٠٠٠ بە ڕای ئێمە ، باسی ئەو تایبەتییانەی مامۆستا مەسعوود ، لە ئەنجامی لێکدانەوە و بۆچوونی تایبەتی خۆیدا هەستی پێیان کردووە، لە باسی دەنگسازیی کوردیدا کارێکی چاکە .

نووسەری وتار لە سەرەتادا باسی سروشتی یەکێك لە دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردی لە ڕووی گونجانێوە لەگەڵ دەنگەکانی دیدا دەکات و دەڵێ : (( بەنموونە ، دەنگی (ر)ی لاواز بکەین بە دۆخی لێکۆڵینەوە سەیرێکی جۆری دەربڕینی دەنگی (ر) بکە٠لەم ووشانەی خوارەوەدا:( کەرت ، کورت ، مارت ، زمانگرت ) ؛ ( گەرد ،

---

(٢٤) مەسعوود محەمەد ، فۆنەتیك چیمان بۆ بکا ؟ ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد )) ، ب٣، ژ٢١ بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٥٦٨- ٦٢٠ .

کورد ، مێرد، ، سارد ، هەڵگورد) ؛( گەرم ، کرم ، شەرم ) ؛( کەم و کەسر ، قەسر ) ( ل ٥٩٠ ) ٠

ناتەواوییەکی گەورەی ئەم وتارەی مامۆستا مەسعوود ، ئەو باسەیەتی ، کە دەربارەی دەنگی (i)ە . ئەوەی جێگەی دەمەتەقێ بێ ، ئەوەیە کە نووسەر ئەو کورتە بزوێنەی بە هێز ( ئەو ((قورس کردن )) ی پێووتوە ) داناوە٠ مامۆستا کاتێ لە تایبەتێتی و سروشتی دەنگەکانی زمانی کوردی و گونجان و نەگونجانیان لەگەڵ یەکتر دەدوێ ، نووسیویێتی : ( ئەم دەنگەی ( ر) کە بە سکون دەکەوێتە پێشی دەنگی ( د)یشەوە هەر بە تەواوی دەوەستێندری و هیچ قورسکردن و ددان لێ گیرکردنێك قبووڵ ناکا ٠٠٠وشەکانی ( مەرد ، مێرد ، گورد ، سارد ، بەرد ، کورد ، ورد، گەرد ، وەرد ٠٠٠هتاد ) ئەوانیش هەموویان هەر لەبەر ئەم هۆیەیە یەك بڕگەن ، وشەی (هەڵگۆرد ) کە بۆتە دوو بڕگە واتە ( هەڵ – گۆرد ) ئەگەر لەبەر ئەم تایبەتییەی دەنگی ( ر ) نەبا دەبوو بە سێ بڕگە واتە ( هەڵ – گۆ – رد ) بۆ ڕوونکردنەوە وشەی ( هەڵگۆرد ) هەردوو جۆری بە پیتی لاتینی دەنووسم ، لە جێگەی قورس کردنیش نیشانەی (i ) دادەنێم (هەڵگۆرد)ی دوو بڕگەیی وەها دەنووسرێ (Hel–gord) هی سێ بڕگەییش وەهای لێ دێ : (hel – go – rid) ...)) ( ل ٥٩١) .

بەمەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە ، کە وشەی ( هەڵگۆرد ) لە دوو بڕگە پێکهاتووە ، بەڵام ئەگەر / i / بخرێتە نێوان / ر / و / د / ەوە ، ئەوە وشەکە دەبێ بە سێ بڕگە ... واتە لێرەدا، ئەم (i)ە قورس کردن بێ ( وەك ڕای مامۆستا مەسعوود محەمەد ) ، یاخود پە یدابوونی بزوێنێکی دیکە بێ (وەك ڕای نووسەری ئەم نامەیە)، ئەوە بڕگەیێکی تر زیاد دەکا ٠ جا ئەگەر بەتەواوی بچەسپێنرێ ، کە ئەوە قورس کردن بێ ، ئەوسا دەردەکەوێ کە قورس کردنیش دەتوانێ دەوری جیاکردنەوەی بڕگە ببینێ ،بەڵام ئەوەی لە زانستی زماندا ئاشکرابێ ، ئەوەیە کە لە بڕگەدا دەبێ دەنگی بزوێن هەبێ ٠ جا هەر لەبەر ئەوشە کە ژمارەی بڕگەکانی هەر وشەیێك ، هێندەی ژمارەی بزوێنەکانی ئەو وشەیە دەبێت ٠ بۆ نموونە لە وشەی (( گۆ – ران ))دا دوو بزوێن هەیە و ئەمەش بووە بە هۆی بوونی دوو بڕگە ، وەك ( گۆ – ران ) ، کەچی وشەی (( گۆرانی )) [٢٥] بریتییە لە سێ بڕگە ( گۆ – را – نی ) ، چونکە سێ بزوێنی تێدایە ...

---

(٢٥) بۆ زانستی زیاتر لەم بارەوە ، بڕوانە : د٠ ئەورەحمانی حاجی مارف ،زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٦٧ – ٦٩ ٠

مامۆستا مەسعوود محەمەد دەربارەی هەمان باس لە وتاری (( ڕێنووسی کۆڕ )) یشدا دەڵێ : ( بۆ ئەوی کە لە عەرەبیدا پێی دەوترێ ( کسـرة مختلسـة – من لە نووسینەکانی خۆمدا پێی دەڵێم – قورس کردن ) بەشێکی زۆری وشەکانی کوردی ئەم قورس کردنەیان تێدایە کە غالبی ڕێك خەرانی ئەلفوبێی کوردی بە لاتینی پیتیان بۆ داناوە بێ ئەوەی لەوە بکۆڵنەوە ئاخۆ ئەو دەنگە بە شێکی پێکهێنەری وشەکەیە یاخود زەروورەتێکی فۆنەتیکییە کە دەربڕینی دەنگ لە حاڵەتی تایبەتیدا داخوازی دەکات • بە نموونە تۆ کە دەڵێی ( گەنم) بە ناچاری قورسایی ( کسـرة مختلسة ) دەخەیتە سەر دەنگی (ن) بۆ ئەوەی بتوانی تلفظی پی بکەیت و بەدوا ئەودا دەنگی (م)ەکەش دەربڕیت کە هەردووکیان لە وشەکەدا بزوێنی ئاشکرایان نییە ، (٢٧) بەڵام کە هاتی میمەکەت (٢٦) بزواند گوتت ( گەنمەکە ) قورسایی سەر نوونەکە (٢٨) نامێنێت و بە تەواوی دەوەستێت • زەروورەتەکەش لەوەوە دێت کە دەنگی نوون بە وەستاوی تەواوەوە نایەت )) (٢٩) . لەم وتارەشدا مامۆستا مەسعوود محەمەد هەر لەسەر ڕای پێشوویەتی و ئەوەی ( کسـرة مختلسـة)ی پی ٚ دەڵێن ، ئەو بە هێزی داناوە• بۆ پتەوکردنی ئەو ڕایەشی وشەی (( گەنم ))ی بە نموونە هێناوەتەوە و دەڵێ لە کەرتی دووەمیدا بزوێن نییە ... بۆ پێ سەلماندنی نەبوونی بزوێنیش دەنگی/ م/ ی بزواندووە و شێوەی (( گەنمەکە))ی هێناوەتەوە ••• وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە ، کەرت دەبێ دەنگی بزوێنی تێدا بێ . وشەی (( گەنم )) لە دوو کەرت ( گە – نم /ge-nim/) پێکهاتووە و ئەوەی دوای / ن/ و / م/ەکە بزوێنە ، نەك هێز . ڕاستە کە دەڵێین (( گەنمەکە ))، ئەوە بزوێنی نێوان /ن/ و /م/ەکە نامێنێ ، بەڵام دەبێ بزانین هۆی ئەوەیە کەرتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و دەبنە

---

(٢٦) ئەو هەڵەی تێکەڵ کردنی دەنگ و پیتەی لە پەراوێزی ( ٢) و ( ٤) و (١٢) دا لێی دواین ، ئەوەتە لە مامۆستا مەسعوود محەمەدیش ڕووی داوە ••• ( میم ) ناوی ئەو پیتەیە ، کە بۆ دەنگی / م/ کراوەتە نیگار .

(٢٧) ( نوون ) هەڵەیە و دەبوو بنووسێ / ن / .

(٢٨) بەهەمان چەشن .

(٢٩) مەسعوود محەمەد ، ڕێنووسی کۆڕ ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد )) ، ب ٤ . بەغدا ١٩٧٦، ل ٢٥٣-٢٥٤ .

کتێبخانەی ناوەندی

٩١

( گەن . مە . كە /gen–me-ke/) . دەبينين ( گە / ge )ی كەرتی یەكەمی وشەی (( گەنم ))ە ، كەچی لە شێوەی (( گەنمەكە ))دا بووە بە ( گەن / gen ) .[٣٠]

جێی گلەیی و گازندەیە ، كە ئەو جۆرە نموونە و بەڵگە زانستییانەی زمانەوانانی كورد بۆ پێ سەلماندنی ، ئەوە هێناویانەتەوە ، كە ئەو / i /ە كورتە بزوێنە ، مامۆستا مەسعوود محەمەد لە وتاری (( لەگەڵ دەنگسازیی كوردیدا))[٣١] بە قسەی پڕوپووچی فۆنۆلۆجیستەكانیان دادەنێ و هەندێ بەڵگەی لاوازی بۆ دێنێتەوە ٠

مامۆستا مەسعوود محەمەد لە وتاری (( فۆنەتیك چیمان بۆ بكا ؟ ))دا تا ڕادەیێك لە بابەتە سەرەكییەكانی گونجان و نەگونجانی دەنگەكان دواوە و گەلێك لەو حاڵەتانەی یادداشت كردووە ، كە چۆن دەنگێك دەكەوێتە پێش و دەنگێكی دی بە وەستاوی دەمێنێتەوە . واتە دەبێ دەنگەكەی پێشەوە قورس بكرێت ...

گەرچی لە هەندێ لایەنەوە ڕامان لەگەڵ بۆچوونەكانی ئەو زاتە ، دەربارەی (گونجان ) و (نەگونجان )ی دەنگەكان یەك ناگرنەوە ، بەڵام ددان بەوەدا دەنێین ، كە كەرەستەی زۆر و لێكدانەوەی قووڵ و بۆچوونی ورد ، زوربەی ناتەواوییەكانی ئەم بەشەی لێدوانەكەی شاردووەتەوە.

---

(٣٠) دیارە تایبەتی و سروشتی دەنگەكانی زمانی كوردی و نەگونجانیان لەگەڵ یەكتردا دەور دەبینن ... وەك لە سەرەوە لێی دواوین ، نموونەی ئەمەش لە وتاری ناوبراوی مامۆستا مەسعوود محەمەددا بەرچاو دەكەوێ ٠ بەڕێزیە مامۆستا نووسیویەتی : (( ئەم دەنگی (ر) كە بە سكون دەكەوێتە پێش دەنگی ( د )یشەوە هەر بەتەواوی دەوەستێندرێ و هیچ قورس كردن و ددان لێ گیركردنێك قبوول ناكا ٠ وشەكانی ( مەرد ، مێرد ، گورد ، سارد ، بەرد ، كورد ، ورد ، گەرد ، وەرد ، ... هتاد ) ئەوانیش هەموویان هەر لەبەر ئەم هۆیەیە یەك برگەن ، وشەی ( هەڵگۆرد ) كە بۆتە دوو برگە واتە ( هەڵ - گۆ - رد ) ... )) ( ل ٥٩١).

بەمەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە كە وشەی ( هەڵگۆرد ) لە دوو برگە پێكهاتووە ، بەڵام ئەگەر / i / بخرێتە نێوان / ر / و / د / ەوە ، ئەوە وشەكە دەبێ بە سێ برگە... واتە لێرەدا ئەم / i /ە قورس كردن بێ ( وەك ڕای مامۆستا مەسعوود ) ، یاخود پەیدابوونی بزوێنێكی دیكە بێ ( وەك ڕای نووسەری ئەم نامەیە) ، ئەوە برگەییەكی دی زیاد دەكا. جا ئەگەر بە تەواوی بچەسپێنرێ ، كە ئەوە قورس كردن بێ ئەوسا دەردەكەوێ ، كە قورس كردنیش دەتوانێ دەوری جیاكردنەوەی برگە ببینێ ٠ بەڵام بێت و ئەنجام بە بزوێنی ساغ بكاتەوە ، بێ گومان ئەوەش ئەو ڕایەمان پتەو دەكا كە وتوومانە ژمارەی برگەكانی هەر وشەیێك هێندەی ژمارەی بزوێنەكانی ئەو وشەیە دەبێت.

(٣١) مەسعوود محەمەد ، ڕێنووسی كۆڕ ، ((گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد)) ، ب ٤ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٥٣-٢٥٤ .

له چوارەم باسدا ، کە بە ناوی (( دژایەتی ))یەوەیە ، ئەو ، دەنگانە یادداشت کراون ، کە لەگەڵ یەکتر ناگونجێن . وەك : دەنگی (د، ر) و (ق ، ك) یان نەهاتنی دەنگی (ب) بەدوا (م) دا (ل٦٠٧).

له کۆتاییدا چەند کەم وکورتییەکی دی وتاری ناوبراو دەخەینە پێش چاو :

١- یادداشت نەکردنی نەهاتنی دوو دەنگی /ر/ و /ڵ/ لە سەرەتای وشەوە.

٢- ژمارەیێکی زۆری یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی باس نەکردووە و لە بەشێکی کەمیان دواوە .

... هتد

د. جەمال نەبەز لە کتێبی (( زمانی یەکگرتووی کوردی ))دا [٣٢] ، کە لە فۆنۆلۆژی دواوە (ل٥٧ – ٦٥) باسەکەی بە پێناسەیەك دەست پێکردووە ، کە تێیدا دەڵێ :

(( فۆنۆلۆژی زانستی ناسینی دەنگەکانی زمان و جۆری دەربڕینیانە . جا ئەگەر لەم ڕووەوە تەماشای هەردوو شێوەکە بکەین ، دەبینین هەندێ جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە گرنگەکانیان ئەمانەن : (ل)ی قەڵەو )) ( ل٥٧ ). پاش یادداشت کردنی ئەو جیاوازییە ، ئەوجا لەبارەیەوە وتوویە : (( شێوەی کرمانجیی ژووروو (ل)ی قەڵەوی تێدا نیە وەك ووشەی ( دل ، کال ، بلاف )) (ل٥٧)... (( لە کاتێکدا لە شێوەی کرمانجی نێوەڕاستدا ئەم ((ڵ))ە دەورێکی لە گۆڕینی مانای وشەدا )) (٥٧)... ئەوجا هەندێ وشەی بۆ ئەو وتانەی کردووەتە نموونە • وەك : (( گول . گوڵ ))؛ ( کەل – کەڵ )...

بۆ نەهێشتنی ئەو کوسپ و تەگەرەیەش نووسیویە : (( بۆ چارەسەرکردنی چار نی‌یە دەبێ (ل)ی قەڵەو لە نووسینی زمانی ئەدەبی‌یەکەماندا بمێنێتەوە . بەڵام هەر یەکە وای بخوێنێتەوە وەك خۆی پێی خۆشە )).

چ خستنە پێش چاوی ئەو دیاردەیە و ، چ پێشنیازی چارەسەرکردنی تەواو پێویست بە دەمەتەقێ ناکات.

دەربارەی دیاردەیێکی دی هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردی وتوویە : (( ئەو ووشانەی لە شێوەی نێوەڕاستدا تیپی (ڕ)یان تێدایە ، ئەگەر هاتو ئەو (ڕ)ە

(٣٢) د٠ جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ. ١٩٧٦.

(د)ی لەپاشەوە هاتبوو ، تیپی پێش (ر)ە کەش تیپێکی دەنگدار بوو ئەوا لە[٣٢] شێوەی ژووروودا (د)ەکەی دەکەوێ . بۆ وێنە (زەرد . زەر) ؛ ( سارد . سار) : ( ل ٥٨)... (دەبێ ئەوە ڕچاو بکرێ کە مانەوەی ئەو (د)یە لە زمانە ئەدەبی یەکەماندا شێوەی کۆنی زمانەکەمان دەپارێزێ. جا لەبەر ئەوەی شێوەی نێوەڕاست تا ئێستا پاراستوویەتی لابردنی بە شتێکی ڕاست نازانم )) ( ل ٥٨).

دەست نیشان کردنی ئەو دیاردەیە کارێکی باشە ، بەڵام ئایا هەر لە بناخەوە، ئەو /د/ە لە کرمانجیی ژووروودا نەبووە یان لە کەیەوە تێچووە ، ئە د. نەبەز و نە زمانەوانانی دی هیچ بەڵگەیێکی زانستییان بە دەستەوە نییە... ئیتر چۆن بێ سێودوو مەسەلەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ یاسای تێچوون... لەم بارەیەوە ، کە هیچ بەڵگەیەك نەهێنرابێتەوە و بشزانین لە دەستنووسی کۆنی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و فەقێ تەیران...دا ئەو /د/انە نەبن – ، بە چ چەشنێك وا دابنێین ، کە زوو هەبووبن و دوایی تێچووبن.

نووسەر هەر لە هەمان بەشدا لەژێر سەرباسی (( (د)ی کلۆر )) دێتە سەر بابەتێکی دی دیاردە دەنگییەکان و دەڵێ : (( شێوەی ژووروو و زۆربەی زۆری زاراوەکانی شێوەی نێوەڕاست دەنگی (دە . de ) یان ( د . di ) لە کاری ( دەچم ) یان ( دچم )دا کلۆر ناکەن )) ( ل ٥٨)... (( دەنگی ( د ) کە دوا تیپی نێوێکی وەك ( ئەحمەد )ە بە ئاشکرا دەردەبڕێ))... ((لە زاراوەی (سلێمانی . ئەردەڵان)دا کلۆر دەبێ وە بە جۆرێکی تایبەتی دەردەبڕێ . جا لەبەر ئەوەیە بە زۆری نووسەرەکانی کوردستانی عێراق ، تا ئێستا زاراوی خەڵکی سلێمانییان کردووە بە بناغەی نووسینیان ، ( دە )ی پێشگری کاری ڕانەبوردوو بە چەشنی ( ئە ) دەنووسن ، وەك ئەوەی لە جیاتی ( دەچم ) . ( ئەچم ) دەنووسن ) ))... (( ئەم کارەش نەك تەنیا لە ڕووی زمانەوانییەوە ناتەواوە ، بەڵکو بە هۆی ئەوەوە ئەم (د)یە لە کوردیدا تازە کوورەیە ، دیارە سەر لێ شێوانێکی زۆرە بۆ زوربەی یەکجار زۆری کوردزمانان کە (د)ی کلۆر بەکارناهێنن ))... (( لەبەر ئەوە فرێدانی ئەم (د)ی کلۆرە ؛ بە هەموو جۆرەکانییەوە هەنگاوێکی یەکجار باشە لە مەیدانی دامەزراندنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی ))دا ( ل٥٩ – ٦٠) .

---

(٣٢) نموتە تەنانەت زانایێکی گەورەی وەك د. جەمال نەبەزیش ، لەو چەند دێرە کەمەدا ، سێ جار لە بریتی نەوەی بلێ ( دەنگ ) ، کەچی وتروبە (تیپ).

ئێمە بە تەواوی لایەنگیریی د. نەبەز دەکەین ، کە بۆ زمانی ئەدەبی و نووسین شێوەی (دە) لەبارترە • ئەگەرچی لە ئاخاوتنی ئێستای سلێمانیدا تەنیا بەکاردەهێنرێ و (دە) بەتەواوی لەبیرچووەتەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی گۆڕانێکی شێواوە و سەرەڕای ئەوەش ، چونکە نەك هەر لە دیالێکتی ژووروودا ، بەڵکو لە زووربەی بەشە دیالێکتەکانی دی خوارووشدا هەر شێوەی (دە) ماوەتەوە ، بۆیە ڕاست وایە ، لە زمانی ئەدەبی و نووسیندا واز لەو جۆرە تایبەتییە ناوچەییانە بهێنرێ. شایانی باسە ، کە مامۆستا تۆفیق وەهبیش لە هەمان ڕادایە و بەو بۆنەیەوە دەڵێ : پێویستە (( لەباتی (ئە)ی پیتە قاڵبی (دە) بەکاربێنین ))(٣٤)

نووسەر لە کۆتایی بەشی ( فۆنۆلۆژی )ی ئەم بەرهەمەیدا ، لە بەکارهێنانی هەندێ دەنگ دواوە ، وەك : (( ڤ ، ر )) (ل ٥٩ – ٦٠ ) ؛ پاشکۆی (( دن ، تن)) ؛ دەنگی ((ژ، ز )) (ل٦١ . ٦٢) ؛ دەنگی ((ش ، ڽ)) (ل ٦٢ . ٦٣) ؛ پاشگری (( گا ، گە )) ؛ دەنگی (( ۆ )) ؛ دەنگی ((ص )) ؛ دەنگی (( گ ، ڤ )) (ل ٦٥) ؛ دەنگی (( ك ، گ ))( ل٦٥) ؛ دەنگی ((ع ، ح )) ( ل ٦٥).

بێگومان لێرەشدا زانیاری باش و بە کەڵکی تۆمارکردووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی د. جەمال نەبەز بە شیوەییێکی گشتی کارێکی باش و سەرکەوتووە... خەوشی دیاریشی ئەوەیە ، ئەو کە ویستوویەتی جیاوازییە دەنگییەکانی هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردی دیاری بکا ، بەشێکی زۆریانی ناونەبردووە...بەوێنە :

١. ئەوەی یادداشت نەکردووە ، کە لە کۆتایی هەندێ وشەدا ، لە کرمانجیی ژووروودا /ی/و لە کرمانجیی خوارووا / وو/ بەرانبەر یەك دەوەستن :

| کرمانجیی ژووروو | کرمانجیی خواروو |
| --- | --- |
| خانی | خانوو |
| پاری | پاروو |
| کولی | کولوو |

... هتد .

٢. هەروەها بە پێچەوانەوە ، هەندێ جار / وو/ لە کرمانجیی ژووروودا ، بەرانبەر بە / ی/ لە کرمانجیی خوارووا ڕادەوەستێ ، وەك :

---

(٣٤) تۆفیق وەهبی ، سەرچاوەی ناوبراو ، نەسلی پیتە قالبی شیوەی سلیمانی ، ل ٣١

| كرمانجيى ژووروو | كرمانجيى خواروو |
|---|---|
| تووژ | تيژ |
| شوور | شير |

... هتد .

٣- لە زۆر وشەدا ، كە سەر بە هەردوو ديالێكتن / ە/ لە كرمانجيى ژووروودا بەرانبەر /i/ لە كرمانجيى خوارووودا دەبينرێ ، وەك :

| كرمانجيى ژووروو | كرمانجيى خواروو |
|---|---|
| قەنج | قنج qinc |
| چەنگ | چنگ çing |
| كەچ | كچ kiç |

... هتد

٤ . هەروەها بەپێچەوانەوە ، وا ڕوودەدات /i/ لە كرمانجيى ژوورووودا بەرانبەر بە /ە/ لە كرمانجيى خوارووودا ڕادەوەستێ ، وەك :

| كرمانجيى ژووروو | كرمانجيى خواروو |
|---|---|
| هل hil | هەڵ |
| هنەك hinek | هەندێك |
| در dir | دەر |
| دكەت diket | دەكەت |

... هتد

... و هەندێكى دى .[٣٥]

مامۆستا ڕەئووف پشدەرى لە وتارى (( تيپ[٣٦] گۆڕكێى وشە لە زمانى كورديدا))[٣٧] كەمێ لە جێگۆڕكێى هەندێ دەنگ دواوە... لە سەرتادا نووسيويە :

(٣٥) بۆ ئاشنابوونى ئەو جياوازييانە ، بڕوانە سەرچاوەى ناوبراو ، زمانى كوردى لەبەر ڕۆشنايى فۆنەتيكدا ، ل ٦٤ ـ ٦٧ .

(٣٦) لەم وتارەشدا ، هەرلە سەرتاوەكەيەوە هەڵەى تێكەڵ كردنى دوو مەوداى (دەنگسازى) و ( نووسين ) كراوە. ئەوەتە لەبريتيى ئەوەى بنووسێ (دەنگ گۆڕكێ) ، كەچى نووسيوە (پيت گۆڕكێ).

(٣٧) ڕەئووف پشدەرى ، تيپ گۆڕكێى وشە لە زمانى كورديدا ، گۆڤارى (( ڕۆژى كوردستان )) ، ژ٣٧ ـ ٣٨ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٥٨ ـ ٥٩ .

(( ئەگەر سەرنجێکی ورد لە زمانی کوردی بدەین زۆر ووشەمان بەرچاو دەکەوێت، یاخود بەرگوێ و بە کاری دێنین لە ژیانی ڕۆژانەماندا ، ئەو وشانەش لە ڕاستیدا یەك وشەیە بە دوو شێوە بەکاردەهێنرێت)) (ل ٥٨)...

بەدوا ئەمەدا هەندێ حاڵەتی وەك ( بنواره . بڕوانە ) ؛ ( فڕی . ڕفی ) ؛ (جەرگ . جگەر)... (قفڵ . قوڵف ) ؛ ( چعیف . چفیع )... هتد...ی کردووەتە نموونە و ئەوجا هۆی ئەو دیاردەیەی باس کردووە.

سەرنجمان دەربارەی ئەم وتارە بەتایبەت ئەوەیە ، کە ئەم دیاردەیە ( دەنگەگۆڕکێ ) نییە ، بەڵکو ( جێگۆڕکێ )یە . واتە دەنگەکان شوێنیان بەیەکدی دەگۆڕنەوە ، نەك دەنگێك بگۆڕرێ بە دەنگێکی دی • بەوێنە ، ئەوەتە لە وشەی ( فڕی )دا ، / ڕ/ چووەتە شوێنی / ف/ و ، / ف/ کەوتەووەتە جێگەی / ڕ/ ...

هەروەها ئەم جێگۆڕکێی دەنگانە ، وێڕای ئەو چەند حاڵەتەی مامۆستا ڕەئووف لێیان دواوە، حاڵەتی دیش هەیە ، کەچی نە باسی کردوون و ، نە ناوی بردوون.

ئەوەی لە کتێبی (( زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ))ی د. ئەورەحمانی حاجی مارفدا (٣٨) پێوەندی بە یاسا و دیاردە دەنگییەکانەوە هەبێ ، ئەوەیە کە لە سێ شوێندا لەو کێشەیە دواوە.

١. لە لاپەڕە ( ٨ . ٩ ) ی پێشەکیدا

٢. چەند خاسیەتێکی فۆنەتیکی زمانی کوردی (ل٥٤ . ٦٤)

٣. کورتە بەراوردێك لە نێوان فونەتێکی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خوارووودا (ل٦٤-٦٧)

لە باسەکانی پێشەکیدا ، بەتاییبەت دوو باسی گرنگن :

ئەوەی وتوویە : ١. (( لە زمانی کوردیدا دوو دەنگی /ر/ و /ل/ لە سەرەتای وشەدا بەکار ناهێنرێن )) (ل ٨) .

٢. ((لە زمانی کوردیدا دوو دەنگی (ل ، ڵ) بە هیچ کلۆجێك هەڵناگرن بخرێنە پێش دەنگی (ر ، ڕ)ەوە یاخود بە پێچەوانەشەوە کورد / ر/ لە پێش (ل)ەوە ناهێنێ )) (ل ٨-٩).

(٣٨) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦.

نووسەر باش بۆ تایبەتێتی ئەو دەنگانە چووە و پەنجەی بۆ دیاردەی سەرنج ڕاکێش درێژکردووە... تاکە حاڵەتێکیان نەبێ ، کە بە لای ئێمەوە ناتەواوە ، دەنا سەرپاکی ڕایەکانی دی پەسەندن... ئەو حاڵەتەش لە خاڵی دووەمدایە : لەوەدا ڕاستە ، کە بە هیچ چەشنێك ناشێ / ڵ/ بخرێتە پێش / ڕ/ەوە یا خود کورد / ل/ لەپێش / ڕ/ەوە ناهێنێ... بەڵام لەوەدا کەوتووەتە هەڵەوە ، کە وای داناوە / ل/ ناکەوێتە پێش / ر/ . ئەوەتە ، چەند وشەیێکی کەمی وەك : ( لرف ، لرفە ، لرخ ، لرخە، لرخن ...) دەبنە بەرهەڵست لە بەرانبەر ئەو وتانەی د. ئەورەحماندا .

لە دووەم لێکۆڵینەوەیدا (( چەند خاسیەتێکی فۆنەتیکی زمانی کوردی )) ( ل ٥٤ . ٦٤)دا لەو یاسایانەی خوارەوە دواوە :

١. کورتکردنەوە . واتە کاتێ دوو دەنگی کۆنسۆنانتی وێکچوو ، یاخود لێك نزیك ، بکەونە پاڵ یەك ، ئەوە لە دەربریندا یەکێکیان ون دەبێ .

٢. پەیدابوونی نیمچە بزوێن . دەمێك مۆرفیمێکی بەندی بە بزوێن کۆتایی هاتوو، بخرێتە سەر وشەیێك ، کە دوا دەنگی بزوێن بێ ، ئەوە لەو حاڵەتەدا یەکێك لەو دوو نیمچە بزوێنی / ی . y / ، / و . w / یاریدەی پاراستنیان دەدەن .

٣. تێچوونی بزوێن . لە هەندێ حاڵەتدا ، کە دوو بزوێن بکەونە پاڵ یەکدی ، یەکێکیان تێ دەچی .

٤. تواندنەوە ( Assimilation ) .

ا . زۆر جار /ز/ لەبەردەم هەندێ دەنگی کپدا وەك /س/ دەوترێ .

ب . گەلێك جار /ژ/ ، کە دەکەوێتە پێش هەندێ دەنگی کپەوە ، وەك /ش/ی لێ دێ .

ج . هەندێ جار /س/ کە دەکەوێتە پێش دەنگی ئاوازەدارەوە ، وەك /ژ/ دەبێتە ئاوازەدار.

د . دەنگی / ك، گ / کە دەکەونە پێش دەنگی / ێ ، ی ، وێ ، وی /یەوە شێوەی دەربرینیان دەگۆڕێت و تاڕادەیەك لە وتنی / ج ، چ / نێزیك دەبنەوە.

هـ . زۆر جار کە /د/ دەکەوێتە دوای /ن/ ، وەك /گ/ دەردەبڕرێ .

٥ . دەنگەگۆڕکێ . واتە کە دەنگێك جێگای دەنگێکی دیکە وەردەگرێ ، یاخود لە یەك نێزیك دەبنەوە .

٦ . سروشتی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردی لە رووی گونجان و نەگونجانیانەوە لەگەڵ یەکتردا و شوێنیان لە وشەدا .

د. ئەورەحمان بۆ پێ سەلماندن و چەسپاندنی تێکڕای ئەو یاسایانە ، نموونە و بەڵگەی زۆری لەبار و زانستی هێناوەتەوە... بە ڕاشکاوەییەوە دەتوانین ، بڵێین تا ساڵی ١٩٧٦ ، واتە بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبی (( زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا )) هیچ زمانەوانێکی دی نە ئەوەندە لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی دواوە و نە وا بە شێوە و شێوازی زانستی لێی کۆڵیوەتەوە . واتە چ بەچەندێتی و چ بە چۆنێتی بە یەکەم بەرهەمی ئەو بوارە دادەنرێ .

ڕاستە نووسەر لە سەرناوی ئەم باسانەیدا وشەی ( چەند )ی بەکارهێناوە و ، بەمە خۆی لەو ڕەخنە و گلەییە ڕزگار و ئازادکردووە ، گەر بوترێ هەندێ یاسای باس نەکردووە... بەڵام ئێمە، وەك ڕاستییێك ، دەڵێین گەر سێ یاسای گرنگی وەك ( جێگۆڕکێی دەنگ ) و ( کورت کردنەوەی دەنگ ) و ( پەیدابوونیکۆنسۆناتنی (( د، ه ، ج ...)) )یشی باس بکردایە ، ئەوە کارەکەی تەواوتر دەبوو .

لەو زاراوانەشدا ، کە بۆ ناونانی یاساکانی پەسەندکردوون ، بەشێکی کەمیان زۆر لەبار نین... بەڵگەی ئەم وتانەشمان نووسینەکانی ئەم ساڵانەی دوایی مامۆستایە ، کە دووسیێیەکیانی گۆڕیوە... بەوێنە لەم بەرهەمی فۆنەتیکەیدا بەرانبەر ( Assimilation) . ( تواندنەوە )ی داناوە، کەچی ئەوە ماوەیەکە گۆڕیویە بە ( وێکچواندن ) ... هتد.

تەوەرەی سێیەمی یاسا دەنگییەکانی ئەم کتێبە ، کە لە ژێر سەرباسی (( کورتە بەراوردێك لە نێوان فۆنەتیکی دیالێکی کرمانجیی ژوورو و خوارووودا ))یە، لە نۆ خاڵدا دەربڕاوە ( بڕوانە : ل ٦٤- ٦٧ )... لە ڕاستیدا ، ئەمەش باسێکی نوێیە و نووسەر زانایانە چووەتە نێو ئەو مەیدانەوە و گەلێ زانیاریی بە کەڵك و باس نەکراوی هێناوەتە ئاراوە .

مامۆستا فەیسەڵ حاجی لە زنجیرە وتارێکی هەشت ئەڵقەییدا ، کە بە ناوی (( لە ڕێگای یەکگرتنی شێوەکانی کوردی دا ))وەیە ، لە گەڵ کێشەی هەمەجۆری زمانی کوردی دواوە ... ئەوەی پێوەندی بە بابەتی ئەم نامەیەی ئێمەوە هەبێ ، ئەڵقەی یەکەم و دووەمێتی .(٣٩)

---

(٣٩) فەیسەڵ مستەفا حاجی ، لە ڕێگای یەکگرتنی شێوەکانی کوردیدا ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، بەشی یەکەم ، ژ ٥٢ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ـ ٦٤: بەشی دووەم ، ژ٥٣ ، بەغدا ، ١٩٧٦، ل ١٢ ـ ١٤.

نووسەر لە ئەڵقەی یەکەمدا لە دەنگی ( وو ) لە کرمانجیی خوارووودا و ( وی ) لە کرمانجیی ژووروودا دواوە و بۆ بەرانبەر یەك ڕاگرتنیان کۆمەڵێك وشەی هێناوەتەوە ... ئەوەی نیشان داوە ، کە ئەو (وی)یەی کرمانجیی خواروو لە ناوەڕاست ، یاخود کۆتایی وشەدا ، لە کرمانجیی ژووروودا دەبێ بە ( وو ) ...

لە بەشی دووەمیشدا باسی بەرانبەر یەك وەستانی (و) و (ڤ)ی کردووە... بەداخەوە لێرەدا (و . W)ی کۆنسۆنانت و کورتە بزوێنی ( و . u )ی تێکەڵ بەیەکدی کردووە . واتە بە یەك دەنگی لە قەڵەم داون .

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد لە بەرهەمی ((ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی))دا [٤٠] لە باسی (پێشبەند و پاشبەند)دا ، کە ئەو (پریپۆزیشن و پۆستپۆزیشن)ی پێ وتووە ، لای لە دیاردەییێکی ئەو بابەتە کردووەتەوە ، کە پێوەندی بە یاساکانی فۆنۆلۆژییەوە هەیە. واتە ئەوەی سێ پێشبەندی ( بە ، بۆ ، لە) کاتێ لەگەڵ ، ئەوان وتەنی (( الافعال الإنتقالیة )) . واتە ئەو چەشنە کردارانەدا دەردەکەون ، کە واتای گوێزانەوەیان تێدایە ، لە شێوەی پاشبەندی(ە)شدا دەبینرێن. وەك :

بە > ە

بووم بە خوێندکار > بوومە خوێندکار
کردم بە خانوو > کردمە خانوو
بەخشیم بە وڵات > بەخشیمە وڵات
دام بە تۆ > دامە تۆ
... هتد.

بۆ > ە

چووم بۆ بازاڕ > چوومە بازاڕ
هاتم بۆ لات > هاتمە لات
بردم بۆ زانکۆ > بردمە زانکۆ
دەتبەم بۆماڵەوە > دەتبەمە ماڵەوە
... هتد.

---

(٤٠) لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٣٠٤ - ٣٢٦ .

له > ه

چووم له بازاڕ گۆشت بکڕم > چوومه بازاڕ گۆشت بکڕم

هاتم له لات دانیشم > هاتمه لات دانیشم

بردم له زانکۆ بخوێنێ > بردمه زانکۆ بخوێنێ

دەتبەم له ماڵەوە نان بخویَ > دەتبەمە ماڵەوە نان بخۆی

... هتد .

له بواری ئەم باسە پڕ بایەخ و سەنگینەدا ، بە تایبەتی پێشەنگیی مامۆستا مەسعوود محەمەدیش ( کە دەمڕاستی ئەو لیژنەیە بووە ) ڕادەگەیەنێ ، چونکە ئەوەتە ، چەند مانگێك زووتر له لاپەڕە ( ٥٦ . ٥٧ )ی کتێبی (( چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی ))دا [٤١] له هەمان باس دواوە •

م. و. لەو کورتە وتارەیدا ، کە لە ژمارە ( ٥٨ . ٥٩)ی گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نویَ ))دا بڵاویکردووەتەوە [٤٢] ، بە لاپەڕەییێك باسی ئەو (ك) و (گ)انە دەکات ، کە لە پێش ( ی، یَ ، وی، ویَ )وە دێن • بۆ ئەم لێدوانەشی وشەی وەك ( گیا ، گیران )؛ ( گێڕانەوە ، فەرهەنگێکی)؛ (کێوی ، کیژ ) ؛ ( کێرد ، کێشان ) ؛ ( کوێر ، کوێندەر )...ی کردووەتە نموونە.

دەربارەی ئەم وتارە دوو تێبینی دەخەینە بەرچاو :

١. باسی دەنگسازی و نووسین وەك یەك بابەت تەماشاکراوە.

٢. لێدوانێك ، کە هەمووی یەك لاپەڕەی گرتبێتەوە و یەك باسی ساکاری تێدا کرابێ ، ڕاست نییە ئەو سەرباسە قەبەیە . (( کورتە باسێك دەربارەی فۆنەتیکی کوردی )) پیَ درابێ .

مامۆستا حەسەن قزلجی لە وتاری (( گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر ، جێگۆڕکێی پیتەکان و سوان و تێکشکانی وشەکانی بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دیَ ))دا [٤٣] لە بوار و دەرەتانی هەندیَ لە باسا دەنگییەکانی زمانی کوردیدا هونەرێکی بەرزی نواندووە .

---

(٤١) مەسعورد محەمەد ، چەند حەشارگەییَکی ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦

(٤٢) م. و. ، کورتە باسێك دەربارەی فۆنەتیکی کوردی ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نویَ )) ، ژ٥٨ ـ ٥٩ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٥٧ .

(٤٣) حەسەن قزلجی ، گۆڕانی پیتەکان بەیەکتر، جێگۆڕکێی پیتەکان و سوان و تێکشانی وشەکانی بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دیَ )) ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد )) ، ب ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل١١٨ـ ١٨٤.

ئەم وتارە بریتییە لەم باسانە :

(( ١. گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر )) ( ل ١٢١ . ١٧٦ ) ؛

(( ٢. گۆڕانی جێگای پیتەکان ( قلب ) )) ( ل ١٧٦ . ١٧٩ ) ؛

((٣. سواندن یا ( تصحیف ) ، کە بە گۆڕین و جێگۆڕکێی پیتەکان و فڕێدانی هێندێ پیت پێك دێ )) ( ل ١٧٩ . ١٨٤ )

نووسەر لە بارەی بایەخی ئەم بابەتەی وتارەکەیەوە وتوویە : ( ئەم باسە باسێکی گرنگە و لەسەر ڕۆیشتنی خزمەتێکی زۆری زمانەکەمان دەکا. ئەم ووتارە تەنیا دەرگا کردنەوەیەکە بۆ لێدوان و شیکردنەوەی پتر ، ئاشکرایە کە بە لێکۆڵینەوەی ورد و لەسەرخۆ ڕاست و دروست هەر مەبەستێك باشتر ڕوون دەبێتەوە و قووڵاییەکەی دەردەکەوێ )) ( ل ١٢٢ ) .

ئەم لێکۆڵینەوەیەی مامۆستا قزلجی کارێکی بەرز و بە بەهایە و دەرگای بۆ تۆێژینەوە و بەدواکەوتنی زانیستییانەی یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی خستوەتە سەر پشت و خۆیشی وردەکارییێکی چاکی کردووە ... ڕووی باش و سەرکەوتوویی ئەم بەرهەمە ، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆدەکەینەوە :

١. باسی بەشێکی زۆری یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی کردووە و ورد و زانایانە لێیانی کۆڵیوەتەوە.

٢. بنج و بناوانی بەشێکی زۆری ئەو وشانەی بە نموونە هێناونییەوە ، دیاریکردووە و ڕەگەز و ڕیشەیانی ساغ کردووەتەوە .

٣. بەراوردێکی باشی بەڵگەکانی لە نێوان ئاوێستا و پەهلەوی و فارسی و کوردیدا کردووە و، گەلێ ڕووی شاراوەیانی ئاشکرا کردووە

٤ . خزمایەتی و هاوڕەگەزی و ئەوجا جیاوازیی نێوان وشەکانی لێکداوەتەوە و بە بەڵگەی مێژوویی سەلماندوونی .

٥ . کەرەستەیێکی یەکجار زۆر و زانستییانەی بۆ لێدوانەکەی بەکارهێناوە و شارەزایانە و بە شێوازێکی ڕاست مامەڵەی لەگەڵ کردوون ...

... و هەندێکی دی .

گەر ئەوەش نەشارینەوە ، کە لەو کارە سەنگینەدا چەند ناتەواوی و کەموکورتییەك هەبێ ، ئەوە تەنیا بە مەبەستی خزمەتی زمانە شیرینەکەمانە . بە نموونە ، ئەوەتە پسپۆڕێکی بە توانستی وەك قزلجی ، کە تەمەنێکی درێژی لە

لە بەشی ((گیروگرفتی نووسینی وشەکان و تێک بەستنیان))دا لای لەم یاسایانەی خوارەوە کردووەتەوە :

(( ١. کورت کردنەوە و تێداچوون )) ( ل ٤٧ . ٥٠ ).

(( ٢. تواندنەوە )) ( ل ٥٠ . ٥٢ ).

(( ٣. کارتیٚکردن )) ( ل ٥٢ ).

(( ٤ . شێواندن وگۆڕینی دەنگ )) ( ل ٥٣ . ٥٤ ).

نووسەری ئەم وتارە ، کە لە سەرجەمی یاسا دەنگییەکان نەدوابێ ، هۆی ئەوەیە ، بەشێکیان کێشە و کۆسپی نووسینیان نییە.

لە هەمان ژمارەی گۆڤاری کۆڕ ( واتە ژ٩ )دا ، کە ژمارەییێکی تایبەتە بە گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی ، چەند وتارێکی دییان سەرنج ڕادەکێشن :

یەکی لەو باسانە ، لێکۆڵینەوەییێکی مامۆستا محەمەد مەعرووف فەتتاحە – ((نووسینی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە))[(٤٦)].

لەم وتارەدا بڕێک لەو یاسا و دیاردە دەنگییانە لێکدراونەتەوە ، کە لە نووسیندا پێویستیان بە ڕەچاوکردن هەیە ، بەتایبەتی :

١. لێک چوون

٢. دوورکەوتنەوە

٣. جیٚگۆڕکیٚ

٤. پەیدابوونی دەنگ

... و ئەمانەش بەشێکن لە نموونەکانی ئەو دیاردانە : ( چەشت . ئەچێژیٚ ) ؛ ( حەفتا ، حەڤە ، حەڤدە ) ؛ ( بەرامبەر . بەرانبەر ) ؛ (ددان . دان ) ؛ ( دیٚ . دیٚیەکە ) دەنگەکان دەتوێنەوە و دەگۆڕێن بۆ دەنگێکی کە یان جیٚگۆڕکیٚ دەکەن و دەنگێکی کە لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت ( ل ٢٣٧ )... پاشان بۆ ڕوون کردنەوە و ئاسانکردنی ئەو یاسایانەی سەرەوە نەخشەییێکی لەباری ڕێکخستووە .

سەبارەت ئەم توێژینەوەیەش چەند تێبینییەکمان هەیە... بەتایبەت ئەوەی لە خاڵی یەکەمیدا ، کە لە ژێر سەرباسی (( لێک چوون ))دا دواوە ، حاڵەتی کارلەیەکدی کردنی دەنگەکانی یادداشت نەکرووە ، کەچی چۆنێتیی ماسوولکەکانی لێک داوەتەوە...هتد.

(٤٦) محەمەد مەعرووف فەتتاح ، نووسینی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە ، هەمان گۆڤار، ل ٢٢٩-٢٦٧.

لیژنــەی زمــانی کوردیــی دەســتەی کوردیــی کــۆڕی زانیــاری عــیراق لــەو بەرهەمەیدا، کە بە نێوی (( بەراوردکاریی لە نێوان زارە کوردی یەکاندا )) پێشکەشی کردووە (٤٧) ، لە یەکێك لە بابەتەکانیدا ، کە بەسەرناوی (( دەنگ گۆڕکێ لە زمانی کوردیدا " ( ل ٢٩٤ - ٣١٠ )وەیە گەلێك حاڵەتی ئەو دیاردەیەی دیاری کردووە و نموونەی زۆری لە زارە کوردییەکانەوە بۆ هێناونەتەوە.

ئەویش بەشێك لەو دەنگەگۆڕکێیانەی باس کراون :

١- دەنگی ( ئ ) :

ا- گۆڕینی بە ( ھ ) و ( ع ) ...

ئەسپ > هەسپ

ئاسمان > عاسمان

ب- تێچوونی :

ئەسپێ - سپێ

ماست ئاو -- ماستاو

٢- دەنگی (ب) :

گۆڕینی بە ( پ ) و (و ) و (ڤ)

خراب - خراپ

باب - باو

ئەزبىم - ئەزبڤم

٣. دەنگی ( ا )

گۆڕینی بە (ە) ، ( ێ )...

سارد . سەرد

ناو . نێو

... و کەلێکی دی .

ئەم کارەی لیژنە لەگەڵ هەموو وردی و دوور و درێژیشیدا ، ئەوجا هەندێ دەنگەگۆڕکێی دیار و ئاشکرای نەگرتووەتە خۆ (٤٨) .

---

(٤٧) لیژنەی زمانی کوردی ، بەراوردکاریی لە نێوان زارە کوردی‌یەکاندا ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عـیراق - دەستەی کورد )) ، ب ١٠ ، بەغدا ، ١٩٨٣، ل ٢٧٧ ـ ٣٣٧.

(٤٨) بۆ ئاشنابوون لە سەرپاکی دۆخەکانی(دەنگەگۆڕکێ) ، بڕوانە : بەشی دووەمی ئەم نامەیە ( ل٨٩-١٠٥).

له بەشی سێیەمی وتاری (( زانیاری گشتیی پێشەکی ))ی مامۆستا تۆفیق وەهبیدا [٤٩] باسی بەکارهێنان و تێچوونی دەنگی ( ئ ) کراوە... لەسەرەتادا وتراوە: (( ئێمەش تا ئێستا بە پێی ڕاهاتنێ ، کە دەمێك نییە لە سەری دەڕۆین ، لەسەر بزوێن چقلە ( هەمزە ) دادەنێین . بەڵام ئەگەر لێی وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا لە دوو باردا چقلە بەکاردێنین: ١- لە باری ئازادیدا ، وەکو : ( ئا ، ئە، ئی ...) . ( ئاو ، ئەسپ ، ئێوە )) ( ل ١٥) ... بە دوا ئەمەدا لە فڕێدانی هەمزە دواوە و وتویە : ((ئێستا ئێمە دەمان ئەوێ خۆمان ڕزگار بکەین لە ئێشتنەوەی (چقلە ) . ( هەمزە ) لەسەر بزوێن لەو دوو بارەی سەرەوەدا ، واتە بزوێنە ئازادەکان وەك : ( ا ، ە، ێ ، ی ) و بزوێنە ئەمسەرەکانیش وەك ( ال ، ەم ، ێك ، یەشەو... )) ( ل ١٥ . ١٦ ) ... (( دەمانەوێ فڕێیان بدەین ئەمەندە بێ کەڵکن کە ئەگەر لەمسەریانەوە دەنگ بەری ، بکەوێ لێیان دەشێ گوم بن لە ئاخاوتندا وەکو : ( بار . ئاش ) بووە بە ( باراش )، ( دەڕۆم ئەماڵەوە ) بووە بە ( دەڕۆم )ە ماڵەوە ( دەڕۆمە ماڵەوە ) ...

لە کۆتاییشدا حاڵەتێکی دی دەنگی ( ئ ) باس دەکا و دەڵێ : (( لە نووسینی وشەی عارەبیدا دەبێ هەمزەی میانەیی یان دەربخەین ، وەکو ( قورئان ، جەبرائیل ، میکائیل ) .

لە بارێکدا کە لە زمانی خەڵك پیٚیان دەڵێن : ( قورعان ، قورحان ، جبرەییل ، میکاییل )) ( ل ١٧ ).

مامۆستا وەهبی لەم چەند لاپەڕەیەی وتاری ناوبراودا ، هەندێ باری تێچوون و پەیدابوونی دەنگی ( ئـ )ی خستووەتە ڕوو و ڕای خۆی دەربارەی چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی لە نووسیندا نیشان داوە ... ئەم باسە ، وێڕای هەندێ لایەنی باش و ڕاستی لە خەوش و ناتەواوییش بێبەش نییە :

١- شێوازی دەربڕینی بیروڕاکان و ڕوون کردنەوەکەیان تا ڕادەیێك ئاڵۆزە .

٢- دەنگی / ئ / ، سەرباری ئەو تێچوون و پەیدابوونانەی یادداشت کراون ، لە چەند حاڵتێکی دییشدا تیٚدەچن و پەیدادەبن ، کە باش وابوو ، ئەمانیش باس بکرێن.

---

(٤٩) تۆفیق وەهبی ، زانیاری گشتیی پێشەکی ، گۆڤاری (( هیوا )) ، ژ ١ ، پاریس ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ١٠ - ١٨ .

٣- كێشەی هەمزەی نیگاری دەنگی ( ئ ) ، تەنیا هەر ئەو بارانە ناگرنەوە ، كە مامۆستا لێیان دواوە ، بەڵكو كۆسپ و تەگەرەی تریشی هەیە ...

٤- بەڵێ ( پەیدابوون ) و ( تێچوون ) دوو یاسای دەنگین ، كە دەنگی ( ئ ) تێیاندا كاریگەرە ، بەڵام خۆ لە چەند یاساییێكی دییشدا ، وەك ( دەنگەگۆڕكێ ) و ... هاوبەشی دەكا و مامۆستا بە لایاندا نەچووە .

د. نەسرین فەخری لە وتارێكیدا، كە لە بەرگی ( ١٣)ی گۆڤاری (( كۆڕی زانیاری عێراق . دەستەی كورد )) ( ١٩٨٥ )دا بڵاوی كردووەتەوە[٥٠] ، لە باسی جێگۆڕكێی دەنگ ؛ گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێكی تر ؛ زیادكردن و لێكدان و فڕێدانی دەنگ ؛ ئاڵوگۆڕ و دەستكاری كردنی دەنگی وشە دواوە .

نووسەر بۆ ئەم وتارەی كەرەستەییێكی زۆری زمانی كوردی و عەربی خڕكردووەتەوە ... بەڵام لە لێكدانەوەیاندا شتی ئەوتۆی وتووە ، كە نەك هەر لە زانستدا جێی نەبێتەوە، بەڵكو جێی سەرسوڕمانیش بێت .

بەوێنە وای داناوە ، كە وشەی ( لاسار ) لە ( سالار ) ەوە كەوتووەتەوە ، ئەویش لە ڕێی جێگۆڕكێی دەنگەكانەوە ... بەهەمان شێوە وای دەربڕیوە ، كە (ڕیش ) لە (شیر )ەوە ؛ ( گەڕ ) لە ( ڕەگ )ەوە ؛ ( كات ) لە ( تاك )ەوە ؛ ( جەنگ ) لە ( گەنج )ەوە ؛ ( ژاكاو ) لە ( كاژاو)وە پەیدابوون ... ( ل٢٧٥ ) .

لەوەش سەرنج ڕاكێشتر ، وای لە قەڵەم داوە ، كە هەندێ وشەی كوردی لە ڕێی هەڵگێرانەوەیانەوە لە عەرەبییەوە ، وەرگیراون ... دەڵێ : ( سەر ) لە ( رأس )ەوە ؛ (ڕوون ) لە (نور)ەوە ؛( باغ ) لە ( غابە )وە ... ( ل ٢٧٦ ).

... و گەلێكی دی .

لیژنەی زمانی كوردی كۆڕی زانیاری عیراق . دەستەی كورد لە كتێبێكی (٧٦) لاپەڕەییدا ، بە نێوی (( هەندێ لە بابەتە كێشەدارەكان لە ڕێزمانی كوردیدا ))وە[٥١] بەرهەمی كۆبوونەوەكانی خولی كۆڕی ساڵی ١٩٨٣ . ١٩٨٤ی پێشكەش كردووە ...

---

(٥٠) د.نەسرین فەخری ، لێكۆڵینەوەییێك دەربارەی جێگۆڕكێ و هەڵگێڕانەوە و گۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی كوردیدا ، (( گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی كورد )) ب ١٣ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ٢٦١ ـ ٢٩٣ .

(٥١) لیژنەی زمانی كوردی كۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی كورد ، هەندێ لە بابەتە كێشەدارەكان لە ڕێزمانی كوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٥ .

لە لاپەڕە ( ٩ . ١٨)دا لە ژێر سەرباسی (( لێکۆڵینەوەی چەند دەنگێکی زمانی کوردی))دا ، وێڕای دەربڕینی بیروڕای جیاواز دەربارەی چەند دەنگێکی وەك ( ژ ) ، ( پ ) ، ( ق) ، ( نگ ) ، ( ند )... لە چۆنێتی و خۆنواندنی هەندێ دەنگ لە کاتی هاتنیان لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی‌دا دواون ... ئەوەی پێوەندی بە یاسا دەنگییەکانیشەوە هەبێ ، ئەو باسەیە ، کە لە کۆتایی ئەم بەشەدا لە بارەی جموجۆڵ و تێچوون و دنگەگۆڕکێی ( ێ ) کردوویانە ...

بە داخەوە لیژنەیێکی دەزگاییێکی زانستی وەهاش ، کەوتووەتە هەمان هەڵەی تێکەڵ کردنی ( دەنگ ) و ( پیت )ەوە ... ئەوەتە بۆ نموونە لە بەندی پێنجەمدا وتوویانە : (( هەمزە لە هەندێ زاردا کە دەستکاری دەکرێت ...)) .

هەرچی د. ئەورەحمانی حاجی مارفە ، جگە لە بەرهەمەکانی زووی ، کە پێشتر لێیان دواین [٥٢] و تێیاندا لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە ، هەروەها ساڵی ١٩٨٦یش لە کتێبی (( نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ))دا [٥٣] گەلێ ڕووی هەمان بابەتی یادداشت کردووە و بە زانیاریی نوێ و تازە فراوانتر و دەوڵەمەندتری کردووە.

لە لاپەڕە ( ٨١ .٩٠ )دا بەراوردێکی نێوان ( فۆنێم ) و ( دەنگ) و ( پیت )ی کردووە... هەر لەم چەند لاپەڕەیەدا ڕا و بۆچوونی خۆی لەمەڕ ( ئـ ) و ( i)ەوە دەربڕیوە . / ئـ /ی بە ( دەنگ ) داناوە و (i)ش بە ( فۆنێم ) و لە یاساکانی پەیدابوون و تێچوون و دەنگەگۆڕکێیانی کۆڵیوەتەوە ... لە ( ل ٩١. ١٠٧ )دا دیاردەی هەندێ دەنگی بزوێن و دیفتۆنگ و کۆنسۆنانتی دەست نیشان کردووە ...

وێڕای باسی یاسای ( پەیدابوونی دەنگ ) و ( تێچوونی دەنگ ) و ( کورتکردنەوە) و ( تواندنەوە ) ... ( ل ١٠٨. ١٣٨ ) ... بۆ یەکەم جارە بە وردی دەربارەی نەهاتنی بزوێن لە سەرەتای وشەوە دەدوێ و بە بەڵگەی زانستی ئەوەی سەلماندووە ، کە لە وشەکانی وەك (( ووچان ، ووڵات ، وورچ ، وورد ، ووتن ... )) ( ل ١٠٩ . ١١٢ )دا ، دەنگی دووەمی هەندێکیان / و . u/ن و هی بەشێکیشیان / i /ن ...

ئەوەی پتر لە هەموو ئەو بەرهەمانەی هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا هەڵمان سەنگاندوون و لەم کارەی ئێمەوە نێزیکتر بێ ، نامەی ماجستێرییەکەی مامۆستا

---

(٥٢ ) بڕوانە : پەراوێزی ژمارە ( ٣٨) و ( ٤٥ ) .

(٥٣ ) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، بەغدا ، ١٩٨٦.

ب) مافی ڕەوای پێشڕەوانی ئەو مەیدانە زەوت نەکرێ و سەری ڕێزو نەوازشت بۆ پێشەنگان دانەوێنرێ.

... هتد .

٢. سەرچاوە کوردییەکانی یەکجار کەمن ... لە ژمارەیێك کتێب و وتاری دیار و ئاشکرادا، کە لەمەڕ هەمان باس و بابەتی مامۆستا تالیبەوە ، گەلێ شتی بەکەڵك و بەسوودیان تێدا خراوەتە ڕوو ، کەچی بە ژێر لێوەوە کروان و سەرەڕای ئەوەش بەشێکی زانیارێکانیان وێکەچن ... بەداخەوە لە بەر زۆریی ئەو سەرچاوانە و فرەیی هاوبابەتییان ، لێرەدا ناتوانین چەندین لاپەڕە بە ناوی ئەو سەرچاوانە و بە یەکدیگرتنی کەرەستەی هاوبەشیان پڕبکەینەوە .

٣. مەبەست و بابەتی نامە ( فۆنۆلۆژی )یە ، کەچی نووسەر لە زوربەی لاپەرەکاندا بە چەشنێك لەگەڵ ( فۆنەتیك )دا تێکەڵی کردووە ، کە باسە سەرەکییەکە لەبیر خوێنەر بچێتەوە ... بە وێنە ، ئەوەتە نووسیویە :

* (( ... جووڵانەوەی ماسولکەکان لە کاتی درکاندنی دەنگەکاندا ... )) (ل ٤٩) .
* (( ... نزم بوونەوەی مەڵاشووی نەرم بەتەواوی ڕوونادات ... )) (ل٥١) .
* (( ... ئەو دەنگە کۆنسۆنانتەی کە لێو خربوونەوەیان لەگەڵدا نییە )) (ل٥٥) .

... و لە دەیان لاپەڕە و شوێنی دیدا .

٤ . بەشێك لە زاراوەکانی لەگەڵ ناوەرۆك باش ناگونجێن ... بۆ نموونە (( گونجان ))ی بۆ (( Assimilation )) داناوە ... بە ڕای ئێمە ( وێکچواندن ) ئەو واتایە دەگەیەنێ .

٥ . باسەکەی نووسەر سەبارەت (( دیاردەی ئاسان بوونی فۆنێمەکان لە زاری سلێمانیدا))یە ... ئایا کردنی ( ند ) بە ( نگ ):( مەند . مەنگ ؛ ماندوو . مانگوو ...)، یان گێڕکردنی ( ك ) و ( گ )ی پێش ( ێ، ی ، وێ ، وی ) : (کێرد ،گێڕ ، گوێ ، کوێ ...)... و هەندێ حاڵەتی دی ئاسان بوونە یان شێوان و گران بوونە ... ئێدی بە چ سەنگ و تەرازوویێك ئەمانەشی خستووەتە ڕیزەوە.

٦. هەندێ یاسای دیار و ئاشکرا و گرنگی باس نەکردووە ( بڕوانە : بەشی دووەمی ئەم نامەیە ) .

٧. هیچ بایەخێکی بە باری مێژوویی ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر فۆنێمەکاندا هاتوون ، نەداوە . واتە ڕەوڕەوەی قۆناغەکان ، یان پلەکان ، یان دەورەکانی ئاسان بوونی پشت گوێ خستووە.

.. و هەندێکی دی.

وتاری (( فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی ))ی مامۆستا وریا عومەر ئەمین [٥٥] ، کە هەوڵدانێکە بۆ روون کردنەوەی هەندێ جیاوازی لە نێوان ( فۆنەتیك ) و ( فۆنۆلۆژی)دا ، بە هەشت نۆ دێڕێك باسی یاسا دەنگییەکانی تێدا کراوە . بە وێنە :

(( ٣. لە ئەنجامی لێکدانی فۆنێمەکان ، دەنگ هەیە دەگۆڕێ . هەیە دەتوێتەوە. هی تازە پەیدا دەبێ )) ( ل ٢٥٢ ) .

(( ... لە ئەنجامی لە یەکدانی فۆنێمەکان ( لە هەندێ حاڵەت دا ) دەنگ هەیە دەتوێتەوە وەك توانەوەی (ە )ی ئامرازی پێناسین ( ەکە ) کە ( ان )ی کۆی دەچێتە سەر :

خانووەکە . خانووەکان

هەندێ جار لە ئەنجامی لێکدانی دەنگەکان دەنگی تازە پەیدا دەبێ وەك دەرکەوتنی ( ی) لە نێوان دوو ( ا )ی ( مامۆستا ) و ( ان )ی کۆ .

لە هەندێ حاڵەتا دەنگ هەیە شێوەکەی دەگۆڕێ . وەك گۆڕینی ( ۆ ) بە ( و )ی کپ وەك من دەخۆم = ئەو دەخوات )) (ل ٢٥٦ . ٢٥٧).

دەربارەی ئەو چەند دێڕەی سەرەوە سەرنج بۆ دوو خاڵ ڕادەکێشم :

١. باسی تێچوونی (ە) و پەیدابوونی ( ی . Y ) و بوونی (ۆ) بە ( و . W ) دەیان ساڵ بەر لە ئێستا و لە لایەن چەندین زمانەوانەوە لێی‌کۆڵراوەتەوە ... جا دەبوو پەنجە بۆ ئەو سەرچاوانە ڕابکێشرێ ...

٢. بۆ نیشاندانی جیاوازیی نێوان ( فۆنۆلۆژی ) و ( فۆنەتیك ) چەندین یاسا و دەیان دیاردەی دەنگی هەیە و کەچی مامۆستا وریا تەنیا ئەو سێ دۆخە ئاشکرایەی کردووەتە نموونەی ئەو بابەتە فراوانە .

مامۆستا محەمەد مەعرووف فەتتاح لە کتێبی (( زمانەوانی ))دا [٥٦] لەبارەی چەند یاسا و دیاردەیێکی دەنگییەوە زانایانە دواوە (ل١١٥ – ١٢٠) :

دەربارەی ( گۆڕان ) ، نووسیویە : (( گۆڕان لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوو دەدات و (ئاستی فۆنۆلۆجی و فۆنەتیك ) ، ( ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیك ) . لە هەر ئاستێکدا چەند شێوەیەکی گۆڕان بەدی دەکرێ )) (ل ١١٥) .

---

(٥٥) وریا عومەر ئەمین ، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد )) ، ب ٢٠ ، بەغدا ، ١٩٨٩ ، ل ٢٣٩ ـ ٢٥٩ .

(٥٦) محەمەد مەعرووف فەتاح ، زمانەوانی ، هەولێر ، ١٩٩٠ .

نووسەر لە سەرەتادا ئەو دیاردانەی دەست نیشان کردووە ، کە لە زوربەی زمانەکانی جیهاندا بەدی دەکریٚ ... بەدوا ئەمەشدا ، بە وردی لەمەڕ (( لیٚکچوون یان گونجان )) دواوە و ئەوەی وتووە ، کە لە زمانی کوردیدا دەیان وشە هەیە : دەنگی پیٚشەوەی کاردەکاتە سەر دەنگی دواوە و دەنگی دواشەوەی کاردەکاتە سەر دەنگی پیٚشەوەی و دەبیٚتە هۆی تواندنەوەی هەندیٚ دەنگ . بەویٚنە : ... ( دەست گر > دەزگر ) ؛ ( لەگەڵت دیٚم > لەگەڵدیٚم ) ؛ ( دەستی چەب بیٚخیٚرە > دەستی چەپ بیٚخیٚرە ) ... (ل ١١٥).

لە لاپەڕە (١١٦)شدا باسی یاسای کرتاندن ( لە ناوچوون ) دەکا و لە هەندیٚ دەنگ دەدویٚ ، کە لە سەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی وشەدا تیٚدەچیٚ ... هەر لە هەمان لاپەڕەدا ئەو گۆڕانکارییەی یادداشت کردووە ، کە بەسەر ئامرازی ناساندندا دیٚت ، لە کاتیٚکدا دەچیٚتە سەر وشەییٚك بە بزویٚنی ( یٚ ، ۆ ، ی ، وو ) کۆتایی هاتبیٚ .

کاتیٚ لە (( جیٚگۆڕکیٚی دەنگەکان )) (ل ١١٧ . ١١٨) دەدویٚ ، بۆ پیٚسەلماندنی باسەکەی وشەی (( زیخ . خیز ؛ ئەرز . عەرد ...))ی کردووەتە نموونە.

لە دوا باسدا ، ئەوەی خستووەتە ڕوو ، کە بوونی یەك جۆر / ل / لە زارەکانی کوردیدا و دوو / ل / لە زاری سلیٚمانیدا (( گەشەییٚکی دواتر بیٚت )) (ل ١٢٠) .

بیٚگومان ، چەند کەموکورتییەکی کەمی ئەم باسە ، کار ناکەنە سەر ڕاستە شەقامی لیٚکۆڵینەوەکە .

وتاری (( لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی ))ی مامۆستا وریا عومەر ئەمین (٥٧) بریتییە لە سیٚ باسی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی :

١. (( یاسای دەرکەوتنی ( ر ) )) ، کە دە ساڵ پیٚشتر. واتە ساڵی ١٩٨٦ دوو جار لە : ئ ژمارە (٧٢)ی گۆڤاری (( ڕۆژی کوردستان )) (٥٨) و ب . بەرگی پازدەهەمی (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق . دەستەی کورد ))دا (٥٩) بڵاویکردووەتەوە .

---

(٥٧) وریا عومەر ئەمین ، لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نویٚ )) ، ژ ١٣٨ ، بەغدا ، ١٩٩٦ ، ل ١٨ـ ٢١ .

(٥٨) وریا عومەر ئەمین ، یاسای دەرکەوتنی (( ر )) ، گۆڤاری (( ڕۆژی کوردستان )) ، ژ ٧٢ ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ١٩ـ٢٠ .

(٥٩) وریا عومەر ئەمین ، پاشبەندەکان ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد )) ، ب ١٥ ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ١٨٢ـ١٩٣ .

٢. یاسای دەرکەوتنی ( ت ) ، کە ساڵی ١٩٨٤ لە ژمارە ( ٦٦ )ی گۆڤاری (( ڕۆژی کوردستان ))[٦٠] و ساڵی ١٩٨٦یش لە (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق . دەستەی کورد))دا[٦١] ڕۆشنایی بینیوە .

ئەم دوو یاسە زووتر یەکی دوو جار بڵاوکراونەتەوە ... دەمێنێتەوە سەر بابەتی سێیەمی وتارەکە ، کە (( یاسای دەرکەوتنی ( ی )یە )) .

بەتایبەت بۆ ئەم دوا بەشە ، گلەیی لە مامۆستا وریا دەکرێ ، چونکە باسی ئەوەی کاتێ دوو بزوێن دەکەونە پاڵ یەك ، یان ( ی ) لە نێوانیاندا دەردەکەوێ ، یان یەکێك لە بزوێنەکان دەتوێتەوە ، دەیان ساڵە لە لایەن زمانەوانانی کوردەوە لێیکۆڵراوەتەوە ، کەچی تازە مامۆستا وریا باسی دەکا و پەنجە بۆ کاری هیچ کەسیش ڕاناکێشێ...[٦٢]

مامۆستا میدیا لە کتێبی ((سەرەتاییەکی زمانناسی))دا ، کە لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی[٦٣] ، لە بەندی چوارەمی فەسڵی شەشەمدا . (فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی)، کە بە نێوی (( کار لە یەکدی‌کردنی دەنگەکان لە لێشاوی ئاخاوتندا ))وەیە (ل ٢٩١-٢٩٧) و یاسا دەنگییە جۆربەجۆرەکانی زمانی ڕووسی تێدا باس کراوە ، هەوڵی‌داوە بە نموونەی زمانی کوردی و ، هەندێ کەرەستە و زانیاریی خۆی و بەراوردکردنی هەردوو زمانەکە چەند یاسای وێکچووی ئەو دوو زمانە ساغ بکاتەوە و دیاری بکا .

بەر لە ساڵێك ، مامۆستا محەمەد حسێن زەهاوی لەو نامەی ماجستێری‌یەیدا. ((گیروگرفتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی )) ، کە پێشکەشی کۆلێجی

---

(٦٠) وریا عومەر ئەمین ، یاساییکی فۆنۆلۆجی ، گۆڤاری (( ڕۆژی کوردستان )) ، ژ ٦٦ ، بەغدا، ١٩٨٤ ، ل ٥١ - ٥٢ .

(٦١) بڕوانە : پەراوێزی ژ ٥٩ .

(٦٢) بۆ زانیاری تەواو لەو بارەیەوە ، بڕوانە : د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕەخنەی نارەختە ، بەرگی یەکەم ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ، ل ١٢-١٧ .

(٦٣)میدیا ، سەرەتاییکی زمانناسی ( لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی ) ، سلێمانی ، ١٩٩٨ .

پەروەردە ( ئیبن ڕوشد )ی زانکۆی بەغدای کردووە (٦٤) ، ئاوڕی لە چەند یاسا و دیاردەیێکی دەنگەکانی زمانی کوردی داوەتەوە و ڕەنگدانەوە و کێشەیانی لە نووسیندا باس کرودووە .

لە بەشی دووەم . (( کێشەی نیگاری دەنگەکان )) (ل۳۱ . ۳۸) و ، بەشی سێیەم . ((گیروگرفتی نووسینی وشەکان و تێک بەستنیان )) ( ل٤٠ . ٥٦) و (( ئەنجام )) (ل٥٨ . ٦٤)دا .. لەو بارەیەوە گەلێ زانیاریی بەکەڵك بەرچاودەکەوێ .

چەند مانگێك لەمەوبەر ؛ د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف نامیلکەیێکی بە نێوی ((دیاردەکانی دەنگی ( د ) لە شێوەی سلێمانیدا ))وە بڵاوکردەوە (٦٥) ، کە تێیدا ڕۆڵی ئەو فۆنێمەی لە پێنج یاسادا خستووەتە بەرچاو:

(( ١. تێچوون )) (ل ٤ . ١٥)

((٢. پەیدابوون )) (ل ١٥ . ١٦)

(( ٣. دەنگەگۆڕکێ )) (ل ١٦ . ٢٣)

(( ٤. وێکچواندن ( ل٢٣ . ٢٧)

(( ٥ . ڕێککەوتن )) (ل ٢٧ . ٢٨)

... و بە نموونە و بەڵگەوە قۆناغەکانی ئەو دیاردانەی هەر لە سەردەمی نالییەوە تا ئەمڕۆ نیشان داوە.

بەر لە دوو هەفتە کتێبێکی بە بەها و بایەخداری د. محەمەدی مەحوی . (( چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردیی و ڕێزمانی عارەبیی )) (٦٦) کەوتە بەر دیدەی خوێنەران... ئەم بەرهەمە لە ڕێی شێواز و ڕێبازێکی نوێی لێکۆڵینەوەوە ، بە گەلێ تیۆریی فۆنۆلۆژیی سەردەم و کەرستەی دەوڵەمەند و ڕاست و پەسەندی کوردی و عەرەبی و ئەڵەمانی ئاشنامان دەکات ...

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم کارە ، بەداخەوە لێرەدا هەر هێندە ڕێ و مەودامان هەیە ، لەو چەند شوێنە کەمە ( ئەویش بە کورتی ) بدوێین ، کە پێوندییان بەم باسەی ئێمەوە هەیە .

---

(٦٤) محەمەد حسێن عەلی زەهاوی ، گیروگرفتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ( نامەی ماجستێر ) ؛ زانکۆی بەغدا ، کۆلێجی پەروەردەی ( ئیبن ڕوشد ) ، ١٩٩٩ .

(٦٥) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا ، بەغدا ، ٢٠٠٠ .

(٦٦) د. محەمەدی مەحوی ، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردیی و ڕێزمانی عارەبیی ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ .

نووسـەر لـە لاپـەڕە (٣٤) و خـاڵی (١٦)دا ، کـە باسـی (( ئەڵتەرناسـیۆن و خۆگونجاندنەکان)) دەکات ، ئەم نموونە ڕاست و ڕەوانانەی هێناوەتە :

(( (أ) / سك / ~ / زگ / ؛

/ ساغ / ~ / ساخ / ؛

/ باخ / ~ / باغ / ؛

/ باخەوان / ~ / باغەوان /

/ تۆز / بەرامبەر / تۆز . قاڵ / ~ / تۆس . قاڵ .

(ب) وشەی بیانیی

| عارەبیی | کوردیی |
|---|---|
| / بەغداد / | /بەغا / |
| / کتاب / | / کتێب / ~ / کتێو / ~ / کتێب |
| / مسمار / | / بزمار / |

| کوردیی | فارسیی |
|---|---|
| / پێغەمبەر / ~ / پێغەمەر / ~ پەیامبەر / | / پەیغەمبەر / |
| / پاد | / پیٚ / )) . |

لە لاپەڕە (٥٤ )یشدا ، کاتێ سەرەوریزبوونی جێناوەکان ڕوون دەکاتەوە ، کە ڕستەی ((مـن پەرتووکەکـەم بـە ئـەو دا )) دەگـۆڕێ بـە (( مـن بـەوم دا )) ، کێشـەی تێچوونی / ئە / دێنێتە ناوانەوە ...

... هتد .

☆ ☆
☆

# بەشی دووەم

# یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی

## سەرنجی چوونە نێو بابەتەوە

دەنگەکانی ئاخاوتن کە لە پێکهاتنی بڕگە و وشە و ڕستەدا بەکاردەهێنرێن ، کار لە یەکدی دەکەن و دەکەونە ژێر باری گۆڕانەوە . شێوەگۆڕینی دەنگ لە زنجیرەی ئاخاوتندا دیاردەی دەنگین و بەپێی یاسای جۆربەجۆر خۆیان دەنوێنن .

هەر زمانێك خاوەنی یاسای دەنگیی خۆیەتی ، لەبەر ئەوە دەنگسازی وەك زانستێك لەسەر کەرەستەی چەسپاوی ئەو زمانە ڕۆدەنرێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك مادەییێکی زانست دەنگسازیی گشتی هەیە ، ئەویش کە مەبەستی ڕێکخستنی شێوازی گشتییە لە لێکۆڵینەوەی پێکهاتنی دەنگسازیدا . هەرچەندە هەر زمانە خاوەنی کەرەستەی تایبەتی و شێوەی جیاواز و بەکارهێنانی سەربەخۆیە و ئەو تایبەتییانە لە زمانانی جیاوازدا دەبینرێن ، کەچی سەرەڕای ئەوەش هەندێ بنەما هەن ، کە پێویستە بخرێنە نێو بناغەی لێکۆڵینەوەی هەر زمانێکەوە . بەو پێیە بۆ تێگەیشتنی ڕێگە سەرەکییەکانی دەنگسازیی کوردی پێویست بە ئاوڕدانەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەندێ کێشەی زانستی زمان هەیە .

هەر زمانێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە بگرین ، دەبینین کە خاوەنی چەندین تایبەتێتیی ئەوتۆیە، کە لە زمانەکانی دیکەی جودادەکاتەوە ، یاخود ڕووی وای هەیە نێزیکی دەخاتەوە . خۆ ئەگەر لە زمانی کوردیدا لە یاسا دەنگییەکان وردببینەوە و لەگەڵ چەند زمانێکدا بەراوردی بکەین ، ئەوە هەندێ ڕاستیمان بۆ ئاشکرا دەبێ . بەوێنە ( یاسای وێکچواندنی دەنگ ) و (یاسای پەیدابوونی دەنگ ) ... چۆن لە زمانی کوردیدا کاریگەرە ، بە هەمان چەشن لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیشدا لە کاردان .

لەسەر بناغەی زانستی زمان و بۆچوون و تێگەیشتنی خۆمان (( یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی لەو سنوور و شێوە و خاڵانەی خوارەوەدا دیاری دەکەین:

١. وێکچواندنی دەنگ
٢. تێچوونی دەنگ
٣. پەیدابوونی دەنگ
٤ . دەنگەگۆڕکێ
٥ . جێگۆڕکێی دەنگ
٦. گونجان و نەگونجانی دەنگ
*
...

---

* وێرای ئەو شەش یاسایە ، هەندێ دۆخ و باری دی هەن ، کە لاوەکین و کەمێك پێوەندییان بە دیاردەی دەنگییەوە هەیە ... بەڵام لەبەر ئەوەی پتر بە یاسای دیەوە بەندن ، بۆیە لە نێو ئەو یاسایانەی سەرەوەدا دامان نەناون . وەك :

١ـ کورتکردنەوەی دەنگ .

لە زمانی کوردیدا لە کورت و درێژیی بە دەمدا هاتنی بزوێنی / وو ـ û /دا چەندین نموونەی ئاشکرا هەیە . ئەوەتە ئەو بزوێنە لە وشەکانی (( نووسین ، پێنووس ))دا درێژتر دەوترێ وەك لە وشەی ((نووسرا...))دا. هۆی ئەمەش ، ئەوەیە کە لە وشەکانی (( نووسین ، پێنووس ))دا ، هێز لەسەر دەنگی / وو-û/ە ، بەڵام لە وشەی (( نووسرا ))دا هێز دەخرێتە سەر دەنگی / ا / . دیاردەی گوێزانەوەی هێزیش لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەك لە زمانی کوردیدا زۆر باوە . ئەم بابەتەش دەچێتە باسی ( هێز ـ Stress )ەوە .

٢ـ تێکەڵبوون .

هەندێ پێشگری ئاسادە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێشبەندی ( دە ، بە ، لە ، وە ، ڕە ) لەگەڵ ژمارەی ( یێك ، یەك ) پەیدابوون . وەك :

= پێك : پێکهێنان ، پێکهاتن ...

تێك : تێکچوون ، تێکشکان ...

لێك : لێکدان ، لێکبوون ...

وێك : وێك‌کەوتن ، وێکخستن ...

ڕێك : ڕێك‌بوون ، ڕێکخستن ...

ئەمانە پتر بە کێشەی وشەسازییەوە بەندن .

### ٣- گواستنەوە .

واتە ئەو ئاڵوگۆڕەی لە نێوان پێشبەند و پاشبەنددا ڕوودەدات . وەك :

بۆ <> ە

من چووم بۆ زانکۆ <> من چوومە زانکۆ

....

بە <> ە

من بووم بە خوێندکار <> من بوومە خوێندکار

....

ئەمەش پتر چالاکیی ڕستەسازییە .

... و هەندێکی دی

هەندێ لە زمانەوانە ئینگلیزەکانیش ، کە لە وتووێژی ئاساییدا گەرچی ئەوتنی کرداری بوونەك ( فعل الكينونة ـ Verb to be ) لەکاتی ڕانەبوردوودایان بە تێچوونێکی دەنگسازی لە قەڵەم داوە ، بەڵام نەیانخستووەتە ڕیزی (( یاسا دەنگییەکانی زمانی ئینگلیزییەوە ( بڕوانە :

Adrian Akamajan , Richard A. Demess , Ann K. Farmer , Robert M. Harnish , Linguistics - " An Introduction to Language and Communiation " , London , 1995 , p.268 .

-١-

## وێکچواندنی دەنگ . Assimilation

یاسای وێکچواندن بریتییە لە کاری کاریگەریی دەنگە دراوسێکان لە وشە و ڕستەدا، بۆ ویست و ئارەزووی هاودەنگی و وتن و یەکخستنی خەسڵەت و تا دەگاتە بەرجەستەکردنی دەنگ ، یاخود کەم کردنەوەی و هەروەها ئاسانکردن و سفت بوونی توانستی ئاخێوەر .

دەربارەی ڕوویێکی ئەم یاسایە ( د. خليل إبراهيم العطية ) ، دەڵێ :

(( ئەگەر هاتوو دوو دەنگ لە کاتی ئاخاوتندا لە شوێنی هاتنەدەرەوەیاندا بەیەك گەیشتن و (گڕ ) یان ( بەرز) بن ، ئەوە یەکێکیان بە چرپە ، یان بە سووکی دەردەبڕرێ . واتە لە نێوانیاندا گرژبوون و ڕاکێشان دروست دەبێ . واتە هەر یەکەیان دەیەوێ ئەوی دی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ))[1] .

ئەم زمانەوانە عەرەبە کاری یاسای وێکچواندنی بە دوو جۆر داناوە :

١- کاریگەریی دەنگی پێشەوە بۆ سەر دەنگی دواوە ( Progressive ) .

٢- کاری دەنگی دواوە بۆ سەر دەنگی پێشەوە ( Regressive).[2]

(فرۆمکین ڕۆدمان ) سەبارەت بەو دیاردەیە نووسیویە : (( یاسای وێکچواندن بە هۆی کاری فسیۆلۆژیی ئاخاوتنەوە ڕوودەدات بۆ مەبەستی پتر ئاسانکردنی هێز و وزەی ئاخێوەر ... یاساکانی وێکچواندن شکاندنەوەیە بۆ ئەو دیاردەیەی لە زماندا پێی‌دەڵێن ( قسەی هاتوو ) . بڵاوکردنەوەی دەنگێك یان بەرەو دواوە هێنانی دەنگێك ... ))[3] .

مامۆستا تالیب حسێن عەلی لە بارەی وێکچواندنەوە ، کە ئەو زاراوەی ( گونجان )ی بۆ داناوە ، وای ڕاگەیاندووە : (( بریتییە لە ( گۆڕانی دەنگێك ، بۆ ئەوەی لە دەنگێکی دراوسیی خۆی بچێت . مەبەست لە گونجان ئاسان کردنی

---

(١) د. خليل إبراهيم العطية ، في البحث الصوتي عند العرب ، بغداد ، ١٩٨٣ ، ص ٦٨ .

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٧١-٧٢ .

(3) Victorria Fromkin , Robert Rodman , An Introduction to Language , printed in the " Uinited States of America ", 1988 ,P.99 .

درکاندنه . هەروەها هۆی ڕوودانی ئەم دیاردەیە بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامانی دوان ) و ڕێک خستن و گونجانی جووڵانەوەی ماسوولکەکان لە کاتی درکاندنی دەنگەکاندا . ئەم کارەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی گونجان لە ناو دەنگە دراوسێکاندا ، کە بە چەند یاسایەکی فۆنۆلۆجی دەست نیشان دەکرێن و لێک دەدرێنەوە)) [٤] .

بەدوا ئەم لێکدانەوەیەدا ، ئەوجا بەپێی گۆڕان دوو جۆر وێکچواندنی دیاری کردووە :

(( ١. گونجانی تەواو : لەم جۆرە گونجانەدا ، دەنگێک دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بە تەواوی لە دەنگێکی تر بچێت ، واتە دەنگی کارتێکراو دەگۆڕێت بە دەنگی کارتێکردوو . ئەم دیاردەیە پێیدەوترێت - Complete assimilation - بە مەبەستی ئەوە دێتە کایەوە بۆ ئەوەی کەمترین تین بەکاربێت ، بە هۆی دوورکەوتنەوە لە جووڵانەوەی ماسوولکەیی لە کاتی درکاندندا )) [٥] .

سەبارەت جۆری دووەمیش . واتە ( گونجانی ناتەواو ) ، نووسیویە : (( لەم گۆڕانەدا بەشێک ( واتە سیفەتێک ) لە دەنگەکە دەگۆڕێت ، بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێک پەیدا بکات لەگەڵ دەنگێکی تردا ، بەتایبەتی لەگەڵ دەنگە کارتێکردووەکەدا . واتە گۆڕانەکە هەموو سیفەتی دەنگەکە ناگرێتەوە ، بەڵکو تەنیا لە سیفەتێکدا لەگەڵ دەنگە کارتێکردووەکەدا یەک دەگرنەوە ، بۆ ئەوەی دوو دەنگە جیاوازەکە لە یەکتر نزیک بنەوە لە سیفەتی قەڵەوی یان گڕی یان کپی ... هتد. لەم حاڵەتەدا جووڵانەوەیەکی هارمۆنی پەیدا دەبێت لە بەینی ئەندامەکاندا ، بۆ ئەوەی تینی ماسوولکەیی کەم بەکاربێت لە کاتی درکاندندا )) [٦] .

لە کتێبی (( سەرەتایێکی زمانناسی ))دا ، کە مامۆستا میدیا لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی [٧] ، لەو بارەیەوە وتراوە : (( وێکچواندن لە ئەنجامی کار لە

---

(٤) طالب حسين علي ، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنێمەکان لە زرای سلێمانیدا ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێجی ئاداب ، هەولێر ، ١٩٨٩ ، ل ٤٩ .

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٩ .

(٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٠

(٧) سەرتایێکی زمانناسی ( بەرگی یەکەم ) ، سلێمانی ، ١٩٨٨ ، ل ٢٩٢

( میدیا لە ڕووسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی )

یەکدی کردنی کشانەوە و هەڵمەتی دەنگە دراوسێکاندا ، کە قورسایی‌یان لەسەر یەکدی هەیە ، پەیدا دەبێ . وشەی ( assimilatio )ی لاتینی خۆی دەتوانێ ببێتە نموونەی وێکچواندن . ئەم وشەیە لە: ( assimulo ) . ( وێکیان دەچوێنم ، یەکیان دەخەم )ەوە دروست کراوە . ئەم کردارە لە پێشگری ( as < ad ) و کرداری (simulo) پێکهاتووە. ئەگەر لەگەڵ ( assimilis ) . ( لێچوو )دا بەراوردی بکەین ، دەبینین لە دروست بوونیدا پێشگر ( ad . ) : ( ad- similis) هەیە . کۆنسۆنانتی ( d )ی پێشگر بە تەئسیری هەڵمەتی دەنگی ( s ) ئاوازەدارێتی و کۆسپەکی لە دەست دەدا ... وێکچواندن بریتی‌یە لە کارتێ‌کردنی دەنگەکانی دراوسێ لە کۆمەکی وتندا ، پتریش لە هەر شت کۆنسۆنانت لە ڕووی ئاوازەداری و کپی ؛ نەرمی و توندی‌یەوە دەکەوێتە ژێر باری کارتێ‌کردنەوە )) [8] .

بەدوا ئەم لێکدانەوەیەدا ، دوو جۆر وێکچواندن دیاری کراوە : وێکچواندنی هەمەکی (الکلی ) و هەندەکی ( الجزئی ) هەیە . وێکچواندنی هەمەکی بەو حاڵەتە دەوترێ ، کە هەردوو دەنگەکە بە تەواوی وەك یەکیان لێ بێت . بۆ نموونە ( کردتان ) بە ( کرتتان ) تەلفوز دەکرێ . واتە / د / بە کارتێ‌کردنی / ت /ی دوایەوە ، دەبێ بە / ت / . لێرەدا لە سەرێکەوە دەنگی / د / لە ئاوازەداری‌یەوە دەبێ بە کپ و لە سەرێکی دی‌یەوە وەك / ت /ی دواوەی لێ دێ . وێکچواندنی هەندەکی (ناتەواو) ، بەو حاڵەتە دەوترێ ، کە لە یەك ڕووەوە گۆڕان بەسەر یەك دەنگدا بێ . بەوێنە لە وشەی ( گەستی )دا / ز / تەنیا لە باری کپ بوونەوە کەوتووتە ژێر کارتێ‌کردنی / ت /ەوە و بووە بە / س / ، نەك بە / ت / .

لە ڕووی ئاراستەکردنیشەوە ، وێکچواندنی بەسەر دوو چەشندا دابەش کردووە : (( ڕاستەوخۆ و پێچەوانە . لە حاڵەتی وێکچواندنی ڕاستەوخۆدا قورسایی هەڵمەت لە کۆنسۆنانتی پێشەوە بۆ کشانەوەی ئەو کۆنسۆنانتەی بە دوایدا دێ ڕوودەدات ... لە حاڵەتی وێکچواندنی پێچەوانەشدا کشانەوەی کۆناسۆنانتی دواوە دەکەوێتە سەر هەڵمەتی کۆنسۆنانتی پێشەوەی . بەوێنە لە زمانی ئینگلیزیدا نیشانەی (s)ی بەدوا دەنگی ئاوازەداردا وەك /z/ دەوترێ : Handz < Hands ; readz < reads ... و ئەمە وێکچواندنی ڕاستەوخۆیە . بۆ

---

(٨) هەمان سەرچاوە ، ل ٩٢ - ٩٣ .

نموونەی پێچەوانەش ، ئەوەیە لە زمانی کوردیدا ، کە دەنگی کپی (ش) لەبەردەم هەندێ دەنگی ئاوازەداردا وەك / ژ / دەوترێ : هەشت < هەژدە ... )) [(٩)] .

لەبەر ڕووناکیی ئەو بیروڕا و بۆچوونانەی سەرەوەدا ، دەتوانین لە زمانی کوردیدا دوو جۆر وێکچواندن یادداشت بکەین :

١- وێکچواندنی هەمەکی ( الکلی - Complete assimilation )

ئەم حاڵەتە ، کە بە زۆری لە شێوەی سلێمانیدا دەبیسترێ و هەندێ دەنگ دەگرێتە خۆ ،کە لە نێوانیاندا دوو فۆنێمی / د / و / ب / پتر ئەو گۆڕانکارییەیان بەسەردا دێ :

یەکەم . فۆنێمی / د / :

أ . لە وشەیێکی ناسادەدا گەر مۆرفێمی یەکەم کۆتایی بە دەنگی / ز ، م ، ڤ ، ن ، ڵ، و ، ر... / هاتبێ و یەکەم دەنگی مۆرفێمی دووەمی / د / بێ ، ئەوە ئەو (د)ە، وەك ئەو دەنگانەی مۆرفێمی یەکەمی لێ دێ :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ساز | ز | | | زز | ساززان |
| حەڤ | ڤ | | | ڤڤ | حەڤڤە [(١٠)] |
| هان | ن | | | نن | هاننان |
| بم | م | + | د | مم | بممە |
| ئاو | و | | | وو | ئاووان |
| گوڵ | ڵ | | | ڵڵ | گوڵڵان |
| دەر | ر | | | رر | سەرران |

---

(٩) هەمان سەرچاوە ، ل٩٣ .

(١٠) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، دەربارەی ئەو وشەیە ڕای وایە ، کە :

(( (حەڤڤە ) پاش هەندێ گۆڕان ئەم قاڵبەی ئێستای وەرگرتووە . ئەم وشەیە بە ئەسڵ لە ( حەفت + دە) پێکهاتووە . دەنگی / ت /ی تێچووە .. ئەوجا کۆنسۆنانتی کپی / ف /ی ، کە کەوتووەتە پێش کۆناسۆنانتی ئاوازەداری ( د )ەوە خاسیەتی ئاوازەداریتی وەرگرتووە ـ واتە بووە بە / ڤ / :

حەوتدە < حەودە < حەڤدە

بەدوا هەموو ئەمانەشدا لە شێوەی سلێمانیدا بەر یاسای گونجاندنی هەمەکی کەوتووە و بووە بە ( حەڤڤە ) ))

(بڕوانە نامیلکەی (( دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا )) ، بەغدا ، ٢٠٠٠ ، ل ٢٥) .

ب . دەنگی / د / نەك هەر كە دەكەوێتە دوای ئەو دەنگانەی ناومان بردن ، بەر یاسای گونجاندنی هەمەكی دەكەوەیٚ ، بەڵكو كاتیٚ لە پاش یان لە پێش دەنگی / ت/شەوە دێت ، دیسان تووشی هەمان گۆڕان دەبیٚ :

١. كاتیٚ لە پاش دەنگی / ت /ەوە دێت .

واتە – ت د > دد . وەك :

ماتدان > ماددان

خەتدار > خەددار

...

٢. دەمیٚ دەكەوێتە پێش دەنگی / ت /ەوە :

واتە . دت > تت

كردتان > كرتتان

بردتان > برتتان

...[11]

تێبینی :

دەكریٚ سەرجەمی حاڵەتی بەندی ( ا ) و خاڵی یەكەمی بەندی ( ب ) بە گۆڕانی بەرەو پێشەوە ناوبەرین و خاڵی دووەمی بەندی ( ب ) بە گۆڕانی بەرەو دواوە .

دووەم . فۆنێمی ( ب ):

هەندیٚ جار[12] دەنگی / ب / ، كە بە دوا / م /دا دێت ، دەبێتە / م / . وەك :

شەمبە > شەممە

لێم بە > لێم مە

(١١) شایانی باسە د. ئەورەحمانی حاجی مارف و مامۆستا تالیب حسێن دەربارەی دەوری فۆنێمی ( د ) لە ڕێكچواندنی هەمەكیدا زانیاریی باشیان تۆماركردووە . بڕوانە :

( أ ـ نامیلكەی (( دیاردەكانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا )) ، ل ٢٥ ـ ٢٦ ؛

ب ـ نامەی ماجستێری (( فۆنۆلۆجی كوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنێمەكان لە زاری سلێمانیدا )) ، ( ل ٤٩ ـ ٥٠ ) .

(١٢) بۆیە وتوومانە ( هەندیٚ جار ) ، چونكە ئەوەتە لەم وشانەدا ( كەم بوون ، گەوم بوون ... ) ، / ب / بە دوای / م /دا دێت و ناشكرێت بە / م / .

ڕێم بە > ڕێم مە [١٣]

٢. وێکچواندنی هەندەکی ( الجزئی – Partial assimilation ) .

لەزمانی کوردیدا دوو جۆر وێکچواندنی هەندەکی دەبینرێ .

یەك . گۆڕینی دەنگێکی ئاوازەدار بە کپ:

ا. ز > س

گەلێ جار دەنگی ( ز ) کە ئاوازەدارە ، لەبەردەم دەنگی کپ ، بەتایبەتی ( ت ، ك )دا وەك ( س) دەوترێ ، کە ئەم دەنگە هاوەڵە کپەکەیەتی .
وەك :

پارێز > پاراستن ، پاراستی
گەزین > گەستن ، گەستی
ناز + ك – نازك > ناسك
... هتد

ب . ژ > ش

دەنگی / ژ /ی ئاوازەداریش ، دەمێ لە پێش / ت /ی کپەوە دێت ، بە (ش)ی کپی بەرانبەری دەردەبڕرێت . وەك :

کوژران > کوشتن ، کوشتی
ڕژان > ڕشتن ، ڕشتی
نێژران > ناشتن ، ناشتی
ڕۆژ + تان > ڕۆشتان
... هتد

ج . ب > پ

بەتایبەت کاتێ لە پێش دەنگی / چ / ، / ك /ەوە دەردەکەوێ

بچۆ > پچۆ
چ بکەم > چ پکەم
... هتد

---

(١٣) هەرچی ( لێم مە ، ڕێم مە )ن ، بەر لەوەی بەر یاسای وێکچواندن بکەوێ ، بە یاسای تێچوونی دەنگدا تێپەڕیوە ، چونکە لە بنەڕەتدا ( لێم بدە ، ڕێم بدە )ن ـ واتە لە سەرەتادا دەنگی / د /یان تێچوە ... بەو پێیە دوو یاسا دەیانگرێتەوە .

دوو . گۆڕینی دەنگێکی کپ بە ئاوازەدار :

أ. س > ز

دەست + گا > دەزگا

مس + گەر > مزگەر

(١٤)

...

تێبینی :

١. وشەی (( دەزگا )) لە (( دەست + گا )) پێکهاتووە . لە سەرێکەوە دەنگی / ت / قووت دراوە ، واتە بەر یاسای تێچوون کەوتووە . لە سەرێکی دییەوە / گ / کە کۆنسۆنانتی ئاوازەدارە لەگەڵ دەنگی / ز /دا ، کە ئەمیش هەر کۆنسۆنانتی ئاوازەدارە پتر دەگونجێ ، وەك لەگەڵ / س /دا ، کە کۆنسۆنانتی کپە . لەم ڕووەوە یاسای وێکچواندنی هەندەکی کاری کردووە.

٢ . وشەی (( مزگەر )) لە ( مس + گەر ) پێکهاتووە . لە وشەی (( مس ))دا دەنگی / س / گپ دەکرێت . کاتێ پاشگری ( گەر )ی دەخرێتە سەر ، دەبێتە ئاوازەدار و وەك / ز / دەوترێت . ئەویش هۆی دەوربینینی یاسای وێکچواندنە . واتە کاتێك / س /ی کۆنسۆنانتی کپ دەکەوێتە پێش / ك/ی کۆنسۆنانتی ئاوازەدارەوە ، دەبێتە دەنگێکی ئاوازەدار.

ب . ش > ژ

هەشت + دە - هەژدە

پشت + دەر - پژدەر

پاش + نە - پاژنە

... هتد .

تێبینی :

١. وشەی (( هەژدە )) لە ( هەشت ) و ( دە ) پێکهاتووە . دەنگی / **ت** / تێچووە ، واتە لەمەدا بەر یاسای تێچوون کەوتووە . لە سەرێکی دیکەوە / د / کە کۆنسۆنانتی ئاوازەدارە لەگەڵ دەنگی / ژ /دا ، کە ئەمیش هەر کۆنسۆنانتی ئاوازەدارە پتر

---

(١٤) د. نەورەحمانی حاجی مارف لە کتێبی (( زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا )) ( ل ٥٧ ـ ٥٩ )دا بەشێکی زۆری ئەو وێکچواندنە هەندەکییانەی باس کردووە . ئێمەش بۆ ئەم بەشە سوودێکی زۆرمان لە سەرچاوەی ناوبراو وەرگرتووە .

دەگونجیٚ وەك لەگەڵ / ش / دا ، کە کۆنسۆنانتی کپە ، لەم ڕووەوە یاسای گونجاندن کاری کردووە [١٥] .

٢. وشەی (( پژدەر )) لە ( پشت + دەر ) پێکهاتووە ، لە وشەی ( پشت )دا دەنگی / ش / کپ تەلەفوز دەکرێت ،کاتیٚ وشەی ( دەر)ی دەخرێتە سەر و / ت / تێدەچیٚ ، / ش /ی کپ دەبێتە ئاوازەدار و بە / ژ / دەوترێت . ئەویش هۆی دەوربینینی یاسای گونجاندنە . واتە کاتێك (ش)ی کۆنسۆنانتی کپ دەکەوێتە پێش / د /ی کۆنسۆنانتی ئاوازەدارەوە دەبێتە دەنگێکی ئاوازەدار [١٦] .

٣. وشەی (( پاژنە )) ، کە لە دوو مۆرفێمی ( پاش ) و ( نە ) پێکهاتووە ، گۆڕانەکەی هەر هێندەیە ، کە دەنگی / ن /ی ئاوازەدار ( ش )ی کپی کردووە بە / ژ /ی ئاوازەدار .

(١٥) بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو د. ئەورەحمان...، دیاردەکانی ... ، ل ٢٧

(١٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧ .

# ٢.

# تێچوونی دەنگ

وەك ( د. احمد مختار ) پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە : (( لە زمانی عەرەبیدا ئارەزووی تێچوونی دەنگ هەیە ، بەتایبەت کاتێك لە وشەیەکدا یان لە دوو وشەدا ، کە پێکەوە بێن و دوو دەنگی وێکچوو یەك بە دوا یەکدا بێن ... ئەمەش بۆ خۆ دوورخستنەوە لە زۆریی ئەندامانی ئاخاوتن و ئاسانکردنی کاری دەربڕین ...)) [(١٧)] .

بەدوا ئەم وتانەشدا دوو جۆر حاڵەتی تێچوون باس دەکا:

(( ١. بەدوا یەکدی هاتنی دوو دەنگی وێکچوو ، لە کاتێکدا دەنگی یەکەم بزوێنی لەسەر بێت .

٢. بەدوا یەکتر هاتنی دوو دەنگی جیاواز ، بەڵام نزیك بە یەك . بۆ ئەوەی لەم دوو حاڵەتەدا تێچوون ڕووبدات ، پێویستە ئەم ڕێگایانە بگرینە بەر :

ا. بەدیهێنانی وێکچواندن لە نێوان دوو دەنگی ویستراو بە تێچوونیان ، ئەگەر هاتوو لە یەك نەچن ( واتە . وەك یەك نەبن ) .

ب . بێدەنگ کردنی دەنگی یەکەم ، ئەویش لە بارێکدا وەك یەك نەبن .

ج . تێچواندنی دوو دەنگ ؛ ئەگەر هاتوو یەکەمیان کورت بێ و دووەمیان درێژ و بە دواشیدا بزوێن ... بێتو ئەمە ڕووبدات ، دەکرێ هەردوو دەنگەکە قووت بدرێن یان تێکەڵاو بکرێن و بە تەکانێك بووترێت . لەبەر ئەوە دەبێ بزانین و تێبگەین ، کە ( تێچوون ) مانای نەمانی سنووره لە نێوان دوو دەنگدا کە لە نێو یەکدا دەتوێنەوە ، یاخود جێگیربوونی دەنگێکی (بێدەنگی ) درێژە لە بریتی دوو دەنگی ( بێدەنگ ) )) [(١٨)] .

نموونەی جۆری یەکەمی : (( کَتَبَ بَکر ــ لم یــهتد دلیــل الطریــق ))ه [(١٩)] و بۆ جۆری دووەمیش دەڵێ : (( زمانەوانان مەرجی بەدیهێنانی ( تێچوون ) ، وا دادەنێن کە دەبێت لە سەرێکەوە جیاواز بن و لە سەرێکی دییەوە لە یەکدی نێزیك بن و لەیەك

---

(١٧) د. احمد مختار ، دراسه الصوت اللغوی ، جامعه الکویت ، ١٩٧٦ ، ل ٣٢٤ .

(١٨) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٣٣

(١٩) هەمان سەرچاوە ، ل٣٣٣

شوێن یان لە دوو شوێنی بە یەکەوە نووساوەوە بێنە دەرەوە ، وەك : ( دال لەگەڵ تـــاء) ، ( سین لەگەڵ زای ) ،( صـاد لەگـەڵ طــــاء ) [٢٠] . لـەم بـارەدا کـارتێکردن پێشکەوتووە لـە ( یەکەمەوە بۆ دووەمە ) و ڕەنگە ڕووەو دواشەوە بگەڕێتـەوە ( لـە دووەمەوە بۆ سەر یەکەم ) . واتە ( بەپێچەوانەوە ) ... )) [٢١] .

لە نموونەی پێشکەوتووەکەدا دەڵێ : (( أ . ( اذتكـر ) ئاشکرایە ، کـە تێیـدا ( تاء ) لەژێر کاریگەریی ( ذال)←( اذدکر ) دایە و ( ذال )یش هەڵگەڕاوەتەوە و بووە بە ( دال ) بۆ بەدیهێنانی ( تێچوون ) - ( اذکر ) ماوەتەوە .

ب . (أحَطت ) ، کە دەوترێت ( أحطُ ) .

ج . ( إضطَجَعَ ) ، کە دەوترێت ( أضتجعَ ) )) [٢٢]

بۆ باری پێچەوانەش ئەم نموونانەی هێناوەتەوە :

(( أ. تُطير← اطير

ب . يتصَدق← تُصَدِّق

ج . أضطرَ ← أطَرة

د . عُدِتَ ← عُتُ

هـ . بُلْ رَفَعَهُ ← بِرُفعِهِ

... )) [٢٣] .

(( لــە زمــانی ئینگلــیزیدا لەتــەك یاســای ( وێکچواندنــی دەنــگ )دا یاســای ( پەیدابوونی دەنگ ) و ( تێچوونی دەنگ)یش هەیە ، کە دەشێ بڕگەیێکی دەنگی تەواو پەیدا ببێ، یاخود تێبچێ ... ))(٢٤) .

---

(٢٠) لە چەند پەراوێزێکی ( ژ ٢، ٤، ١٢، ٢٦ ، ٣٣ ، ٣٦ ... ) بەشی یەکەمی ئەم نامەیەماندا ڕەخنەمان لە چەند زمانەوانێکی کورد گرتووە ، کە ( دەنگ )یان بە پیت ناوبردووە ... کەچی ئەوەتە زمانەوانێکی عەرەبی خاوەن بڕوانامەی دوکتۆرای وەك ( د. ئەحمەد مختار ) ساڵی ١٩٧٦ هێشتا ئەو دوو دیاردەیەی لە یەکدی جیانەکردووەتەوە .

(٢١)سەرچاوەی ناوبراو ، د. احمد مختار ، ل ٣٣٣ .

(٢٢)هەمان سەرچاوە ، ل٣٣٤

(٢٣) هەمان سەرچاوە ، ل٣٣٤

(٢٤) سەرچاوەی ناوبراو..... Fromkin , Rodman , An Introduction ... P.103

هەندێ لە زمانەوانانی کوردیش لە یاسای ( تێچوون ) دواون .

بەوێنە ، د. ئەورەحمانی حاجی مارف لە تێچوونی کۆنسۆنانت و بزوێنی کۆڵیوەتەوە و بۆ حاڵەتی یەکەم نووسیویە :

(( ئەگەر دوو دەنگی کۆنسۆنانتی وێکچوو یاخود لێك نزیك ، بکەونە پاڵ یەك ، ئەوە لە دەربڕیندا یەکێکیان ون دەبێ ، وەك :

کورتر = کورت + تر

بڵنتر = بڵند + تر

پاکردن = پاك + کردن

دەسکەوت = دەست + کەوت )) (٢٥)

بۆ تێچوونی بزوێنیش ، وتوویە : (( بەتایبەتی (ە) کە بزوێنێکی دیکەی دێتە پاڵ تێدەچێ.... وەك : ...

بەڕان = بەڕە + ان

مێشان = مێشە + ان

...

پەردەکە = پەردە + ەکە

پارەکە = پار + ەکە

... هتد (٢٦)

مامۆستا تالیب حسێنیش لە نامەی ماجستێرییەکەیدا نووسیویە : یاسای تێچوون ((بریتییە لە سووانی دەنگێك یان زیاتر لە مۆرفێمێکدا ئەمە مەبەست ئاسان کردنی دەربڕینە ، ئەم جۆرە گۆڕانەش کە بەسەر وشە ، یان مۆرفیمەکان دێت لە ئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لە سنووری جیاوازدا دێتە کایەوە ، لە هەندێ حاڵەتدا ، شێوە قاڵبی جیاواز وەردەگرن بێ ئەوەی ئەرك و واتایان کەم بێتەوە)) (٢٧) .

... هتد

* * *

(٢٥) سەرچاوەی ناوبراو ، د. ئەورەحمان ... زمانی کوردی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا ، ل٥٤

(٢٦) هەمان سەرچاو ، ل ٥٤ ـ ٥٦ .

(٢٧) سەرچاوەی ناوبراو ، طالب حسێن ، نامەی ماجستێر ، ل ٥٨ .

ئێمه وا به باش دەزانین تێچوونی دەنگ له سێ باردا لێك بدەینەوە :

١. تێچوونی کۆنسۆنانت

٢. تێچوونی بزوێن

٣. تێچوونی کۆنسۆنانت و بزوێن پێکەوە

### ١. تێچوونی کۆنسۆنانت

یەکەم . / د /

زۆر جار ئەوە بەرگوێ دەکەوێ که دەنگی / د / ناوترێ ، یاخود کلۆردەکرێ وەك : (منالْ ) له بریتی ( مندالْ ) ؛ ( مەحموو ) له جیاتی ( مەحموود ) ؛ ( کڕانی ) لەباتی (کڕاندی) ؛ ( زامار < زامدار ) ؛ ( بەسەرما < بەسەرمدا ) ...

له بارەی قۆناغەکانی تیْچوونی ئەوجۆرە/ د /انەوە ، ئەوە دەخەینە بەرچاو ، که نالی له سەرجەمی شیعرەکانیدا ( جگه له وشەی (( چەن )) [28] نەبێ ) ، ئەو / د /انەی وتووە . به وێنه ، بڕوانه : ( ل١٣٣، د ١ . (( له سینەمدا )) ) [29] ؛ ( ل١١٣ ، د ٤ . (( بده)) ) [30] ؛ (ل٥٩٥ ، د ٤ . (( تێدا )) [31] ؛ ( ل٥٣٠ ، د ٤ – (( به ڕووی ڕۆژدا )) ) [32] ... هتد .

---

(٢٨) چاوەکەت ئاگر له سینەی عاشقی میسکین دەکا
مەستە ، مەیلی چەن کەبابێکی دڵی خوێنین دەکا
(ل ١١١ ، د ٤)

(٢٩) تیری موژگانت له سینەمدا دەچێ بۆ پێی دڵ
هێندە کەچ تابینە قەصدی خانەدانی دین دەکا

(٣٠) جێی دەم دەمە ، جێی لەب لەبە ، ساقی وەرە ئەمشەب
هەم ماچی دەمامەم بدە ، هەم جامی لەبالەب

(٣١) مەدرەسە ، مەحبەسەیە ، مەبحەثەیی وەسوەسەیە
کەسی تێدا هەیە ، ئەمما خۆش و خورسەندی نییە

(٣٢) لەولارێکە لەو لاوە بە ئەم لاوە کشاوە ،
یا یاسەمەنی خاوە به ڕووی ڕۆژدا ڕژاوە ؟!

سەرنج ڕاکێش ئەوەیە تێچوونی ئەم دەنگە زۆر بە خێرایی جێگیربوو ... ئەوەتە نالی لە تاکە وشەیەکدا سواندوویەتی ، کەچی مەحوی ، کە ماوەیێکی کورت بە دوا نالیدا دێ ، پتر لە ٦٠٪ یاندا قرتاندوونی . بۆ نموونە ، بڕوانە ( ل ٨ ، د ٢ . (( بەدارا )) )[٣٣] ؛ ( ل ١٠ ، د ٦ . (( لەسەر ئەرزا )) )[٣٤] ؛ ( ل ٧٠ ، د ١ . (( بە سەرا )) )[٣٥] ؛ ( ل ٢٠٥ ، د ٢ . ((لەشارا)) )[٣٦] ؛ ( ل ٢٨٧ ، د ٣ . (( مەهی ڕوخساریا )) )[٣٧] ؛ ( ل ٢٩٢ ، د ٥ . (( بەسەرما )) )[٣٨] ؛ ( ل ٣٠٢ ، د ٥ . (( لە باغا )) )[٣٩] ( ل ٣٦٣ ، د ٥ . (( لە ناو بەهەشتا )) )[٤٠] ؛ (( ل ٣٤٦ ، د ٢ . (( لە بەزمی ئەمشەوا )) )[٤١] ؛ ( ل ٤٦٣ ، د ٦ . (( بە لاما )) )[٤٢] ... هتد[٤٣] ...

---

(٣٣) هەتا حەق ناصیرە ، هەر حەقمە مەنصوور
وەکوو ( مەنصوور ) ئەگەر بمکەن بە دارا

(٣٤) کە شك بەم (( مەحویا )) هەر شەربەتی مەرگ
لەسەر ئەرزا نیە ناوی گەوارا

(٣٥) قوربێ بکەم بە سەرا یا بە دادڕینی بەرۆك
حەقی مەحەبەت ئەداکەم ، بدەی خودایا دەست

(٣٦) چ شۆرێکی جونوونی پێوەیە بای ئەم بەهارانە
لە شارا هەر زڕەی زنجیرە ، صەحرا شۆڕشی بولبول !

(٣٧) وەك شەو کشا بەسەر مەهی ڕوخساریا خەتی
گیرا ئەم ئافتابە کە قەت بەرنەبێتەوە

(٣٨) پێی بە سەرما نا کە بوومە خاکی ڕێی ، گەردم شوکر
گەییە داوێنی ، دەناڵێی بای شەمالم بۆ چییە !

(٣٩) بەوەم زانی لە باغا چڵچڵی گوڵ هەڵچەقیە داوێنی
کە لێرە دڵ لە سینەمدا برینی نەشتەری دێشێ

(٤٠) ناوی زەنەخدانت لە ناو باغی بەهەشتا بێتە نێو
سەر دەردەگێڕێ باخەوان هەر جێ بەجێ بۆ تف لە سێو

(٤١) درۆیە مەنعی جەمعی صید ، ئەصەر کەن
لە بەزمی ئەمشەوا ڕۆژێ دیارە

(٤٢) بەدەردی خۆمەوە گەر گۆشەیەك دەگرم بە بێ دەنگی
بەلاما دێ بە خەشم و ڕق ، دەڵێ : خۆ نەقشی دیوارە

(٤٣) چەند نموونەییێکی حاڵەتی تێتەچواندن :
ئەرێ دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵ ڕەنگت لە گوڵ چبکا ؟ !

هەرچی ( گۆران )یشە یەکجارەکی ( جگە لە دوو حاڵەتی (( لە دێدا ))[٤٤] و ((خاوەند ))دا[٤٥] نەبێ ) بە کلۆری دەری بڕیون ... چەند نموونەیێك :( ل١١ ، د٣ – ((چـەن))[٤٦] ؛ ( ل ١٦ ، د٨ – (( زەمـاوەن ))[٤٧] ؛ ( ل ١٦ ، د١٠ – (( لـە ڕێـی جوانیتـا))[٤٨] ؛ ( ل ٢٤ ، د٣ – (( منـا )) )[٤٩] ؛ ( ل ٢٨ ، د١ – (( شـینا))[٥٠] ....

---

= که جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێ بولبول لە چڵ چبکا ؟!
(ل ١٢ ، د ٦ )

لە بەنگ ئەم بەنگییانە چی دەبینن: خۆ لە خۆ گۆڕان
لـە دنیـادا مـەداری عـەیش و خۆش : خـۆ نـەنـاسـینە
( ل ٢٤٨ ، د ٤ )

لەو ڕۆژەدا شەفاعەتی چاکانە جێی ئومێد
بۆ عـاصییان و ئەهلی کـەبائیر لـە مـوئمینین
(ل ٢٩٤ ، د ١)

لەبۆ سەیرانی باغ و سەبزە تەکلیفم مەکەن یاران
کە سەبزە و گوڵ لە چاوەدا بە بێ ئەو هەر خەس و خارە
(ل ٤٦٣ ، د ٢)

(٤٤) لە دێدا کام جێت گەورە بەرچاوکەوت
ماڵی ئاغایە و خانەقا و مزگەوت
( ل ١٢٩ ، د ١٣ )

(٤٥) ئەی بت ؟ ئەی بتەوان ؟ شەیتان ؟
خاوەندانی دەزگا و دووکان ؟
( ل ٢٨٨ ، د ١٩ )

(٤٦) چەن بە ئاهەنگ چەن سیحراوی
ئەگمرێ قاز یان مراوی

(٤٧) گوڵ نەبێ بۆ سەرم : ئاڵ چەپکێ ، زەرد چەپکێ
ئایەم بۆ زەماوەن ، ئایەم بۆ هەڵپەرکێ

(٤٨) کچ لە ڕێی جوانیتا ، کچ لە ڕێی جوانیتا
کچ لە ڕێی نێو ئیگای هاتوچۆی کانیتا

(٤٩) ئەبووی لە وزەی دەستکورتیی منا
ئاشکرا و دیارە

(٥٠) لە ژێر ئاسمانی شینا
لەپاڵ لووتکەی بەفرینا

(ل١٩٨، د ١٦ . (( دایکیـــا )) )[٥١] ؛ ( ل ٢٠٠ ، د ١٤ . (( لـــه ژێریـــا )) )[٥٢] ؛ ( ل ٢٠٠ ، د ١٩ . (( بیســتەما )) )[٥٣] ؛ ( ل ٢٣٧ ، د ٥ . (( دەســت باتــه )) )[٥٤] ؛ ( ل ٢٩٦ ، د ١٥ . (( منالّـــان )) )[٥٥] ( ل ٢٩٧ ، د ٦ . (( ئەلـــەرزان )) )[٥٦] ••• هتد •••[٥٧]

دەنگی (د) جگە لەو تێچوونە ئاساییەی ، گەلێ جار بە هۆی کارتێکردنی ئەو دەنگەشەوە ، کە بە دوایدا دێ ، ناوترێ ••• بەتایبەت ئەگەر بکەوێتە پێش دەنگی (ت) یان (ک)ەوە . بە نموونە :

دت : زیادتر > زیاتر[٥٨]

بڵندتر > بڵنتر

....

دک : زیادکردن > زیاکردن

بڵندکردن > بڵنکردن[٥٩]

....

---

(٥١) ئەك دایکی کوڕ ـ مردوو ، دیم کۆرپەی ساوا

لای مەیتی دایکیا ، فرمێسك لە چاوا

(٥٢) فرمانێك ••• قەیناکا قورسیش بێ بە شانم

لە ژێریا لێك دەچێ گشت جومگەی ئێسقانم

(٥٣) زۆر شەرمە لە چەرخی بیستەما ئینسانێ

بێ ئیش بێ و سکی خۆی هەڵ لوشێ بۆ نانێ

(٥٤) تا دەست باتە دەست ئیستیعمار

بۆ مژینی خوێنی هەژار

(٥٥) قەدەغە بوو لە منالّان

بۆ گۆی مەمك بەرن دەمیان

(٥٦) پلنگی دوو پێی دارستان

شارستانیەتیی ئەلەرزان

(٥٧) بۆ زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە ، بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، د. ئەورەحمان ، دیاردەکانی دەنگی (د)... ، ل ٤ ـ ٩ .

(٥٨) لە کۆیا موددەعی دیمی ، بە ئیستیهزا وتی : شاهم !

گەدای ئەم کۆیە بم ، شاهنشەهێکم صەد لە شا زیاتر

(مەحوی ، ل ١٢٥ ، د ٦ )

(٥٩) بۆ باسی تێچوونی دەنگی (د) سوودێکی زۆرم لە نامیلکەی (( دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا ))ی د. ئەورەحمانی حاجی مارف وەرگرتووە .

هەندێ لەو ( چاوگ ) و (قەدی کردار ) و (ناو ) و ( ئاوەڵناو) ...انەی لە کرمانجیی خواروودا دەنگی /د/یان تێدایە و لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا نین . وەك :

| | کرمانجیی خواروو | کرمانجیی ژووروو |
|---|---|---|
| ١. چاوك | مردن | مرن |
| | بردن | برن |
| | کردن | کرن |
| | ..... | |
| ٢. قەدی کردار | مرد | مر |
| | برد | بر |
| | کرد | کر |
| | .... | |
| ٣. ناو و ئاوەڵناو | ئارد | ئار |
| | سارد | سار |
| | ..... | |

جا نەبوونی /د/ لەو وشانەی کرمانجیی ژووروودا هەر لە بنەڕەتدا وا بووە ، یان هەبووە و دوایی تێچووە ، هیچ لێکۆڵینەوەیێکی زانستی لەبارەیەوە نەکراوە و ئێمەش ناتوانین بڕیاری کۆتایی بۆ بدەین ... بەڵام ئەوە ڕادەگەیەنین ، کە لە دەقی کۆندا نەبووە و ڕەنگە ئەمە بەڵگەیێکی سەرەتایی بێ بۆ لە ڕەسەندا نەبوونی.

چەند نموونەییك

تە دوور کرم ژ نك هەڤالان

مەهجوور کرم ژ ملك و مالان

(خانی ، ل ٨٦)

زولفێد خوە کرنە پایە ئەنداز

دەستێد خوە کرنە فەرقێ پەرواز

(خانی ، ل٢٠٤ )

ویٚ ساحیرەییٚ ژ بۆ نیشانە

دیسان خەبەرەك کرە بەهانە

(خانی ، ل ١٥٢)

....

یەك بوو ئەلیف یەك یەك نوقطە کر

چەند شکلیٚ دی لیٚ زێدە کر

(جزیری ، ل ١٥٢ )

ڕۆح و ڕەوانی من حەبیب دیسا ب تەلبیسا ڕەقیب

ڕەنجید کر مسکین غەریب تەرکا دلی ئەحبابیدا

(جزیری ، ل ٨٩)

...

دووەم . /ت/

* بە زۆری لە کۆتایی وشەدا و بە تایبەت کاتێك بە دوا /س/ یان / ش/ یان / و . w/دا دێت

أ . بەدوا /س/دا . وەك :

دەست > دەس

مەبەست > مەبەس

دەربەست > دەربەس

بەربەست > بەربەس

....

ب . بەدوا /ش/دا . وەك :

وەرزشت > وەرزش

یادداشت > یادداش

ج . بەدوا / و . w /دا . وەك :

حەوت > حەو

کەوت > کەو

... هتد

**تێبینی :**

**١. ئەو وشانەی سەرەوە ، کە بە /ت/ کۆتاییان هاتووە ، کاتێ دەبنە پارچەی یەکەمی وشەی لێکدراو دیسان دەشێ نەوترێن . وەك**

**دەستکەوت > دەسکەوت**

**وەرزشتکار > وەرزشکار**

**حەوتسەد > حەوسەد**

**....**

**٢. لە وشەی لێکدراوی (( سەرتاپا ))دا بەهەمان چەشنی وشەکانی خاڵی یەکەم ، چ وتنی /ت/ەکە (بڕوانە : مەحوی ، ل ٢٥٨ ، د ٤ . (( سەرتاپا )) )[٦٠] و ، چ نەوتنی (بڕوانە: مەحوی ، ل ٢٢٩ ، د ٧ . (( سەراپا )) [٦١] بەرچاو دەکەوێ .**

**٣. / ت / لە وشەی دارێژراوی (( هەڵستان . هەڵستاندن ))دا ، کە دیسان بە دوا / س /دا هاتووە ، لەبەر ئەوەی لە پێش / س /ەکەوە / ڵ / هەیە ، لە دوو باردا خۆی دەنوێنێ : یان تێدەچێ ، یان تێناچێ . واتە کاتێ ناوترێ / ڵ / دەمێنێتەوە [٦٢] ، بەڵام گەر بمێنێتەوە ، ئەوە / ڵ / قووت دەدرێ [٦٣] ... ئەم دوو حاڵەتەش چ لە زوودا و چ ئێستاکە لە ناواندان .**

---

(٦٠) شەو هەموو شەو چاوەڕێیە ڕۆژ هەڵێ ، هەر ڕۆژ هەڵات
مەحوە سەرتاپا لەبەر پێیا فیداکارانە شەو

(٦١) سەراپامی بەر ئەشکەنجەی عورقووبەت گرتووە دەوران
لەبەر بێدەستییە وا تێدەگەن خەڵقی کە بێچارەم

(٦٢) لە خەوە هەڵساوە ، یا ئاڵۆزە چاوت
هەمیشە وایە ، یا مەخموورە ، ئەمشەو ؟
(نالی ، ل ٢٨٩ ، د ٣ )

گوتم : ڕاستی صەبا هەڵسە ! گوتی : مەشرەب مرخالیفیە
گوتم : نارێ ، گوتی : بایە ، گوتم : ئەوجێ ، گوتی دوورە
(نالی ، ل ٤٠٩ ، د ٣ )

لە گەرووی شمشاڵ ، لە تەلی کەمان
گەلێ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان
(گۆران ، ل ١٠ ، د ٢ )

ئەخرۆشێ و ئەجۆشێ و کۆمەڵ یەك ئەخا
هەر هەڵسار ئەبینی زیندانت ڕووخا
(گۆران ، ل ٢٦٩ ، د ١٦ )

(٦٣) وەها هەستا بە باڵی جاذیبەی قودرەت ، لە نیوەی ڕێ

* جێناوی لکاوی :

أ. ی (یت)

دەنێری . دەنێریت

دەمری . دەمریت

...

ب. ێ (ێت )

دەنێرێ . دەنێرێت

دەمرێ . دەمرێت

....

ج . ا (ات)

دەخوا . دەخوات

دەبا . دەبات

...

بەپێی ئەو ڕایەی ، کە زمان بەرەو سووك بوون و ئاسان بوون دەڕوا ، دەبێ لە بنەڕەتدا ( یت ) ، ( ێت ) ، ( ات ) بووبن و دواتر / ت /ەکانیان تێچووبێ و /ی/ و /ێ/ و /ا/ مابنەوە ...

بەڵام ئاوڕدانەوە لە دوو لایەن گومان دەخەنە ئەو ڕای ئاسان بوون و تێچوونە و وا ڕادەگەیەنن ئەو جێناوانە لە بنەمادا /ی/ ، / ێ / ، / ا/ بووبن و پاشان ( ت )یان هاتبێتە سەر :

---

= بەجیّما ئەسپ و پەیك ڕەفرەف و ئەم چەرخی دەورانە

(نالی ، ل ٥١٤ ، د ٣ )

بە جێیە ، چونکە ئەو هەستا ، قیامەت جێبەجێ هەستا

لە چەرخ ئەمشەو ، وەکو ئەشکم لە دیدە ، داوەری کەوکەب

(مەحوی ، ل ٥٠ ، د ١ )

ئا لەم کاتەدا کە خەو زۆر خۆشە ،

هەستە و بەرگی ڕێ خێرا بپۆشە ،

( گۆران ، ل ١٣٦ ، د ٤ )

١. نەك هەر لە شیعرەکانی نالی و دواتر مەحوی و تەنانەت زێوەریشدا ، کە هەر شەست حەفتا ساڵێك بەر لە ئێستا دەکا ، تێکڕا ( ی ، یٚ ، ا ) وتراوە و ( یت ، ێت ، ات ) بەرچاو ناکەویٚ .

نموونە بۆ / ی/ :

گاهیٚ دەبی بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ
گاهیٚ دەبی بە دەم دەدەمێنی دەمی غوروور
(نالی ، ل ١٧٦ )

شوکور تۆ لە فکرم ناچی ، ئەگەرچی من لە فکرت چووم
لە من غایب نەبی تۆ ، بەسمە ، با من بم لە تۆ غایب
(مەحوی ، ل ٥٢ )

تۆیش ئەگەر فرسەت لە دەست دەی ئەبیە مەملووکی کەسی
شەو چرا هەڵگر ئەبی ، ڕۆژیش ئەشۆی جام و لەگەن
(زێوەر ، ل ١٣ )

نموونە بۆ / یٚ / :

وەها مەستی تەماشای چاوتە (( نالی )) کە نازانیٚ
بە بێداری دەبینیٚ ، یا لە نەشئەی مەستی‌یو خەودا
(نالی ، ل ٨٩ )

هەتا ماوە دەبیٚ ئەشکی نەدامەت داوەرێنیٚ چاو
عەرەق ڕیتن نەبیٚ ، شەخصیٚ لە کاری خۆ خەجڵ چبکا ؟
(مەحوی، ل ١٤ )

هاتە سەرپیٚ کە وا بچیٚ بۆ (( ئاو ))
بە لەپا کەوتە سەر هەمانە دڕاو
(زێوەر ، ل ٧٩ )

نموونە بۆ /ا/ :

دەم دەم کە دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە
بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گۆیا دەمی نادا
(نالی ، ل ٨٤)

ڕەم دەکا حەتتا لە میهرو مەه جونوون ئادابی عیشق
سێبەری لیٚ بارە هەر کەس مەیلی تەنهایی بکا
(مەحوی ، ل ١٨ )

هەواکەی ( شاهۆ ) ئاوەکەی ( قەندیل )

لا ئەبا لە کورد ئێشی برینی

( زێوەر ، ل ٣٥ )

چەند زمانەوانێکی کورد ، بە تایبەت لە نێوانیاندا مامۆستا مەسعوود محەمەد[٦٤] و د. ئەورەحمانی حاجی مارف[٦٥] بە بەڵگەی واقیعی و مێژوویی و بەراوردی ساخیان کردووەتەوە ، کە ئەو جێناوانە ( ی ، یٚ ، ا )ن ، نەك (یت ، یٚت ، ات )...

بیٚگومان بۆ ئێمە ئاسان نییە ، لەگەڵ ڕای تێچوونی / ت / بین ، یان پەیدابوونی ... چونکە ئەم کێشەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قووڵتر هەیە ... بەڵام ئەمە هیچ لەوە ناگۆڕیٚ ، کە دیاردەیێکی دەنگیی زمانی کوردییە .

سێیەم . / ب /

وەك ئاشکرایە لە پێکهاتنی کرداری داخوازی و ئیلزامیدا نیشانەی / ب / هاریکارە . هەندیٚ جار ئەو / ب /ە قووت دەدریٚ و زوربەی نووسەرانیش لەسەر بناغەیەو بە دەمدا هاتنە لە بریتی : (ڕابکە ، هەڵبگرە ، وەربگرە ...) دەنووسن : (ڕاکە ، هەڵگرە ، وەرگرە ...) . گەڕان و پشکنین بۆمان ڕوون دەکەنەوە ، کە ئەم تێچوونە هەر لە زووەوە ( گەرچی کەم ) لە ئارادا بووە و بەرەبەرە پەرەی سەندووە ... ئەوەتە لە سێ وشەی شیعرەکانی نالیدا ( ((پرکە)). ل١٦٦،د٣)[٦٦] ؛ (( بانگم کە – ل ٤٦٥ ، د ١ )[٦٧] ؛ ( (( ڕاکەم )) – ل ٦٤٨ ، د١ )[٦٨] دەبینریٚ ...

---

(٦٤) مەسعوود محەمەد ، سووڕێکی خامە بە دەوری ڕاناودا ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد )) ، ب ٢ ، ژ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٩٢ ـ ٩٤ .

(٦٥) د. ئەورەحمانی حاجی‌مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەشی دووەم ـ جێناو ، بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل ١١٩ ـ ١٣٢ ، ١٣٦ ـ ١٣٧ .

(٦٦) پرکە قەدەحی پڕ فەرەحی بیٚ تەرەح و غەم
ناولني وناد مني وغاز لني بالافراح

(٦٧) فەرمووتە کە بانگم کە ، شەویٚ کە دێمە کەنارت
قوربان ! وەرە شەو ڕۆیی ، ئەوا وەعدەیی بانگە

(٦٨) سەحەی نیگەهت خستمی ، هەستامەوە ڕاکەم
ئەگریجە و زولفت بە جەفا هاتنە یاریی

لای ( مەحوی ) بووە بە حەوت وشە : (( قوبوولم کا )) . ل ٨١ ، د١ )[٦٩] ؛ ( (( دەرم کەی )) . ل ١١٦ ، د ٢ )[٧٠] ؛ ( (( نیشانم دە (( . ل ١١٦ ، د ٣ )[٧١] ؛ ( (( هەلگرە )) . ل ١٤٧ ، د ٢ )[٧٢] ؛ ( (( کەم )) . ل ١٥١ ، د ٤ )[٧٣] ؛ ( (( کەن )) – ل ٢٥٧ ، د٦ )[٧٤] ؛ ( (( کا )) . ل ٢٦٧ ، د٥ )[٧٥] ... هەرچی ( گۆران )ە ، بەپێچەوانەوە بەدەگمەن / ب /ی وتووە و لە زوربەی زۆریاندا پەڕاندوودیەتی ...[٧٦]

چوارەم . /ھ/

لەکتێکدا ، کە دەکەوێتە سەرەتای وشەوە ( ئەویش کە بە دوایدا دەنگی ( و ) و (ۆ ) دێت ؛ یاخۆد دەمێ لە سەرەتای مۆرفێمی دووەمی وشەیێکی ناسادەدا دێت :

---

(٦٩) قوبوولم کەی ئەگەر ، لوطفێکی زۆرە
بە کەمتر هیندوێکی خالی هیندووت

(٧٠) تۆ نەبی مەلجەئی من بی ( أبَداً ) نیمە مەلاذ
لەو دەرە بێتو دەرم کەی ، بەخوا نیمە مەلاذ

(٧١) قاپی بو بابی کەسێکی کە نیشانم دە ، بچم
غەیری قاپیی کەرەم و بابی عەطا نیمە مەلاذ

(٧٢) گەر ئیشی ڕۆحتە ، کە نەبوو کەس بە دەستەوە
دەست هەلگرە لە ڕۆح و مەبە ئیلتجا بە کەس

(٧٣) سینە صەد لەت بوو ، سەرم صەد داغی سەردا پێوە ، چووم
عەرضی حالم کەم . بە ئیستیهزاوە دەیوت : چاک و باش

(٧٤) بۆیە ظولمەت پۆشە ، نووری ئەهلی جەوهەر دەرکەوێ
سەیری حەققی کەن لە سەر ئەم ماه و ئەستێرانە شەو

(٧٥) قەزا بێ دەستەلاتت کا ، چیە غەیری ڕەضا چارە ؟
لەبەر دەستی جەلابا ڕێوییێکە شێری پەل بەستە .

(٧٦) د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف وای ڕاگەیاندووە ، لە زوربەی زۆری ڕۆژنامەکانی سالانی (٢٠ - ٣٠)ی سلێمانیدا ، هەمیشە ئەو (ب)ە نووسراوە ... چونکە وا پێدەچێ ڕیستبێتیان شێوەی ئاخاوتن کار لە نووسین نەکا و لە زمانی ئەدەبی و نووسیندا بنچینە و قالبی وشە بپارێزن ... ( بڕوانە ، کتێبی : نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، ل ١٢٥ - ١٢٦ ) .

ا. هورد > ورد

هوڕ > وڕ

هوروژان > وروژان

هۆشیار > وشیار

....

ب. خۆرهەتاو > خۆرەتاو[٧٧]

ڕۆژهەڵات > ڕۆژەڵات

هەڵهاتن > هەڵاتن

دەرهێنا > دەرێنا[٧٨]

دەستهاڕ > دەستاڕ

....

پێنجەم. / ك /

ا. ئەگەر بە دوایدا دەنگی / ك / یان / ت / یان / ب / بێت ... وەك

چاك كردن > چاكردن

چاكتر > چاتر[٧٩]

چاك بوون > چابوون

...

---

(٧٧) لەژێر زەردەی خۆرەتاوا ،

بە ناو چیمەنی گوێ ئاوا ،

(گۆران ، ل ١٦ ، د ١ )

(٧٨) تەرسا بە دینی ئەو یەدی بەیضایە بوونە جووی

بۆ كوشتنم كە دەستی دەرێنا لە باخەڵی

(مەحوی ، ل ٣٠٧ )

(٧٩) بە دڵمە جوێنی ئەو لێوە ، لە بۆسە ئەشئە بەخشاتر

لە كن تریاكییە ئەڵبەتتە قاوە صەد لە چا چاتر

( مەحوی ، ل ١٢٥ )

تاگەل كاری ناوخۆی وا بێ ،

كوڕیش ژینی چاتر نابێ !

(گۆران . ل ١٧٣ )

ب. لە کۆتایی نیشانەی نەناسیاوی ( ـ ێك )دا

ڕۆژێك > ڕۆژێ

پیاوێك > پیاوێ

....

ئەم دیاردەیەش هەر لە زووەوە هەبووە و لە دیوانی نالیدا لە دەیان بەیتدا دەبینرێ . ئەوەتە :

هەر بە جارێك > هەر بە جارێ :

کاتبی خێر و شەڕی عوشبشاقە ، بۆ وەصڵ و فیراق ؛

لوطف و قەهری هەر بە جارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا

(ل ١١٠)

بە تیرێك > بە تیرێ :

بە تیرێ دوو نیشانە چا نییە ئەی ڕۆحەکەم ! شیرین

بە غەمزەی ، تاقە یەك تیری لە فەرهاد و لە خوسرەو دا

(ل ٨٩)

ج. بێتو بە دوا وشەی ( کاك )دا ناوێك بێت ، ئەوە دەشێ ( ك )ی کۆتاییەکەی نەوترێ :

کاك عەلی > کا عەلی

کاك حەسەن > کا حەسەن

کاك نەبی > کا نەبی

... هتد .

شەشەم. / ڎ /

ا. لە گشت وشەیێکی لێکدراودا ، کە مۆرفێمی دووەمی بە ( ئـ ) دەست پێدەکات :

گوڵ + ئاو > گوڵاو

ماست + ئاو > ماستاو

زەرد + ئاو > زەرداو

دڵ + ئاسوودە > دڵاسوودە

دڵ + ئاوا > دڵاوا

ب . لە بەشێكی زۆری ئەو وشە عەرەبیانەدا كە بە ئاوازی كوردی دەوترێن :

دائم > دایم

بئر > بیر

مسئلة > مەسەلە

(٨٠)

........

٢. تێچوونی بزوێن

یەكەم . / ە /

أ. كاتێ وشەیێكی بە (ە) كۆتایی هاتوو ، مۆرفێمێكی بەندی بە ( ا ) دەست پێكردووی بخرێتە سەر ، بەوێنە ؛ نیشانەی ( ـ ان )ی كۆ ، یاخود پاشگری ( ـ اندن )

( ـ ان ) :

خەندە ، پەردە ، بەرە + ان → خەندان ، پەردان ، بەڕان

( ـ اندن ) :

ناڵە ، قیژە ، جریوە + اندن → ناڵاندن ، قیژاندن ، جریواندن

ب . بێتو وشەیێكی بە بزوێنی ( ە ، ا ، ۆ ، ێ ) كۆتایی هاتوو ، نیشانەی ( ـ ەكە )ی ناسیاوی بخرێتە سەر ؛ ئەوە ( ە ) تێدەچێ

/ ە /

شووشە ، پەنجەرە ، سەرچاوە + ەكە → شووشەكە ، پەنجەرەكە ، سەرچاوەكە

(٨٠) لەو نموونانەدا ( ئـ ) تێچووە و لەو شوێنانەدا ، كە ( ژێر ـ كسرة )یە بە ( ی ) دەوترێ و گەر ( سەر ـ فتحة )ش بێ ، دەبێ بە (ە) .

/ ا /

| | | |
|---|---|---|
| چرا | | چراکە |
| برا | + ەکە | براکە |
| مەلا | | مەلاکە |

/ ۆ /

| | | |
|---|---|---|
| چەقۆ | | چەقۆکە |
| پەڕۆ | +ەکە | پەڕۆکە |
| دۆ | | دۆکە |

/ ێ /

| | | |
|---|---|---|
| دێ | | دێکە |
| ترێ | + ەکە | ترێکە |
| بەهێ | | بەهێکە [٨١] |

ح . ( . ەك )ی نیشانەی نەناسیاوی

ئەم نیشانەیە ، کە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و گەلێك ناوچەی سۆراندا لە بریتی( . ێك )ی کرمانجیی خواروو بەکاردێنرێ ، کاتێ لە کرمانجیی ژووروودا دەچێتە سەر وشەیێکی بە بزوێن کۆتایی هاتوو ، تێدەچێ. وەك

ئاغا + ەك - ئاغاك

باڤێ وێ ئاغا ، ئاغاکی خوین خوار
دەستی وی درێژ گەلەك ستەمکار
(جگرخوین ، ل ١٤٢ )

خانی + ەك - خانیك

خانیکی مەزن پان و بلندە
مانەندی سەرایە
( جگرخوێن ، ل ١٣١ )

---

(٨١) بۆ ئەو سیانەی دواوەیان ـ واتە ئەو وشانەی بە ( ا ، ۆ ، ێ ) کۆتاییان دێ ، دەشێ ( ـ ەکـە ) تێـەچێ و / ی - y / بۆ پاراستنیان بێتە ناوانەوە و بوترێ ( چرایەکە ، برایەکە ، مەلایەکـە ... چەقۆیەکـە ، پەڕۆیەکـە ، دۆیەکە ... دێیەکە ، ترێیەکە ، بەهێیەکە ... ) ... ( بڕوانە ، ل ٨٣) ی ئەم نامەیە .

دووەم -/ا/

ا- کاتی لە کرداری ڕابوردووی تێپەڕی ئینشائیدا ( با ) و ( ایە ) پێکەوە دێن، لە دوو بزوێنی ( ا )ی کۆتایی ( با ) و ( ا )ی سەرەتای ( ایە ) یەکێکیان دەمێنێتەوە ، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن پێکەوە نایەن :

بم گرتبا یە

با ایە

ا

دام بگرتبا یە

با ایە

ا

ب . دەمیّ پاشگری ( . اندن ) دەخرێتە سەر هەندیّ کرداری تێنەپەڕ ، بۆ ئەوەی بیانکا بە تێپەڕ

شکان + اندن - شکاندن

سووتان + اندن - سووتاندن

ڕژان + اندن - ڕژاندن

سێیەم . / یّ /

بێتو ڕەگی کردارێك بە ( یّ ) کۆتایی بێت و پاشگرێکی وای بخرێتە سەر ، کە بە / ە / دەست پیّبکات ، وەك ( .ەر ، .ەن ... ) ؛ ئەوە / ە / بەسەر / یّ /ی کۆتایی ڕەگەکەدا سەردەکەویّ . واتە / یّ / تیّدەچیّ و / ە / دەمێنێتەوە . وەك :

دانان : دا . نیّ + ەر - دانەر

پاڵنان : پاڵ . نیّ + ەر - پاڵ نەر

سووتان : سووتیّ + ە - سووتەن

... هتد .

چوارەم. / i /

گەنم. genim > گەنمەکە – genmeka

وشەی (( گەنم )) ، کە لە دوو کەرت : ( گە – ge ) و ( نم. nim ) پێکهاتووە ، لە کەرتی دووەمیدا بزوێنی / i / هەیە ... بەڵام کە دەڵێین (( گەنمەکە )) ، ئەوە بزوێنی / i /ی نێوان / ن / و / م / نامێنێ ، چونکە کەرتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ و دەبنە ( گەن. مە. کە / gen- me - ke ) . دەبینین ( گە. ge ) کەرتی یەکەمی وشەی (( گەنم ))ە ، کەچی لە شێوەی ((گەنمەکەدا )) بووە بە( گەن – gen ).

٣. تێچوونی کۆنسۆنانت و بزوێن پێکەوە

یەکەم. ( ئە )

أ. لە سەرەتای جێناوە کەسییە جواداکاندا

ئەمن > من

ئەتۆ > تۆ

... هتد .

ئەگەر بۆ دەست نیشان کردن و ڕوونکردنەوەی پلەکانی و کەم بوون و نەمانی فۆرمی (ئەمن ، ئەتۆ ) ، گەشتێك بە دیوانی شاعیرانی کۆن و نوێی ناوچەی سلێمانیدا بکەین ، ئەوە دەبینین کە لە زوودا ئەو فۆرمە زۆر بەکارهاتووە و دوایی کەم بۆتەوە و ئنجا تێداچووە . بەوێنە لە شیعرەکانی نالی و سەردەمی ئەودا وێنەی ( ئەمن ، ئەتۆ ) زۆر دەبینرێ[٨٢] ... بەڵام ئەگەر بەرەو پێش بێین ، ئەوە دەتوانین ڕەوتی ئەو دیاردەیە دیاری بکەین . بۆ نموونە لە شیعرەکانی مەحویدا هەرچەندە ( ئەمن ، ئەتۆ ) زۆر بەکارهاتووە[٨٣] ، بەڵام لەوی نالی کەمترە . زێوەر کە ماوەیێك بەدوا مەحویدا هاتووە ، زۆر ( ئەمن ، ئەتۆ )ی نەوتووە[٨٤] . بێکەس کە کەمێك پاش

(٨٢) چەندە پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت (( نالیا ))
هەردوو حەیوانین ، ئەتۆ گوێ‌کورت و ئەمنیش گوێ‌درێژ
(ل ٢٢٨)

(٨٣) هیلاکی دەستی حەنابیتە ، کوشتە بێ دەمی تیغ
ئەمن شکاری‌یی پابەستەو ، ئەتۆ با دەست
(ل ٧١)

(٨٤) دەرحەق بە عیلم و مەکتەب ئەتۆ هاتیتە زبان
فکری بلندی تۆیە گەیشتۆتە موشتەری
(ل٢٣)

زێوەر کەوتووە تەنیا لە دوو شوێندا ( ئەمن ، ئەتۆ )ی نووسیوە ... لە بەرهەمی شاعیرانی دواتردا بە هیچ چەشنێك ئەو فۆرمە نابینرێ .

لە ئاخاوتن و فۆلکلۆری بەشە دیالێکتی موکریان و سۆراندا جێناوی کەسیی جودا بە شێوەییێکی سەرەکی دوو فۆرمی هەیە . یەکێکیان بە ( ئە ) دەست پێدەکات و ئەوی دیان بە بێ ( ئە ) ... بەڵام ئێستاکە و لە زمانی باڵادا نووسەرانی ئەو دوو دەڤەرە ، وەك سلێمانی ( ئە ) تێدەچێنن...[٨٥] .

ب . بە شێکی زۆری ئەو وشانەی بە ( ئە ) دەست پێدەکەن :

ئەگەر > گەر

ئەبرۆ > برۆ

ئەستێرە > ستێر

ئەسپاردە > سپاردە

ئەژنەفتن > ژنەفتن

ئەنجنین > جنین

ئەسکڵ > سکڵ

... و دەیانی دی

ئەم دیاردەیەش هەر لە زووەوە دەبینرێ ... ئەوەتە نالی ((( برۆ )) . ل ١٤٥ ، د ١ ) و ( (( گەر )) . ل ١٦٢ ، د ١ ) ... و چەندین وشەی دی لەو جۆرەی بە بێ ( ئە ) وتووە .

ج . ئەمرۆ کە دەوترێ ( لەو ، لەوان ... ) ، ئەوە ئەسڵەکەیان ( لە ئەو ، لە ئەوان ... )ە و ( ئە )کەی سەرەتایان تێچووە . لە ئاخاوتن و نووسینی ئەمڕۆی کوردیدا لەوانەیە بڵێین خەڵك هەموو وشەکان بە یەکەوە دەڵێن و دیارە ئەم دیاردەیەش وەك بوونی ( دە ) بە ( ئە ) ، یان سوانی ( د ) لە ساڵانی بیستدا لە دەوری گۆڕاندا بووە ، چونکە لە چاپەمەنییەکانی ئەو دەمەدا هەردوو بارەکە بەر چاو دەکەوێ . واتە بە جیاش و بە سەر یەکیشەوە.

---

(٨٥) بۆ زێدە زانیاری ، بڕوانە : د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ـ جێناو ـ ل ٩٠ ـ ١٠٤ .

د . لەو وشە عەرەبیانەدا ، کە بە ( ئە ) دەست پێدەکەن :

ئەمیر > میر

ئەمین > مینە

ئەحمەد > حەمەد

... هتد .

دووەم . / ئا /

لە هەندێ وشەی لێکدراوی وەك

گا + ئاسن - گاسن

کانی + ئاساکان - کانێسکان [٨٦]

...هتد.

سێیەم . / با /

بکەوتبامایە > بکەوتمایا

بم گرتبایا > بم گرتایە

کەوتبووبامایە > کەوتبوومایە

بچووبامایە > بچوومایە

(٨٦) لێرەدا ڕێژەی تێچوونی ( ئا ) ،( یاسای دەنگەگۆڕگێ )یش لە ئارادایە ، ئەوەتە / ی /کانی بووە بە( یێ ).

# -٣-

# پەیدابوونی دەنگ

(( دەنگەکانی زمان دەکەونە پاڵ یەك بۆ داڕشتنی دانەی گەورەتر ( برگە ، وشە ، ڕستە ) ، کارلێك دەکەن ، لە ئەنجامی ئەم کار لێك کردنە دەنگ هەیە دەگۆڕێ ... هەیە پەیا دەبێ ... هەیە دەقرتێ و دەتوێتەوە )) (٨٧)

بە بۆچوونی هەندێ زمانەوانان ، مەبەستی پەیدابوونی دەنگ . واتە پەیدابوونی دەنگێکی نوێ لە نێوان دوو دەنگدا ، لەبەر ئەوەیە هێشووە کۆنسۆنانت یان هێشووە بزوێن لە وشەیەکدا دروست نەبێ (٨٨)

بەشێکی دییش وا ڕادەگەیەنن ، پەیدابوونی دەنگ لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەندێ دەنگ ، کە ناتوانرێ لەگەڵ یەکدا بێن ، ڕوودەدات ... ئەو دەنگە نوێیەش ، کە دێتە نێوانیانەوە ، دەبێتە هۆی کار لە یەکدی کردنی دەنگەکان .

(( هەندێ جار لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ڕیشەی وشەیەك و پاشگرێك دەنگێکی نوێ دێتە کایەوە بۆ جیاکردنەوەی بزوێنەکان . زۆربەی جار دەنگێ پێش‌بینی دەکرێ ( هۆیەکی فۆنەتیکی دەدۆزیتەوە بۆ لێکدانەوەی ) بەڵام جاری واش هەیە هۆیەکی فۆنەتیکی وامان نی‌یە دیاردەکەمان بۆ لێکداتەوە )) (٨٩) .

لە زمانی کوردیدا دوو جۆر ( پەیدابوونی دەنگ ) بەدی دەکرێ :

١- پەیدابوونی کۆنسۆنانت .

٢- پە یدابوونی بزوێن .

---

(٨٧) وریا عومەر ئەمین ، لە یاسا دەنگی‌یەکانی زمانی کوردی ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، ژ ١٣٨ ، بەغدا ، ١٩٩٦ ، ل ١٨-٢٠ .

(٨٨) ئەو ڕایە بۆ پەیدانەبوونی هێشوە بزوێن ڕاستە ... بەڵام بۆ پەیدانەبوونی هێشوە کۆنسۆنانت ، هەموو کات ڕاست دەرناچێ . ئەوەتە لە وشەی وەك : (برا > بردرا ؛ سووتێنرا > سووتێندرا ... )دا ، کە / د / هاتووەتە نێوان دوو / ر /ەوە هێشوە کۆنسۆنانتەکانی فراوانتر کردووە .

(٨٩) محەمەد مەعرووف فەتتاح ، زمانەوانی ، هەولێر ، ١٩٩٠ ، ل١١٦ .

١- پەیدابوونی کۆنسۆنانت .

زۆر جار لە نێوان دوو بزوێندا ، کۆنسۆنانتی ( / ی- y/ ؛ / و – w / ؛ / د / ؛ / ھ / ؛ / ز / ؛ / ن / ؛ / چ/ ؛ / ر / ... ) پەیدا دەبێ و لە نێوانیاندا / ی – y لە ھەموویان چالاکترە .

یەکەم – / ی – y /

أ- ئەگەر وشەیێك کۆتایی بە بزوێنی ( / ا / ، / ۆ / ، / ێ / ، / ی / ) بێت و نیشانەی ( –ان )ی کۆن ؛ یان ( –ەکە )ی ناسیاوی ؛ یان ( –ێك )ی نەناسیاوی ... بخرێتە سەر ، ئەوە لە نێوان وشە و نیشانەکەدا ( ی–y ) پەیدا دەبێ :

/ ا /

برا + ی + (ان ، ەکە ، ێك) : برایان ، برایەکە ، برایێك

/ ۆ /

چەقۆ + ی + (ان ، ەکە ، ێك) : چەقۆیان ، چەقۆیەکە ، چەقۆیێك

/ ێ /

پێ + ی + (ان ، ەکە ، ێك) : پێیان ، پێیەکە ، پێیێك

/ ی /

صۆفی + ی + (ان ، ەکە ، ێك) : صۆفییان ، صۆفییەکە ، صۆفییێك

ب . بێتـو (ە)ی کـرداری بێهـێز ، یـان پاشـگری ( .ەوە ) ... بچێتـە سـەر وشەیێکی بە بزوێن کۆتایی هاتوو :

بەڕە ⟵ ئەوە بەڕەیە

برا ⟵ ئەوە برایە

پەڕۆ ⟵ ئەوە پەڕۆیە

....

پەردە ⟵ ئەو پەردەیە

چرا ⟵ ئەو چرایە

دێ ⟵ ئەو دێیە

....

شکا ⟵ شکایەوە

کرا ⟵ کرایەوە

بردی ⟵ بردییەوە

دای ⟵ دایەوە

دووەم . / و . w /

١ . کاتێك وشەیێك بە بزوێنـی ( وو ) کۆتـایی بێـت و یـەکێك لـە نیشـانەکانی ( . ان )ی کۆ ؛ ( . ەکە )ی ناسیاوی ... بخرێتە سەر :

مووروو / جوو + و + ان ⟵ مووروووان / جووان

مووروو / جوو + و + ەکە ⟵ مووروووەکە / جووەکە[٩٠]

(٩٠) لەم بارەدا (وو)ی کۆتایی وشەکان کەمێك لە باری ئاسایی کورتتر دەوترێت و لەباریش نییە لە ڕێنووسـی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا بە سێ واو بنووسرێ .

ب . ئەگەر ( ە )ی کرداری بێهێز ، یان پاشگری ( - ەوە ) ... بچێتە سەر وشەیێکی بە ( وو ) کۆتایی هاتوو :

مووروو ← ئەوە مووروووە

جوو ← ئەوە جووە

...

مووروو ← ئەو مووروووە

جوو ← ئەو جووە

...

دروو ← درووەوە

چوو ← چووەوە (٩١)

...

ج . لە بارێکدا نیشانەی ( ـ ات )ی کۆ بخرێتە سەر وشەی ( ئاغا ) ؛ (سەوزە) ... :

ئاغا + و + ات = ئاغاوات

سەوزە + و + ات - سەوزەوات

...

سێیەم . / د /

ئەو کردارانەی ڕەگی کاتی ڕانەبوردوویان بە دەنگی / ڕ / ، یان / ر / کۆتایی دێت ، لە کردنیان بە کارا بزریدا ، ئاخێوەری هەندێ ناوچە / د / دەخەنە نێوان ڕەگی کردارەکە و پاشگری ( ـ ر )ی کارا بزریەوە .

بەوێنە :

گۆڕرا > گۆڕدرا

هاڕرا > هاڕدرا

...

سپاررا > سپاردرا

ژمێررا > ژمێردرا

(٩٢)

...

(٩١) لەم حاڵەتەشدا بە هەمان چەشن ، کورت کردنەوەی بزوێنی (وو ) هەیە .

(٩٢) بۆ وەرگرتنی زانیاری تەواو لەبارەی ئەو جۆرە دیاردەیەوە ، بڕوانە :

چوارەم . / ھ /

ا . دەمێ نیشانەی ( . ات )ی کۆ دەخرێتە سەر هەندێ وشەی بە بزوێنی / ێ / ؛ / ە / ... کۆتایی هاتوو :

/ دێ + ھ + ات - دێهات [٩٣]

/ میوە + ھ + ات - میوەهات

ب – لە ژمارەی پلەییدا گەلێ جار ئەوە بەدی دەکرێ ، کە لە نێوان ژمارە بنجییەکە و نیشانەی ( – ەم ) ؛ ( – ەمین ) دا کۆنسۆنانتی / ھ / بە کاردێنرێ .

وەك :

دووەم > دووهەم

سێیەم > سێهەم

چوارەم > چوارهەم

... [٩٤]

پێنجەم / ز /

ئەمە لە بە شێکی زۆری ناوی ژمارەکاندا بە شداری دەکا

دوو + دە - دوازدە

نۆ + دە - نۆزدە

.... [٩٥]

---

= أ ـ د. عەبدوڵڵا نەقشبەندی ، پاشکۆی ( درا ) ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد )) ، ب ١ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١١٥ ـ ١٣٧ .

ب ـ د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد )) ، ب ٢٥ ـ ٢٦ ، بەغدا ، ١٩٩٤ ، ل ٨٦ ـ ٨٧ .

(٩٣) دوهاتی ئەوروپا وەك ئەهلی دێهات

لە چارەی دەردی عیشقا جوملە دامان

( مەحوی ، ل ٢٤٢ )

(٩٤) سەبارەت پەیدابوون وگەشەسەندنی ئەو جۆرە ( / ھ / ) ئانە ، بڕوانە :

د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەشی چوارەم ـ ( ژمارە و ئاوەڵکردار ) ، بەغدا ، ١٩٩٨ ، ل ٩٥ ـ ٩٦ .

(٩٥) حەسان سەرچاوە ، ل ٧٧ .

شەش . / ن /

ئەمیش هەر وەك / ز / دێتە نێو ناوی ژمارەکانەوە ، بەتایبەتی لە شێوەی سلێمانیدا :

پانزە

شانزە

...(٩٦)

حەوت . / ج /

ئەمە تەنیا لە وشەی (( میوە ))دا بەرچاودەکەوێ ، ئەویش ، کە نیشانەی (. ات )ی کۆی بخرێتە سەر ، بەتایبەت لە ناوچەی سۆران :

میوە + ج + ات = میوەجات

هەشت . / ر /

ئەمە بە زۆری دەخرێتە سەر کۆتایی هەندێ کرداری داخوازیی تاك .

وەك :

بگە > بگەرە

بکە > بکەرە

بچۆ > بچۆرە

....

تێبینی :

ئەم دیاردەیە بە زۆری لە دیالێکتی سلێمانیدا دەبینرێ . بەڵگەش وا ڕادەگەیەنێ ، کە هەر لە زووەوە هەبووبێ ، چونکە چۆن ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێ ، لە شیعری شاعیرانی زووی ناوچەکەدا بە هەمان شێوە دەبینرێ . بەوێنە :

سەر خاتیمەیی حوسنی عیادەت کە نەهاتی

بارێ بگەرە فاتیحەو دەئبی زیارەت

(نالی ، ل ١٤٦)

زاهید وەرە ڕوێ بکەرە بارەگاهی عیشق

عالی جەنابە ، وا نییە هەر ڕێ بدا بە کەس

(مەحوی ، ل ١٤٨)

---

(٩٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٧٧ ـ ٧٨ .

بچۆرە سەر جێی بەرزی شار

تێر بمژە هەوای بۆچرووکدار

(گۆران ، ل ٢٤٣)

...هتد [٩٧] .

٢. پەیدابوونی بزوێن

پەیدابوونی کۆنسۆنانت چەند چالاك و کاریگەرە ، بە پێچەوانەوە پەیدابوونی بزوێن تەتیا لە چەند حاڵەتێکی یەکجار کەمدا دەبینرێ و ئەویش بە شێوەیێکی یەکجار سست :

یەکەم . / ە /:

چار ← چارە

...

دووەم . / ۆ /

خاڵ ← خاڵۆ

...

سێیەم . / ێ /

دەر ← دەرێ

.... [٩٨]

(٩٧) بۆ زێدە زانیاری ، بڕوانە : میدیا ، ڕێژە و کات لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری (( پەیڤین )) ، ژ ٢ ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ، ل ٤٣ ـ ٤٧ .

(٩٨) بێگومان هەندێ بزوێنی وەك (ە)ی نێوان وشەی لێکدراوی وەك (( گوڵەگەنم ، بەردەنوێژ ... )) و (ا)ی کۆتایی وشەی (( کیژا )) لە دەستە واژەی ( کیژا من ) و چەندین بزوێنی دی لەو جۆرە ناشێ بە پەیدابوونی بزوێن لە قەڵەم بدرێن ... چونکە ( ە ) ناوبەندە و ( ا ) نیشانەی جنسی مێیە لە کرمانجیی ژووروودا .

## . ٤ .

# دەنگە گۆڕکێ

دەنگەگۆڕکێ بریتییە لەوەی دەنگێك جێگەی دەنگێکی دی بگرێتەوە ، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر گۆڕینی واتا ....

(( ... دەنگێکی وشەیێك لە قسەی هەندێ کەسدا دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر لە قسەی خەڵکی تردا بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە بە واتایەکی تر ، هەمان وشە لە دوو فۆرم یان زیاتردا دەبینرێ بە هەمان واتا . دیسانەوە ، هەندێ جار دوو فۆرمی وشەکە لە یەك زاردا هەن ، جاری واش هەیە هەر فۆرمەی لە زارێکی تایبەتیدا بە کاردێ ... )) [٩٩] .

بە کورتی ئەمە ئەو حاڵەتە دەگەیەنێ ، کە لە وشەیەکدا دوو دەنگی جیاواز بە یەك بگۆڕرێنەوە و کارنەکەنە سەر واتای وشەکە ... ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا یەکجار بەربڵاوە و لەم شێوانەی خوارەوەدا دەبینرێ :

١. کۆنسۆنانت بە کۆنسۆنانت

٢. بزوێن بە بزوێن

٣ . بزوێن و دیفتۆنگ

### ١. کۆنسۆنانت بە کۆنسۆنانت

یەکەم. د > ئ

ئاشکرایە لە شێوەی سلێمانیدا نیشانەی (دە)ی کاتی ڕانەبوردوو و ڕابوردووی بەردەوام دەبێ بە ( ئە ) . وەك :

دەڕۆم > ئەڕۆم

دەچم > ئەچم

دەزانم > ئەزانم

...

(٩٩) محەمەد مەعرووف فەتتاح ، زمانەوانی ، هەولێر ، ١٩٩٠ ، ل ١١٧ .

دەڕۆیشتم > ئەڕۆیشتم

دەچووم > ئەچووم

دەمزانی > ئەمزانی

...

(( ئەگەر بۆ دەست نیشان کردن و ڕوونکردنەوەی پلەکان و شێوەی گۆڕانی ( دە ) بە ( ئە ) . ڕاستتر (د) بە (ئـ) . گەشتێك بە دیوانی شاعیرانی کۆن و نوێی ناوچەی سلێمانیدا بکەین ، ئەوە دەبینین کە لە زوودا قاڵبی (دە) بە کارهاتووە و دوایی بووە بە (ئە) . لە تێکڕای شیعرەکانی نالیدا وێنەی (ئە) تەنیا لە یەك شوێندا دەبینرێ : (ل ٢٨ ، د ٢ . (( ئەنالم )) [100] [101] .... بەڵام ئەگەر بەرەو پێش بێین ، ئەوە دەتوانین ڕەوڕەوەی ئەو گۆڕانە دیاری بکەین . بۆ نموونە لە شیعرەکانی مەحویدا هەرچەندە بە زۆری (دە) بەکارهاتووە [102] ، بەڵام تاکە تاکەیەك شێوەی (ئە)ش دەبینرێ [103] ... زێوەر کە ماوەیێك بە دوا مەحویدا هاتووە ، بەپێچەوانەوە بە زۆری (ئە)ی بەکارهێناوە و دەنکە دەنکەیەکیش (دە)ی وتووە ... بێکەس ، کە

---

(١٠٠) دەستم مەخە سەر ، تا قەدەمم سووتووە ، چاوم !
یاخۆ بە شیفا هاتووی ؟ چەندێکە ئەنالم

(١٠١) وا تێدەگەم ئەو تاکە حاڵەتەش کاری نووسەری دەستنووسەکە بێ .

(١٠٢) گەردی ڕێی هەستاوە جێ دارا دەکا
بەختە ! ماڵی چاوی کێ ئارا دەکا !
(ل ٢٢ ، د ٣ و ٤ )

کە تۆ غایب لە بەرچاوم دەبی ، چم بێ لە تۆ غایب
قیامەت حاضری بەرچاومە ، خۆمم لە خۆ غایب
(ل ٥١ ، د ٥ )

هەم دەمکوژێت و دین و دڵیشم دەبا ، دەڵێ
من (من قتل ) ، ئەمیشە قەتیلم ، ( لیَ السلب )
(ل ٤٩ ، د١ )

لەخۆم و لەو کەسە خۆشم دەوێت و خۆشی دەوێم ،
خودایە ، خۆش ببی‌یو ، تۆ ببی خودایا ، خۆش
(ل ١٥٢ ، د ٣ )

... و گەلێکی دی .

(١٠٣) وەقتی نوێژی سەر جەنازەی بۆ شەهیدی عیشق دۆست
مەوج ئەدا ئەم ئاسمانە لە دەنگی (الصلا)
(ل ٨٢ ، د ٦)

خەو ئەزانێ نیە ، دەیوت : دە بنوو بێمە خەوت
نێك بەختم بە وەنەوزێ بگە ، ئەی بەختە مەدەد
(ل ١١٣ ، د ١)

کەمێك پاش زێوەر کەوتووە تێکڕا (ئە)ی وتووە و بەهیچ چەشنێك لە شیعرەکانیدا (دە) نابینرێ[١٠٤] .

دووەم . د > ی - y

ئەمە لە حاڵەتێکدا ڕوودەدات ، کە بکەوێتە نێوان دوو بزوێنەوە :

بادان > بایان

دادان > دایان

لە سەرمادا > لەسەرمایا

لە دنیادا > لەدنیایا

بائەم > بایەم

مادە > مایە

... هتد .

...[١٠٥]

سێیەم . د > ت

بەتایبەت کە دەکەوێتە کۆتایی وشەوە . وەك :

نەوەد > نەوەت

---

(١٠٤) بڕوانە : د. ئەورەحمان ... دیاردەکانی دەنگی (د) ... ، ل ١٧ـ ١٨

(١٠٥) پێویستە پەنجە بۆ ئەوەش ڕابکێشین کە لە هەندێ وشەی وەك ( داخۆ ، داخوا ... )دا (د) دەبێ بە ( ئـ ) یان ( ی ـ y )

داخۆ > ئاخۆ ـ یاخۆ

داخوا > ئاخوا

داخوا دەروونی شەق نەبووە ( پردی سەرشەقام ) ؟

پیر و فرتادە تەن نەبورە ( داری پیرەمەسوور ) ؟

( نالی ، ١٨٤ د ٥ )

بەهارێکی کە داخۆ بێ، نەبێ هەی بێن و شینێ کەین

فەلەك هەر شینە ، سەحرا شینە ، کێو و لێڕی جۆ شینە

( مەحوی ، ل ٢٨٢ ، د٣ )

ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری ( کانی با ) ،

یاخۆ بووە بە تەفریقەیی شۆڕش و نوشوور ؟

( نالی ، ل١٨٦ د ١ )

سەد > سەت

مەهاباد > مەهابات

کرد > کرت

... هتد.

چوارەم. د > و

قەد > قەو

بەد > بەو

پێنجەم. د > گ

دەمێ بە دوای دەنگی / ن/دا دێت . وەك

مەند > مەنگ

دەربەند > دەربەنگ

ئەوەندە > ئەوەنگە

.... [١٠٦]، [١٠٧]

شەشەم. و <> ف

| سلێمانی | | هەولێر |
|---|---|---|
| حەوت | <> | حەفت |
| مزگەوت | <> | مزگەفت |
| خەوت | <> | خەفت |

....

---

(١٠٦) لەم بارەدا دوو دەنگی / ن/ و /گ/ تێکەڵ بەیەك دەبن و دەنگێکی پەنگ خواردووی قورسی ناقۆڵا دەردەبڕێ.

هەر لەم دۆخەدا هەندێ ئاخێوەر بەشێك لەو وشانە بەرەو سووك بوون دەبەن ـ واتە / د /ەکەی تێدەچڕێنن و دەڵێن : دەربەن ، ئەوەنە ، گوڵبەن ...

دەبێ ئەوەش لەبیر نەگەین ، کە / د/ی هەندێ لەو جۆرە وشانە ، بەو چەشنەی هەن ، بە ئاسانی دەوترێن ، وەك : هێندە ، بەندە ، کەند ...

(١٠٧) لەبارەی بوونی / د / بە دەنگی دی ، بڕوانە : د. ئەورەحمان ... دیاردەکانی دەنگی ( د ) ... ل ١٦-٢٣.

حەوتەم. و <> م

نیو <> نیم

داوێن <> دامێن[١٠٨]

ئەورۆ <> ئەمڕۆ

....

هەشتەم – و <> ڤ

| کرمانجیی خواروو | | کرمانجیی ژووروو |
|---|---|---|
| ئاو | <> | ئاڤ |
| ئاوا | <> | ئاڤا |
| چاو | <> | چاڤ |
| ئاوس | <> | ئاڤس |
| شەو | <> | شەڤ |
| هەویر | <> | هەڤیر |
| .... | | |

نوێەم. و <> ب

دەروەست <> دەربەست

داوەزە <> دابەزە

شەراو <> شەراب

وەتەماتم <> بەتەماتم

....[١٠٩]، [١١٠]

(١٠٨) پێی بە سەرما نا کە بورمە خاکی ڕێی ، گەردم شوکر
گەییە داوێنی ، دەناڵیی بای شەماڵم بۆچیە !
( مەحوی ، ل ٢٩٢ )
سەری فەرهادم و ، دەندووکی قولنگ
دەستی مەجنوونم و ، دامێنی چیا
( نالی ، ل ١٢٧ )

(١٠٩) نەرمی / و/ پتر لە ناوچەی گەرمیان و جافایەتی و موکریان و ... دا بارە ، هەرچی / ب/شە لە سلێمانی و هەولێر و ...

(١١٠)جۆرە دەنگەگۆڕکێیەکی دی ( و <> ب )ش بەدی دەکرێ ، وەك :

**دەیەم.  و <> ھ**

| **کرمانجیی خواروو** | | **کرمانجیی ژووروو** |
| --- | --- | --- |
| وشك | <> | هشك |
| وشیار | <> | هشیار |
| ورچ | <> | هرچ |
| ورد | <> | هرد |

...

**یازدەیەم.  ھ <> ی – y**

**تەنها <> تەنیا**

**خواهیشت <> خواییشت**

....

**دوازدەیەم.  ھ <> ع**

**هۆمەر <> عومەر**

**هەلوادە <> عەودال**

(١١١) ...

---

* شەو <> شەب

شەونم <> شەبنم

ئاو <> ئاب

....

گەرچی لە ئەدەبی زووی کوردیدا ( شەب ، شەبنم ، ئاب ... ) زۆر بەکارهێنراوە ، بەڵام پتر شێوەی فارسییە و کورد ( شەو ، شەونم ، ئاو ... ) دەڵێ ...

بەیانی هاتە باغ ئەو ماهە ، ئەم وا تێگەیی ڕۆژە
لە شەبنم ، گوڵ بە دامەن گەوهەری هێنا ، نیثاري کرد
(مەحوی ، ل ١١٠)

شەو بە ئیمە با ئەریدی هاتنی جانانی دا
یەعنی : ئەی شەونم گەلینە ، مژدە بێ میوانە ڕۆژ
(مەحوی ، ل ١٢٨)

(١١١) دەمێ ، کە هەندێ وشەی عەرەبی بەرگی کوردی بەبەردا دەکرێ .

سیازدەیەم. ھ <> ح

ھەسپ <> حەسپ

ھەردوو <> حەردوو

ھەفتە <> حەفتە

....

چواردەیەم. ھ <> خ

ھوورد <> خوورد

...

پازدەیەم. ھ <> ئ

ا. پێش / ە /

ھەسپ <> ئەسپ

ھەڵبەتە <> ئەڵبەتە

ھەژدیھا <> ئەژدیھا

ھەرزان <> ئەرزان

ھەرزن <> ئەرزن

....

ب. پێش / ا /

ھاریکار <> ئاریکار

ھاسان <> ئاسان

ھاویشتن <> ئاویشتن

....

ج. پێش / و /

ھومێد <> ئومێد

...

د. پێش / ێ /

ھێنان <> ئێنان

شازدەیەم.   ئ <> ع

ا. ئ > ع

ئاسمان > عاسمان

ئەرز > عەرز

...

ب. ع > ئ

عازیز > ئازیز

عازەب > ئازەب

عاقل > ئاقڵ

عقل > ئەقڵ

عشق > ئەشق

...

حەڤدەیەم. ئ <> ح

ئەسپ <> حەسپ

ئاستەم <> حاستەم

....

هەژدەیەم. گ <> ی – y

ئاگر <> ئایر

...

نۆزدەیەم. گ <> و. w

ئاگر <> ئاور

...

بیستەم. خ <> غ

باخ <> باغ

خونچە <> غونچە

بناخە <> بناغە

خەم < > غەم [١١٢]

.....

بیست و یەکەم. خ < > ق

ئازووخە < > ئازووقە

....

بیست و دووەم. ب < > پ

خراب < > خراپ

بچووك < > پچووك

...

بیست و سێیەم. ج < > ژ

ئەجداد < > ئەژداد

ویجدان < > ویژدان

... [١١٣]

بیست و چوارەم. ع < > خ

مەشعەل < > مەشخەڵ

... [١١٤]

بیست و پێنجەم. س < > ص

سەد < > صەد

سەوز < > صەوز

---

(١١٢) زولفت کە لە سەر ڕوو بە خەم و تابشە ئەمڕۆ
دوودی سییەهی عوودە لەسەر عاریضی پشکۆ
(نالی ، ل ٣٨٤)

بە غیبطە بەو خودا پێداوە ( طوبی بکە )یە ئەهلی خولد
لە کوورەی ناری غەمدایە بە داغی دەردی تۆ شادە
(مەحوی ، ل ١٦٩)

(١١٣) لە بارێکدا کە وشەیێکی عەرەبی بە ئاوازی کوردی بوترێ .

(١١٤) بە هەمان چەشن .

سارد <> صار

سوور <> صۆر

...[١١٥]

بیست وشەشەم .   ت <> ط

تەور <> طەڤر

تاوە <> طاڤە

...[١١٦]

بیست و حەوتەم .   م <> ڤ

دەم <> دەڤ

....

بیست و هەشتەم .   ف <> ڤ

ئاشێف <> ئاشێڤ

...

بیست و نۆیەم .   ل <> ڵ

گەل <> گەڵ

...[١١٧]

سییەم .   ڵ <> ر

ماڵ <> مار

دووکەڵ <> دووکەر

...[١١٨]

---

(١١٥) گەرچی بەشێکی بە یەکدی گۆڕینەوەی دوو دەنگی / س / و / ص / لەیەك زاریشدا دەبیسترێ – واتە هەر لە سلێمانی ( سەد )یش و ( صەد )یش ، یان ( سەوز ) و ( صەوز )یش بەر گوێدەکەوێ ، بەڵام بـە زۆری / س /ی کرمانجیی خواروو لە کرمانجیی ژووروودا بە (ص) دەوترێ .

(١١٦) لە کرمانجیی خوارووودا / ت / و لە کرمانجیی ژووروودا / گ / .

(١١٧) / ڵ / لە ناوچەی هەولێر .

(١١٨) / ر / لە ناوچەی هەولێر .

سی‌ویەکەم – ز<> ذ

زارۆڵە <> ذارۆڵە

زەلام <> ذەلام

...[١١٩]

سی‌ودووەم – س <> ث

سەر <> ثەر

سەرما <> ثەرما

...[١٢٠]

سی‌وسێیەم – ح <> ع

حاجی <> عاجی

حەمەد <> عەمەد

...[١٢١]

سی‌وچوارەم – ن <> م

بەرانبەر <> بەرامبەر

جانباز <> جامباز

سی‌وپێنجەم-ژ <> ز

ژەهر <> زەهر

...

...هتد .

٢ . بزوێن بە بزوێن

یەکەم . ێ <> ا

أ . لە وشەی ئاساییدا :

پێ <> پا

پێبەند <> پابەند

---

(١١٩) / ذ / لە ناوچەی هەورامان .

(١٢٠) / ث / لە ناوچەی هەورامان .

(١٢١) لە قەڵادزە و دەوروپشتی .

**پیٚپەتی <> پاپەتی**

**پیٚدەشت <> پادەشت**

...

**نیٚو[١٢٢] <> ناو[١٢٣]**

**نیٚوەندی >< ناوەندی**

....

**شیٚزدە <> شازدە**

...

**خیٚوەند <> خاوەند**

...

**میٚ <> ما**

...

**ڕیٚبەر <> ڕابەر**

...

**کیٚرد <> کارد**

...

**ئیٚگر <> ئاگر**

**ئیٚسن <> ئاسن**

**... هتد .**

---

(١٢٢) جۆشش و تابە لە نیٚو دیدەی گریانمدا
چ تەنتوورێکە لە تەندوورەیی طۆفانمدا
( نالی ، ل ٨٩ )
خەرقە پۆشی کەی دەپۆشیٚ جەوهەری ذاتی ئەمن
بێتە نیٚو جیلوەی ، بە زوشتی خۆی بە عوریانی دەکا
( نالی ، ل ١٠١ )

(١٢٣) بەلکە تا ئەو وەقتە مەبرووکە موبارەك جێگەیە
غەیری نووری ئەو ، نە مەه نووری لە ناوا ما ، نە ڕۆژ
( مەحوی ، ل ١٤٢ )
ئەگەر عەشقی هونەر ، وەك تۆ ، ئەی بلبل ،
لە ناو ڕەگما لەگەڵ خوێنا بدا پل ،
( گۆران ، ل ١٨١ )

تێبینی :

١. لە زووی ناوچەی سلێمانی شێوەی / ێ / پتر بەکاردەهێنرا و ، ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە / ا / پتر بەکاردەبرێ ...

٢. تا ئەمڕۆش لە ناوچەکانی سۆران و موکریان هەر / ێ / دەوترێ.

ب . لە ڕەگی کرداردا

| چاوگ | ڕەگ | | قەد |
|---|---|---|---|
| بژاردن | بژێر | <> | بژار |
| ڕژاندن | ڕژێن | <> | ڕژان |
| سووتاندن | سووتێن | <> | سووتان |
| لەرزاندن | لەرزێن | <> | لەرزان |
| ..... | | | |
| پاڵاوتن | پاڵێو | <> | پاڵاو |
| ئەنگاوتن | ئەنگێو | <> | ئەنگاو |
| ئاخاوتن | ئاخێو | <> | ئاخاو |
| ....[١٢٤] | | | |

دووەم . ێ <> ە

پێوەندی <> پەیوەندی

پێشکێش <> پێشکەش

پێچە <> پەچە

....

پێڵ <> پەل

ئێتوون <> ئەتوون

....[١٢٥]

سێیەم . ی <> ە

ئیمڕۆ <> ئەمڕۆ

---

(١٢٤) بڕوانە : شوان باراوی ، بنەمای کردار لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری ((پەیڤین)) ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ، ژ ٦ ، ل ٣٣ ـ ٣٤ .

(١٢٥) فۆرمی ( پێشکێش ؛ پێچە ؛ پێل ، ئێتوون .. ) پتر سەر بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و بەشە دیالێکتی موکریان و سۆرانن .

ئیمساڵ <> ئەمساڵ

ئەژدیها <> ئەژدەها

...

چوارەم. ا <> ە

جێگا <> جێگە

ڕێگا <> ڕێگە

بادام <> بادەم

ئاژاڵ <> ئاژەڵ

ئێستا <> ئێستە

....

پێنجەم. وو <> ی

ا. 

| کرمانجیی خواروو /وو/ | کرمانجیی ژووروو /ی/ |
|---|---|
| خاتوون | خاتین |
| خانوو | خانی |
| ئارەزوو | ئارەزی |
| پاروو | پاری |
| کولوو | کولی |

...

ب.

| کرمانجیی خواروو /ی/ | کرمانجیی ژووروو /وو/ |
|---|---|
| تیژ | تووژ |
| شیر | شوور |

....

شەشەم. ە <> i

ا.

| کرمانجیی ژووروو /ە/ | کرمانجیی خواروو /i/ |
|---|---|
| قەنج | قنج . qinc |
| چەنگ | چنگ çing |
| کەچ | کچ kiç |

....

| ب. | کرمانجیی ژووروو /i/ | | کرمانجیی خواروو /ە/ |
|---|---|---|---|
| | هل | hil | هەڵ |
| | هنەك | hinek | هەندێك |
| | در | dir | دەر |
| | دکت | dikit | دەکات |

....

ج. لە ڕەگی کرداردا

| | کرمانجیی خواروو /ە/ | کرمانجیی ژووروو /i/ | |
|---|---|---|---|
| بردن | بە | بـ | bi |
| کردن | کە | ك | ki |

...

حەوتەم – و– u <> i

| کرمانجیی ژووروو / و / | کرمانجیی خواروو / i / | |
|---|---|---|
| کورم | کرم | kirim |
| کوڕ | گڕ | gir |

...(١٢٦)

هەشتەم – وو <> ۆ

سوور <> سۆر <> صۆر

...

بووەتە > بۆتە

...(١٢٧)

(١٢٦) شایانی باسە ، د. ئەورەحمانی حاجی مارف بەشێکی زۆری ئەو بەراوردەی نێوان کرمانجیی ژووروو و خوارووی یادداشت کردووە ( بڕوانە : زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، ل ٦٤-٦٧ ) .

(١٢٧) دەنگەگۆڕکێی نموونەی یەکەم ، ئاشکرا دیارە ، کە دیاردەی بوونی زاری جیاوازە .

نموونەی دووەم تەنیا لە سلێمانی و چەند ناوچەیێکی کەمی دیدا دەبینرێ ... سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین، کە زوربەی زۆری کورد هەر /وو/ دەڵێن و زووش ناوچەی سلێمانی نەیکردووەتە /ۆ/ و تەنانەت ئەمڕۆش کەسانێکی زۆریان ئەو گۆڕانەی بەسەردا ناهێنن ... پەیدابوونی ئەو /ۆ/یە شتێکی نوێیە . ئەوەتە نالی ((بۆتە)) نالێ و دەڵێ ((بووەتە))

ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە ، یا ئەخۆ =

نۆیەم – و > ۆ

ا– عومەر > هۆمەر

...

ب – لە ڕەگی کرداردا

شوشتن – شو > شۆ

...

دەیەم – ی > یێ

لە ڕەگی کرداردا

بیستن – بی > بێ

ویستن – وی > وێ

...

یازدەیەم. ی + ی y + ە > ێ

یاری + ی y + ەکە > یارێکە

دیاری + ی y + ەکە > دیارێکە

ڕێوی + ی y + ەکە > ڕێوێکە

...

دوازدەیەم وو + و w + ە > ۆ

شاتوو + و w + ەکە > شاتۆکە

کاهوو + و w + ەکە > کاهۆکە

---

* هەر غاری یارە ، یا بووەتە غاری مار و موور

(ل ١٩٥ )

بۆ مەشقی عیشقی زولفی نیگار و نیگارشی

(نالی) لە خامەدا بووەتە شاهی طوررەنووس

(ل ٢٤٠ )

....

د. جەمال نەبەز ، کە خەلکی شاری سلێمانییە ، لە کتێبی (( زمانی یەکگرتووی کوردی ))دا ، نووسیویە : (( هاتووەتەوە )) ( ل ٥ ، د ٤) ؛ (( کەوتووەتە )) (ل ٥ ، د ٤ ) ؛ (( کردووەتە )) (ل ٦ ، د ٢ ) ... و نەینووسیوە : ( هاتۆتەوە ) ؛ ( کەوتۆتەوە ) ؛ ( کردۆتەوە ) ....

جوانوو + و W + ەکە > جوانۆکە

...

### ٣ . بزوێن و دیفتۆنگ

یەکەم . وو <> وێ

شوون <> شوێن[١٢٨]

خوون <> خێن[١٢٩]

....

دووەم . ێ <> وێ

خێ <> خوێ

خێن <> خوێن[١٣٠]

...

سێیەم . وو <> وی

ئەستوور <> ئەستویر

دوور[١٣١] <> دویر

...

---

(١٢٨) کووچە کووچە خوون چەکەی پەیکانی مژۆگانی گوڵم
بۆ شەهیدی شاهیدە دائیم کە خوێنم جارییە
(نالی ، ل ٥٨٤)

(١٢٩) ئەمڕۆ لە سلێمانی و هەندێ ناوچەی دی (( خوێن )) دەوترێ ... لە کرمانجیی ژوورو و ناوچەی سۆران و موکریانیشدا پتر (( خوون )) ... لە زووی سلێمانیدا ئەو فۆرمی (( خوون ))ە هەبووە و ئەوەتە نالی لەو بەیتەی سەرەوەدا هەردوو فۆرمەکەی بەکارهێناوە .

ئەو فۆرمی (( خوون ))ە لە زووی سلێمانیدا نەك هەر هەبووە ، بەڵکو زۆریش باو بووە ... ئەوەتە مەحوی لە شیعرەکانیدا (١٦) جار (( خوون ))ی وتووەو (١٨) جاریش خوێن .

بۆ نموونە :

وەرە دەستێ بە خوونم کە نیگارین
خوێنی من حەڵاڵت بێ ، نیگارا
(ل ٩ ، د ٨)

ڕوتبەی کەماڵە ڕۆژە ڕەشێ بۆ جگەر بە خوون
ناکامە تا کە ڕەش نەبووە خوونی خامی میسك
(ل ١٨٨ ، د ٣-٤)

...هتد .

(١٣٠) فۆرمی (( خێن )) پتر لە ناوچەی سۆران باوە.

(١٣١) لە زۆربەی ناوچەکانی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و لوڕ و کەلهوڕ ...دا فۆرمی (( ئەستویر ، دویر ... )) بەکاردێنرێ ... لە ناوچەی بابان و سۆران و موکریانیشدا دەوترێ : (( ئەستوور ، دوور ... )) .

# ـ ٥ ـ

# جێگۆڕکێی دەنگ

د. ئەحمەد موختار عومەر لەبارەی جێگۆڕکێی دەنگەوە ، نووسیویە : (( .... هەندێ جار لە نێوان دەنگە دراوسێکانی وشەیەکدا جێگۆڕکێ ڕوودەدات ، کە ئەمەش پێی دەوترێت ( هەڵگەڕانەوە ) . واتە ( العکب . Metathesis) ... هەروەها بە ( Interversion )یش ناودەبرێ . نموونەی ئەمە وتنی هەندێك وشەی وەك : ( emnity < enmity )یە ... )) [١٣٢] .

مامۆستا حەسەنی قزلجیش وای لێکداوەتەوە ، کە (( جێگۆڕکێی پیتەکانی هێندێ وشە لە هەموو زمانێکدا هەیە . وا دیارە لە هەوەڵەوە سەبارەت بە جیاوازیی ( لهجە )کان بوە . هێندێ ( لهجە ) وشەی هێندێ ( لهجە )ی دیکەی بە ( مقلوب ) بەکارهێناوە . پاشان یەکێ لەو شکڵانە لە بیرچۆتەوە ، یا هەردوکیان زۆر بڵاوبوونەتەوە ، کەوتوونەتە سەر دەم و زاری گشتی و بوونەتە دوو وشە ...)) [١٣٣]

د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، لەو وتارەیدا کە بۆ ( یەکەم کۆڕی لێکۆڵینەوەی کتێبی قوتابخانە بە زمانی کوردی ) نووسیویە ، هەندێك باسی ئەو پاش و پێش خستنەی نێوان دەنگەکانی چەند وشەیێکی کرمانجیی ژوورو و خوارووی کردووە ( ل ٩٣ ـ ٩٤ ) [١٣٤] .

د. ئەورەحمانی حاجی مارف دوای ئەوەی بەراوردێکی لە نێوان هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی کوردیدا کردووە و چەند وشەیێکی کردووەتە نموونە ، ئەوجا وتوویە : (( ئەم جێگۆڕکێیە وەنەبێ تەنیا هۆی بوونی دیالێکت و بەشە دیالێکتی جیاواز بێت ، بەڵکو زۆر جار ئەم دیاردەیە لە یەك دیالێکتدا و هەروەها لە تاکە کەسێکیشدا دەبینرێ . وەك :

چاوەڕوانی – چاوەنواڕی

---

(١٣٢) سەرچاوەی ناوبراو ، د. احمد مختار عمر ، دراسە ... ، ص ٣٢٤ .

(١٣٣) سەرچاوەی ناوبراو ، حەسەن قزلجی ، گۆڕانی پیتەکان ... ، ل١٧٦ .

(١٣٤) د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، دیالێکتەکانی زمانی کوردی و گیروگرفت و چارەسەرکردنیان ، گۆڤاری ((پەروەردە و زانست)) ، ژ ٦ ، ساڵی ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٨٥ ـ ١٠٢ .

فڕین – ڕفین

...)) (١٣٥)

سەبارەت ئەم باسە ، مامۆستا محەمەد مەعرووف نووسیویە : (( لەم دیاردەیەدا دوو دەنگ یان دوو بڕگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە . هەندیٚ جار وشەکە بە هەردوو شێوەکەی لە یەك زاردا دەبینرێن . هەندیٚ جاریش هەر شێوەی لە زارێکدا دەردەکەویٚ و بەکاردیٚ . نموونە :

١- لە نێوان دوو زاردا : تەرزە ( سلێمانی)، تەزرە ( هەولێر )

بەفر ( سلێمانی) ، بەرف (زارەکانی سەروو )

٢. لە ناو هەمان زاردا : ڕفین ، فڕین

ڕوانین ، نواڕین

...)) (١٣٦)

مامۆستا محەمەد پەنجەی بۆ ئەوەش ڕاکێشاوە ، کە (( هەندیٚ جیٚگۆڕکیٚ پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە و شێوەیەکی وشەکە مۆرکی کۆمەڵێکی تایبەتیە ، بۆ نموونە شێوەیەك لەم فۆرمانەی خوارەوە لە قسەی نەخوێندەواردا زیاتر دەردەکەون :

| خوێندەوار | نەخوێندەوار |
|---|---|
| جومعە | جوعمە |
| ڕوبع | ڕوعب |
| لەعنەت | نەعلەت )) (١٣٧) . |

بە ڕای ئێمە جێگۆڕکێی دەنگ لە زمانی کوردیدا دەشیٚ بەسەر چوار دەستەدا دابەش بکریٚ :

یەکەم . ئەوانەی بە هۆی بوونی دیالێکت و بەشە دیالێکتی جیاوازەوە سازبوون . وەك :

(١٣٥) سەرچاوەی ناوبراو ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی ... ل ٦٧

(١٣٦) سەرچاوەی ناوبراو ، زمانەوانی ، ل ١١٧ - ١١٨ .

(١٣٧) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٨

| کرمانجیی خواروو | | کرمانجیی ژووروو |
|---|---|---|
| بەفر | <> | بەرف |
| تەرزە | <> | تەزرە |
| زیخ | <> | خیز |
| جیران | <> | جینار |
| کن | <> | نك |

...

دووەم . ئەوانەی لە تاکە زارێکدا جێگۆڕکێ دەکەن

| | | |
|---|---|---|
| بڕوانە [١٣٨] | <> | بنوارە [١٣٩] |
| فڕین [١٤٠] | <> | ڕفین [١٤١] |
| جوێن | <> | جنێو |
| جگەر | <> | جەرگ |

...

سێیەم . ئەو جێگۆڕکێیانەی بە هۆی ڕادەی نزمیی ڕۆشنبیریی ئاخێوەرەوە پەیدادەبن ... ئەمانەش دوو جۆرن :

ا . لە هەندێ وشەی عەرەبیدا

جومعە <> جوعمە

ڕوبع <> ڕوعب

---

(١٣٨) بەدەم مەوجی خوێنی ئەشکەوەم ، بڕوانە چۆنم بۆت !
دەروونم کەیلی زۆخی دەرد و غەم ، بڕوانە چۆنم بۆت
(مەحوی ، ل ٧٦ )

(١٣٩) وا ظەن مەبە ڕوخسارەیی تۆ غائیبە قوربان
بنوارە چلۆن نەقشە لە نێو دیدەیی تەڕما
(نالی ، ل ١٢١ )

(١٤٠) خەلاصی بوونی قەت ناوێ ئەسیری زولفی زنجیرت
لەبەر تیرت ، مەلەك بێ هەڵفڕینی نەبوە نەخچیرت
( مەحوی ، ل ٦٦ )

(١٤١) نیگاری دیدە بازی من ئەگەر ڕاوی هەوەس بێنێ
بەعاشق دیدە دەنوێنێ ، لە نێچیری دڵ ئەڕفێنێ
( مەحوی ، ل ٣٦٥ )

لەعنەت <> نەعلەت

...

**ب . لە وشەی کوردیی ڕەسەندا**

**مێرووله <> مێلووره**

**چەوەنەر <> چەنەوەر**

**قازانج <> قانزاج ، قانجاز**

....

**چوارەم . لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا دوو دەنگی / و/ ، / ۆ / بەدوا / ی/دا نایەن ، بۆیە کورد ناچارە ، ئەو وشە بێگانانەی ( یو ) ، ( یۆ )یان تێدایە ، جێگەگۆڕکێیان پێبکات و بیانکاتە ( وێ ) . بەوێنە :**

**یوسف > وێسف**

**یونس > وێنس**

**ملیۆن > ملوێن**

**ڕادیۆ > ڕادوێ**

**تەیۆتا > تەوێتا**

**یۆنان > وێنان**[142]

...

**تێبینی:**

**١. ئەو وشانەی یەك برگەیین و پێکهاتنیان بە پێی یاسای ( CVC )یە ، وەك ( زیخ <> خیز ؛ کن <> نك ... ) دەنگی سەرەتاو کۆتاییی‌یان ، کە کۆنسۆنانتن جێدەگۆڕنەوە و ئەوی ناوەڕاستیش ، کە بزوێنە لە جێی خۆی دەمێنێتەوە .**

**٢. لە ( فرین ) و ( ڕفین )دا یەکەم دەنگ و دووەم دەنگ جێگۆڕکێیان پێکراوە ... لە وشەکانی ( جوێن ، جەرگ )دا دەنگی چوارەم هێنراوەتە جێی دووەم و هی دووەم براونەتە شوێنی دووەم و بوون بە ( جنێو ، جگەر ) .**

**٣ . لە ( جومعە <> جوعمە ) و ( روبع <> روعب ) ئاڵوگۆر بە شوێنی دەنگی سێیەم و چوارەم کراوە .**

**٤ . لە ( نەعلەت ) و ( چەنەوەر )دا (نە) پێشخراوە . لە ( مێلووره )شدا (ل) .**

---

(١٤٢) ئەمە پێوەندی بە باس وباسای نەگۆڕانیشەوە هەیە .

-٦-

# گونجان و نەگونجانی دەنگ

**١. گونجان**

**یەکەم. / رد /**

دەنگی / د / بە دوای / ر /دا زۆر دێت : برد ، کرد ، مرد ، کورد ، سارد ، دەرد ، هەرد ، وەرد ، بەرد ، گرد ، پرد ، گەردن ، ورد ، بێگەرد ، شەوگەرد ، پەردە[١٤٣] ... و تێش ناچن[١٤٤] ... واتە ناوترێ ؛ بر ، کر ، سار ، دەر ، هەر ، وەر ، بەر ، گر ، پر ، گەرن ، ور ، بێگەر ، شەوگەر ، پەرە ...

ئەمە وا نیشان دەدا ، کەدوو دەنگی ( ر ) و ( د ) حەز بە خزمایەتیی یەکدی دەکەن و یەکتر دەپارێزن[١٤٥] .

...

**دووەم. / رت /**

**/ رم /**

هەروەها دەنگی / ر / لەگەڵ دوو دەنگی / ت / و / م /دا باش دەگونجێ و گەلێ وشە هەن کە تێیاندا ئەو دەنگانە پێکەوە هاتوون . وەك :

کورت ، کەرت ، گرت ، خرت ، قۆرت ، پەرت ...

گەرم ، نەرم ، شەرم ، کرم ، درم ، یارم ...

---

(١٤٣) شان و مل و گەردنی ڕووتی بێگەرد
سنگی نەرم و ، مەمکی قوتی توند وەك بەرد
(گۆران ، ل ٤٧)
لەبەر ئەوەی بەشەرێکم زەبوونی دڵ ، هەڵبەت
حەقم بە پەردەیی شەرم و حەیام دڕی ، لام برد !
(گۆران ، ل ٧٣ )

(١٤٤) بە دەگمەن نەبێ لە چەند وشەییکی یەکجار کەمدا حاڵەتی تێچوونیشی هەیە .
وەك : زەرد > زەر ، تارد > تار

(١٤٥) مامۆستا مەسعوود محەمەد لە وتاری ( فۆنەتیك چیمان بۆبکا ) ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد )) ، بەرگی سێیەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٥٩٣ ـ ٥٩٤ و ٦٠٤ ـ ٦٠٥دا لە باسی ( گونجانی تەواو )ی دەنگەکاندا لەم دیاردەیە دواوە . د. ئەورەحمانی حاجی مارفیش لە نامیلکەی ( دیاردەکانی دەنگی (( د )) ...)دا ئەم لایەنەی گونجاندنی باس کردووە .

سێیەم. / ست /
/ شت /
دەنگی / ت / زۆر لەگەڵ / س / و / ش /دا دێت :
ماست ، دەست ، بیست ، مەست ، هەست ، ڕست ...
کوشت ، ڕشت ، مشت ، بڕشت ، هەشت ، گەشت ...
....و هەندێکی دی .

٢. نەگونجان

یەکەم. لە زمانی کوردیدا لە سەرەتای وشەدا / ر /ی لاواز نایەت و هەمیشە بە / ڕ /ی قەڵەو دەستپێدەکات .بەپێچەوانەشەوە/ ڵ /ی قەڵەو لە سەرەتادا نایەت و هەردەم لاوازە. واتە / ر / ، / ڵ / بە هیچ جۆرێك ناگونجێ لە سەرەتای وشەدا بەکاربهێنرێن [١٤٦] .

| ا. نموونە بۆ /ڕ/ی قەڵەو | ب. نموونە بۆ /ل/ی لاواز |
|---|---|
| ڕابەر | لادان |
| ڕێگا | لەرزین |
| ڕاهاتن | لێدان |
| ڕۆیشتن | لۆکە |
| ڕووناك | لانە |
| ڕەوە | لەرە |
| .... | |

دووەم. دوو دەنگی / ل / ، / ڵ / بە هیچ چەشنێك هەڵناگرن بخرێنە پێش دەنگی / ڕ /ەوە . بە پێچەوانەشەوە کورد / ر / لە پێش / ڵ /ەوە ناهێنێ [١٤٧] .

(١٤٦) د. ئەورەحمانی حاجی مارف پەنجەی بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشاوە ( بڕوانە : زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، ل ٦٣ .

(١٤٧) شایانی باسە ، مامۆستا مەسعوود محەمەد و د. ئەورەحمانی حاجی مارف لەو دیاردەیە دواون ، بەڵام لەوەدا باش نیشانیان نەپێکاوە ، کە گوایا دەنگی / ر /ش بەدوا / ل / ، / ل /دا نایەت. ئەوەتە ئەو نموونانەی خوارەوە ، کەموکورتیی بۆچوونەکەیان دەردەخا :

لرپ ، لرچە ، لرچەلرچ ، لرخ ، لرخاندن ، لرخن ، لرخە ، لرف ، لرفە ...

سێیەم. لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا / ڵ /ی قەڵەو نییە ، لەگەڵ ئەوەدا کە لە کرمانجیی خوارووداا یەکجار زۆرە

| کرمانجیی ژووروو | کرمانجیی خواروو |
| --- | --- |
| هل‌چوون | هەڵچوون |
| خال | خاڵ |
| هەڤال | هەڤاڵ |

چوارەم. لە کرمانجیی خوارووا دەنگی / ڤ / زۆر کەمە و بەپێچەوانەوە لە کرمانجیی ژوورووا یەکجار زۆرە :

| خواروو | ژووروو |
| --- | --- |
| واڵابوون | ڤالابوون |
| چاو | چاڤ |
| هاوین | هاڤین |

لە کرمانجیی خوارووا تەنیا لە چەند وشەیێکی وەك : تاڤگە ، ڤرە ، ڤنگە ، گڤە ، ...دا دەبینرێ .

پێنجەم. دەنگی / ك / ، / گ / کە دەکەونە پێش دەنگی / ێ ، ی ، وێ ، وی /یەوە شێوەی دەبڕینیان دەگۆڕێت و تا ڕادەیێك لە وتنی دەنگی / چ / ، / ج / نێزیك دەبنەوە . وەك

کێرد ، کێشە ، کێم ، گێلاس ، گێڕانەوە ، کیسە ، گیسك ، کوێ ، گوێ ، هەنگوین ...(١٤٨)

شەشەم. لە زمانی کوردیدا بە هیچ جۆرێك دەنگی / ی / لە پێش / و / ، / ۆ /وە نایەت ، بۆیە ، ئەو وشە بێگانەی ( یو ) ، (یۆ )یان تێدایە ، کورد جێگۆڕکێیان پێدەکا و دەیانکاتە ( وێ ) . بە نموونە :

| | |
| --- | --- |
| یۆنان | وێنان |
| ڕاردیۆ | ڕادوێ |
| ملیۆن | ملوێن |
| یوسف | وێسف |
| یونس | وێنس |
| تەیۆتا | تەوێتا |

....(١٤٩)

(١٤٨) دەشێ ئەم دۆخە بە (یاسای کارتێکردن )یش ناوبرێ .

(١٤٩) هەروەها بڕوانە ژمارە ( چوارەم )ی باسی یاسای جێگۆڕکێ .

# ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە

# ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە

لە ئەنجامی نیشاندانی ئەوەی چی لەبارەی (( یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی ))یەوە نووسراوە ، ئەوەمان بۆ دەرکەوت ، هەندێك لە توێژەرانی زمانی کوردی لابەلا و ناڕاستەوخۆ تا ڕادەیێك ئاوڕیان لەو بابەتە داوەتەوە . هەر یەکەیان بە گوێرەی نیاز و مەبەست و پێویستیی باسەکانیان ئاماژەیان بۆ بڕێك لەو گۆڕانکارییانە کردووە ، کە لە نێو بازنەی دیاردە جۆربەجۆرە (فۆنەتیکی ) و ( فۆنۆلۆژی )یەکانی زمانەکەماندا بەدی دەکرێ ... هەرچی لێکۆڵینەوەی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆشە لە چەند باسێکی کەم تێناپەڕێ ...

وێڕای ئەوە ، زوربەی ئەو کارانەی دەربارەی ئەم کێشەیە نووسراون سادە و ساکار و پڕ ناتەواوی و خەوشن و ، بە لای زۆر لایەنی باسەکەدا نەچوون و تیشکی ڕووناکییان ئاراستەی گەلێك ڕووی نەکردووە ... بەڵام نکۆڵی لەوەش ناکرێت ، چەند کارێك هەیە ، کە تا ڕادەیێك لەسەر بناخەی کەرەستەی باش و شێوازی زانستی بە ئەنجام گەیەنراون . گەرچی ئەو جۆرە هەوڵانە گەلێك ڕووی دیاردە دەنگییەکانیان ساخکردووەتەوە ، بەڵام هێشتا چەندین نادیاری و تەمومژ بەسەر ئەو کێشەیەی زمانەکەمانەوە هەیە و ئاشکرا نەکراون و نەڕەوێنراونەتەوە و تەنانەت هەندێ شتی زۆر دیاریش دەبینین ، کە بە هیچ چەشنێك نەخراونەتە سەر کاغەز .

ئەوجا هەڵەی ئەوتۆش بەدی دەکرێ ، کە جێی سەرسوڕمان بێ ... بەوێنە ئەوەتە نەك هەر لە سەردەمی مامۆستا تۆفیق وەهبیدا و ، نەك لە نێو کۆمەڵی ڕووناکبیرانی ئەمڕۆدا ، بەڵکو تەنانەت لە نێو بەشێکی زۆری شارەزایان و پسپۆڕانی ئێستاکەی زمانی کوردیدا تێکەڵکردنی دوو مەفهوومی ( دەنگ ) و ( پیت ) دەبینرێ . هەر لەبەر ئەوەشە هەندێ لەوانەی دەربارەی دەنگسازی و ڕێنووس کۆڵیونەتەوە دەنگ و پیتیان جیانەکردووەتەوە .

لەسەر بناغەی زانستی زمان و بۆچوون و تێگەیشتنی خۆمان (( یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی )) لە سنوور و شێوەی ئەو شەش خاڵەی خوارەوەدا دەبینینەوە :

یەکەم ـ وێکچواندنی دەنگ

دووەم ـ تێچوونی دەنگ

سێیەم ـ پەیدابوونی دەنگ

چوارەم ـ دەنگەگۆڕکێ

پێنجەم ـ جێگۆڕکێی دەنگ

شەشەم ـ گونجان و نەگونجانی دەنگ

یاسای یەکەم ـ واتە ( وێکچواندنی دەنگ ) ـ دوو جۆری هەیە : أ ـ وێکچواندنی هەمەکی ؛ ب ـ وێکچواندنی هەندەکی :

١ـ وێکچواندنی هەمەکی دوو دەنگی / د / ، / ب / لەخۆدەگرێ ، کە زۆر کاریگەر و چالاکن و بە زۆریش لە شێوەی سلێمانیدا ئەو ئەرکە بەجێ دێنن ... هەرچی دەنگی / د /ە چۆن گۆڕانی بەرەو پێشەوە سازدەکا ، بە هەمان چەشن گۆڕانی بەرەو دواشەوە رێك دەخات ... بەڵام دەنگی / ب / تەنیا لە گۆڕانی بەرەو پێشەوەدا کاردەکا .

٢ـ لە وێکچواندنی هەندەکیدا سێ دەنگی ئاوازەداری / ز / ، / ژ / ، / ب / کپ دەوترێن ، واتە دەکرێن بە / س / ، ش / ، / پ / ... بەپێچەوانەشەوە ، دوو دەنگی گپی / س / ، / ش / دەکرێنە ئاوازەدار ، واتە دەبنە / ز / ، / ژ / .

یاسای دووەم ـ تێچوونی دەنگ ـ لە سێ باردا دەبینرێتەوە :

أ ـ تێچوونی کۆنسۆنانت ، ب ـ تێچوونی بزوێن ؛ ج ـ تێچوونی بزوێن و کۆنسۆنانت پێکەوە :

١ـ شەش دەنگی کۆنسۆنانتی / د / ، / ت / ، / ب / ، / ه / ، / ك / ، / ئ / تێچوونیان زۆر بەرچاوە و بەتایبەتی سیانی یەکەمیان ـ واتە / د / ، / ت / ، / ب / . ئەمەش دەکرێ بە دیاردەی بەرەو ئاسانبوونی زمان دابنرێ ... بەڵگەی مێژوویش ئەوە دەردەخا ، کە لە زوودا تێچوونیان وەك ئێستا چالاك نەبوو .

٢ـ دەنگی بزوێنی / ە / ، / ا / ، / ێ / ، / i / بەتایبەت گەر بزوێنێکی دی بێتە پاڵیان دەشێ تێبچن ... بەڵام لایەنی تێنەچوونیشیان هەیە ، بەمەرجێك کۆنسۆنانتێك بۆ پاراستنیان بێتە نێوانەوە.

٣ ـ / ئە / کە لە کۆنسۆنانتی / ئـ / و بزوێنی / ە / پێکهاتووە ، یان / ئا / کە بریتییە لە کۆنسۆنانتی / ئـ / و / بزوێنی / ا / ، یاخود / با / کە لە کۆنسۆنانتی / ب / و بزوێنی / ا / سازبووە لە زۆر وشەدا تێدەچن.

بۆ ( یاسای پەیدابوونی دەنگ ) ـ ( پەیدابوونی کۆنسۆنانت ) و ( پەیدابونی بزوێن ) بەدی دەکرێ :

١ـ هەشت دەنگی کۆنسۆنانت هەن : / ی ـ y / ؛ / و ـ w / ؛ / د / ؛ ، هـ /؛ / ز / ؛ / ن / ؛ / جـ / ؛ / ر / کە زوربەیان لە نێوان دوو بزوێندا پەیدادەبن و لە نێوانیاندا / ی ـ y / لە هەموویان چالاکترە .

٢ـ پەیدابوونی کۆنسۆنانت چەند زۆر و چالاك و کاریگەرە ، بەپێچەوانەوە پەیدابوونی بزوێن تەنیا لە چەند دۆخێکی یەکجار کەمدا دەبینرێ ، و ئەویش بە شێوەییکی یەکجار سست ... ئەو بزوێنانەش ( / ە / ، / ۆ / ، / ێ / ) ن.

(( یاسای دەنگەگۆڕکێ )) کە لە سێ ڕووەوە بەدی دەکرێ :

( أ ـ کۆنسۆنانت بە کۆنسۆنانت ؛ ب ـ بزوێن بە بزوێن ؛ ج ـ بزوێن و دیفتۆنگ ) یەکجار فراوان و بەربڵاوە :

١ـ باری دەنگەگۆڕکێی کۆنسۆنانت بە کۆنسۆنانت لە (٣٥) خاڵدا بەدەردەکەوێ .

٢ـ گۆڕینەوەی بزوێن بە بزوێن دوازدە حاڵەتی هەیە .

٣ـ لە (٣) باریشدا بزوێن و دیفتۆنگ بەیەك دەگۆڕڕێنەوە.

٤ـ سەرجەمی دەنگەگۆڕکێ (٥٠) حاڵەت دەکا ... لەگەڵ ئەوەی بەشێکیان هۆی بەرانبەر یەکدی وەستانی دەنگە لە زاری جیاوازدا ، بەڵام زوربەیان لە تاکە زارێکیشدا دەبینرێنەوە و کاریگەرن.

(یاسای جێگۆڕکێی دەنگ ) چوار دەستە لەخۆدەگرێ :

١ـ ئەوانەی بە هۆی بوونی دیالێکت و بەشی دیالێکتی جیاوازەوە سازبوون .

٢ـ ئەو وشانەی لە تاكە زارێكدا جێگۆڕكێ دەكەن.

٣ـ ئەو جێگۆڕكێیانەی بە هۆی ڕادەی نزمیی ڕۆشنبیریی ئاخێوەرەوە پەیدا دەبن ... ئەمانیش دوو جۆرن : أ ـ لە هەندێ وشەی عەرەبیدا ؛ ب ـ لە وشەی كوردیی ڕەسەندا .

٤ـ لەبەر ئەوەی لە زمانی كوردیدا دوو دەنگی / و / ، / ۆ / بەدوا / ی /دا نایەن ، بۆیە كورد ناچارە ، ئەو وشە بێگانانەی ( یو ) ، (یۆ )یان تێدایە جێگەگۆڕكێیان پێبكات و بیانكاتە ( وێ ) .

لە ( یاسای گونجان و نەگونجانی دەنگ )دا ؛ ئەنجام وا دەگەیەنێ :

١ـ دەنگی / د / بەدوا / ر /دا زۆر دێت ... ئەمە وا نیشان دەدا ، كە ئەو دوو دەنگە حەز بە خزمایەتیی یەكدی دەكەن و یەكتر دەپارێزن .

٢ـ دەنگی / ر / لەگەڵ دوو دەنگی ( / ت / و / م / )شدا باش دەگونجێ .

٣ـ دەنگی / ت / زۆر لەگەڵ ( / س / و / ش / )دا دێت .

٤ـ لە سەرەتای وشەدا هەرگیز / ر /ی لاواز نایەت و هەمیشە بە / ڕ /ی قەڵەو دەست پێدەكات . بەپێچەوانەشەوە / ڵ /ی قەڵەو لە سەرەتادا نایەت و هەردەم لاوازە ـ واتە : / ر / ، / ڵ / بە هیچ جۆرێك ناگونجێ لە سەرەتای وشەدا بەكاربهێنرێن .

٥ ـ دوو دەنگی / ل / ، / ڵ / بە هیچ چەشنێك هەڵناگرن بخرێنە پێش دەنگی / ڕ /ەوە . بەپێچەوانەشەوە كورد / ر / لە پێش / ڵ /ەوە ناهێنێ .

٦ـ لە دیالێكتی كرمانجیی ژووروودا / ڵ /ی قەڵەو نییە ، لەگەڵ ئەوەدا كە لە كرمانجیی خوارووودا یەكجار زۆرە .

٧ـ لە كرمانجیی خوارووودا دەنگی / ڤ / زۆر كەمە و بەپێچەوانەوە لە كرمانجیی ژووروودا یەكجار زۆرە .

# نیشانەی نموونەکان

١- ( پەندی پێشینان )
پەندی پێشینان ، کۆکردنەوەی شێخ محەمەدی خالْ ، چاپی دووەم ، ١٩٧١.

٢- ( جزیری )
دیوانا مەلایێ جزیری ، تویژاندنا صادق بەهائەدین ئامێدی ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

٣- ( جگرخوین )
سەورا ئازادی ، شام ، ١٩٥٤ .

٤- ( خانی )
ئەحمەدی خانی ، مەم و زین ، ئەستەموولْ ، م . بۆز ئەرسەلان لە چاپی داوە.

٥ - ( زێوەر )
دیوانی زێوەر ، بەغدا ، ١٩٥٨.

٦- ( گۆران )
سەرجەمی بەرهەمی گۆران ، بەرگی یەکەم ، دیوانی گۆران ، محەمەدی مەلا کەریم کۆیکردووەتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە ، بەغدا ، ١٩٨٠ .

٧- ( مەحوی )
دیوانی مەحوی ، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی : مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کەریم ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

٨ - ( نالی )
دیوانی نالی ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی : مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

# سەرچاوە

# به زمانی کوردی

(١) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا ، بەغدا ، ٢٠٠٠.
(٢) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕەخنەی ناپەختە ، بەرگی یەکەم ، سلێمانی ، ١٩٩٨.
(٣) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ـ ناو ـ بەغدا، ١٩٧٩.
(٤) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەشی دووەم ـ جێناو ـ ، بەغدا ، ١٩٨٧ .
(٥) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەشی چوارەم ـ ژمارە و ئاوەلکردار ـ بەغدا ، ١٩٩٨.
(٦) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦ .
(٧) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد )) ، ب ٢٥ ـ ٢٦ ، بەغدا ، ١٩٩٤ ، ل ٦٦ ـ ٩٧ .
(٨) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد )) ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ١٦ ـ ٧٧ .

(٩) د. ئەورەحمانی حاجی مارف نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، بەغدا ، ١٩٨٦ .
(١٠) تەوفیق وەهبی ، ئەسڵی پیتە قاڵبی (( ئە ))ی شێوەی سلێمانی ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد )) ، ب ١ ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٩ ـ ٣٤ .
(١١) تەوفیق وەهبی ، خوێندەواری باو ، بەغدا ، ١٩٣٣ .
(١٢) تەوفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ .
(١٣) تەوفیق وەهبی ، زانیاری گشتیی پێشەکی ، گۆڤاری (( هیوا )) ، پاریس ، تشرینی یەکەم ، ١٩٨٣ ، ل ١٠ ـ ١٨ .
(١٤) د. جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ ، ١٩٧٦ .
(١٥) حەسەنی قزلجی ، گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر ، جێگۆڕکێی پیتەکان و سوان و تێکشکانی وشەکانی بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دێ ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد )) ، ب ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١١٨ ـ ١٨٤ .
(١٦) ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە (تێدا) ، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ)) ، ژ ٧٥ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٢٢ ـ ٢٤ .
(١٧) ڕەئووف پشدەری ، تیپ گۆڕکێی وشە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری (( ڕۆژی کوردستان )) ، ژ ٣٧ ـ ٣٨ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٨٩ ـ ٥٩ .
(١٨) شوان باراوی ، بنەمای کردار لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری (( پەیڤین )) ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ، ژ ٦ ، ل ٢١ ـ ٤٣ .
(١٩) طاهر صادق ، ڕێنووس ـ چۆنیەتی نوسینی کوردی ، کەرکوك ، ١٩٦٩ .
(٢٠) د. عەبدوڵڵا نەقشبەندی ، پاشکۆی ( درا ) ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)) ، ب ١ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١١٥ ـ ١٣٧ .
(٢١) عەلائەددین سەجادی ، ووتن و نووسین ، (( گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات )) ، ژ ، ١٨ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٦١ ـ ٦٧

(٢٢) عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، دیالێکتەکانی زمانیکوردی و گیروگرفت و چارەسەرکردنیان ، گۆڤاری ((پەروەردە و زانست )) ژ ٦ ، ساڵی ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٨٥ ـ ١٠٢ .

(٢٣) فەیسەڵ مستەفا حاجی ، لە ڕێگای یەکگرتنی شێوەکانی کوردیدا ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، بەشی یەکەم ، ژ ٥٢ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٦٠ ـ ٦٤ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٥٣ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١٢ـ ١٤ .

(٢٤) لیژنەی زمانی کوردی ، بەراوردکاریی لە نێوان زارە کوردییەکاندا ، ((گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد )) ، ب ١٠ ، بەغدا ، ١٩٨٣ ـ ٣٣٧ .

(٢٥) لیژنەی زمانی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد ، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٥ .

(٢٦) محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرتاییێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٤ .

(٢٧) د. محەمەدی مەحوی ، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردی و ڕێزمانی عارەبیی ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ .

(٢٨) محەمەد مەعرووف فەتتاح ، زمانەوانی ، هەولێر ، ١٩٩٠ .

(٢٩) محەمەد مەعرووف فەتتاح ، نووسینی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد )) ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٢٢٩ ـ ٢٦٧.

(٣٠) م. و.، کورتە باسێك دەربارەی فۆنەتیکی کوردی ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ)) ، ژ٥٨ ـ ٥٩ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٥٧ .

(٣١) مەسعوود محەمەد ، چەند حەشارگەییێکی ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(٣٢) مەسعوود محەمەد ، ڕێنووسی کۆڕ ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد )) ب ٤ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٣٢ ـ ٢٨٨ .

(٣٣) مەسعوود محەمەد ، سوورێکی خامە بە دەوری ( ڕانـاو )دا ، (( گۆڤـاری کـۆڕی زانیاری کورد )) ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٩ ـ ١٤٧ .

(٣٤) مەسعوود محەمەد ، فۆنەتیك چیمان بۆ بکا ؟ ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)) ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ٥٦٨ ـ ٦٢٠ .

(٣٥) میدیا ، ڕێژە و کات لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری (( پەیڤین )) ، ژ ٢ ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ، ل ٢٧ ـ ٤٨ .

(٣٦) میدیا ، سەرەتاییێکی زمانناسی ، (لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی ) ، سلێمانی ، ١٩٩٨ .

(٣٧) د. نەسرین فەخری ، لێکۆڵینەوەیێك دەربارەی جێگۆڕکێ و هەڵگێرانەوە و گۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردیدا ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد )) ب ١٣ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٢٦١ ـ ٢٩٣ .

(٣٨) وریا عومەر ئەمین ، پاشبەندەکان ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد )) ، ب ١٥ ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ١٨٢ـ ١٩٣ .

(٣٩) وریا عومەر ئەمین ، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی ، (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد )) ، ب ٢٠ ، بەغدا ، ١٩٨٩ ، ل ٢٣٩ ـ ٢٥٩ .

(٤٠) وریا عومەر ئەمین ، لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، ژ ١٣٨ ، بەغدا ، ١٩٩٦ ، ل ١٨ ـ ٢١ .

(٤١) وریا عومەر ئەمین ، یاسای دەرکەوتنی (( ر )) ، گۆڤاری (( ڕۆژی کوردستان)) ، ژ ٧٢ ، بەغدا ١٩٨٦ ، ١٩ ـ ٢٠.

(٤٢) وریا عومەر ئەمین ، یاساییێکی فۆنۆلۆجی ، گۆڤاری (( ڕۆژی کوردستان )) ، ژ ٦٦ ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل ٥١ ـ ٥٢ .

## نامەی ماجستێر

(٤٣) طالب حسین علی ، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێجی ئاداب ، هەولێر ، ١٩٨٩ .

(٤٤) محەمەد حسێن عەلی زەهاوی ، گیروگرفتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ( نامەی ماجستێر ) زانکۆی بەغدا ، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد ، بەغدا ، ١٩٩٩ .

### بە زمانی عەرەبی

(٤٥) د. احمد مختار عمر ، دراسة الصوت اللغوى ، جامعة الكويت ، ١٩٧٦ .

(٤٦) د. خليل ابراهيم العطية ، في البحث الصوتـــى عنـد العـرب ، بغـداد ، ١٩٨٣.

(٤٧) محمد على الخولى ، دراسات اللغوية ، الرياض ، ١٩٨٢ .

### بە زمانی ئینگلیزی

(48) Adrian Akamajan , Richard A. Demess , Ann K. Framer , Robert M. Harnish , Linguistics – (( An Introduction to language and Commination , London , 1995 .

(49) Victoria Fromkin , Robert Rodman , An Introduction to language , printed in the (( united States of America )) , 1988 .

# ملخص البحث


## القوانين الصوتية للغة الكردية

كما ان البشرية كلها متساوية من الناحية الفيزيولوجية ومتغايرة من الناحية الشخصية ،كذلك وعلى النمط نفسه ، شأن جميع لغات العالم .فهي متشابهة في سيماها العام ومع ذلك فان كل لغة تملك خصائصها وهي التي تميزها عن سواها من اللغات .أي ان لكل لغة قانونها الخاص وهي تتعامل مع الصوت والكلمة والجملة وفق ذلك القانون ، وذلك طبق النظام الذي يجري به التحدث في تلك اللغة.

وهكذا فان مهمة العالم اللغوي هي تحديد و إبراز قواعد اللغة ، ذلك ان اللغة نفسها تسير وفق نظام خاص ولها قوانينها الجاهزة المجسدة . وليست هنالك حاجة في المضمار الا إلى إلقاء الضوء على ذلك القانون .

واللغة الكردية أيضاً ، بوصفها لغة مستقلة لها هويتها المحددة ، تتعامل مع الصوت والكلمة والجملة طبقا لقانونها وخصائصها . ولذلك فاننا نرى ان من الضروري ان تكون التحقيقات التي يجريها العالم اللغوي لاكتشاف وتحديد القوانين المعرّفة للغته نابعة من أعماق تلك اللغة نفسها، ولسنا نقصد بهذا التحديد ان لا يستفيد من التحقيقات التي أجريت في اللغات الأخرى، فمن الجلي ان بإمكانه الاستفادة ليس من اللغات التي هي ولغته من عائلة لغوية واحدة او هي قريبة منها فحسب ؛ بل وحتى من اللغات البعيدة كذلك .

وفي ضوء هذه النظرة اتخذنا من نتاجات فحول الكتاب الكرد حجة لنا في عملنا واقتبستا منها النماذج المطلوبة واستفدنا من أراء وتوجهات محققي اللغة الكردية و التفتنا كذلك الى علم اللغة العام .

ومع انه جرى الاستفادة إلى حد ما من الجهود المختلفة والمتنوعة التي بذلها محققو اللغة الكردية ، في بعض وجوه وجوانب القوانين الصوتية للغتنا

الكردية ، حسب ما لكل منهم من طاقة ومقدرة في هذا المضمار ، وان مساعي العديد منهم مما يعتز بها و يهنأون عليها ، الا انه ، ومع كل ذلك ، هنالك الكثير من الوجوه غير المكتشفة المتعلقة بقواعد اللغة الكردية كما لم يميط اللثام عنها بعد وهي بحاجة ماسة للعمل المستقل . ومن هذا المنطلق اريد ان اتحدث بصورة علمية دقيقة عن القوانين الصوتية للغة الكردية ، ملقية الضوء على جوانبها المستورة .

هذه الدراسة ، تجري وفق منهج التحليل الوصفي والتأريخي ومادتها من اللهجتين الكرمانجيتين الشمالية والجنوبية .

وتحتوي الرسالة على مقدمة و قسمين وخاتمة هي الاستنتاجات التي توصلنا اليها .

المقدمة عبارة عن بحث قصير حول الدراسة نفسها والدافع لاختيار هذا الموضوع ومنهج التحليل .

القسم الأول

رأينا من الضروري في القسم الاول ان نقوم بمراجعة الأعمال السابقة وتحليلها والكشف عن نواقصها والثغرات والأخطاء التي فيها ونصححها بالاعتماد على ما توصلنا اليه بنفسنا وبمواد اللغة الكردية وحسب اراء علماء اللغة . وبعد تشخيص الجوانب الايجابية والسلبية لاي نتاج من النتاجات المشار اليها في الدراسة ، ارتأينا الاستفادة منها لصالح دراستنا واغنائها والاعمال التي تحدثنا عنها في هذا الفضل هي اعمال توفيق وهبي ، طاهر صادق ، محمد امين هوراماني ، علاء الدين سجادي ، مسعود محمد ، د . عبد الرحمن معروف ، د . جمال نبز ، رؤوف پشدري ، فيصل مصطفى حاجي ، حسن قزلجي ، رءووف احمد آلاني ، محمد معروف فتاح ، لجنة اللغة الكردية في المجمع العلمي العراقي ، د . نسرين فخري ، طالب حسين علي ، وريا عمر ،امين ، محمد حسين علي الزهاوي ، د . محمد محوي وغيرهم .

الفصل الثاني :

الفصل الثاني في هذه الرسالة تحليل وحديث وايضاحات نظرية لجميع القوانين الصوتية التي تلاحظ في اللغة الكردية ، و على هذا الاساس حددنا ستة قوانين :

١- المماثلة في الاصوات .

٢- التصحيف .

٣- ظهور الصوت .

٤- الابدال .

٥- قلب المكان .

٦- انسجام الصوت و عدمه .

ثم تحدثنا عن هذه القوانين الواحدة تلو الآخرى ، و في بداية كل قانون حاولنا مستندين على اسس علم اللغة و بالاعتماد على المصادر الانكليزية والعربية و الكردية و على آرائنا الخاصة و فهمنا ان نحلل جوهره و مفهومه . ثم تحدثنا بإسهاب و بالاعتماد على ما يكفي من مواد و مع الاتيان بالنماذج [illegible]ج العديدة ان نكشف عن وضع و حالة كل من تلك القوانين الصوتية للغة

(٥) د. ئەورەحمانی

الكردية [illegible] سها .

## الاستنتاجات :

و في استنتاجاتنا التي توصلنا اليها حاولنا ان نرسم صورة عامة لكل استنتاج من الاستنتاجات المبحوثة في قسمي الرسالة و نوضحها في نقاط محددة .

# Abstract

## "The phonetic rules in Kurdish language"

As all humanity equal from the physiological side, and different from the personal side, as well as the world's languages on the same style. They are similar in their general appearance, but in spite of that, each language has it's features that distinguishes it from the other language. That is to say, each language has it's special rule and it deals with sound, word, and sentence according to the system that we use in our conversation in this language.

And so the task of the linguistician is to identify the grammar of language and appear them, that is the language itself has it's special system and it's perfect rules. There is no need here in this respect to focus on that rule.

The Kurdish language as an independent language also, it has identified identity, it deals with the sound, word and sentence according to it's rule and it's features. For this reason we see it is necessary to be the investigators that the linguistician do to discover and identify the rules that are defined the language must come from the depths of the language itself.

We don't mean in this identification that are the investigations which are made in other languages were un useful to him, but it is obvious that he can get a help not only from the languages which are and his language belong to the same linguistic family or near to it just, but also the languages which are far from it.

From this point of view, we take our base from the writings of the greatest Kurdish writers in our task and we brow from the important samples and profit from the opinions of investigators of the Kurdish language, also we look forward to the general linguistics.

In spite of we have a profit to some extent from the different efforts that the Kurdish investigators do in the respects of phonetic rules for our Kurdish language according to their abilities in this respect and we thank them for these efforts, but in spite of all that, there are many respects that are relate with the grammar of the Kurdish language not discover yet and they are in need to discover really.

From this point of view, I want to talk about the phonetic rules for the Kurdish language in a scientific and detail way by the focus on it's imported aspects.

This study is based upon the method of descriptive and historical analysis and it's material from the north – south Kurmanj dialects.

This study contains an introduction, two sections and end that is contains the conclusions that we reached to them.

An introduction is a short research about study itself, the motive beyond choosing this subject and the method of analysis.

## The first section:

In the first section, we saw that it is necessary to make a review for the previous tasks, analyze them, search for decreases and errors in them and correct by depending upon our conclusions, the material of